

# مشتوماڵی

رەهبەر سەید برایم

2022

# مشتوماڵی

ڕەهبەر سەید برایم

سلێمانی - ٢٠٢٢

ناوی کتێب: مشتوماهی
ئامادەکردنی: ڕەهبەر سەید برایم
تایپ: سەرمەد سەڵاح سابیر
دیزاین: باوان محەمەد سدیق
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٤٢) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە

# پێڕست

پێشەکی.......................................................................٦
سامی عەودالّ: عەودالّی شیعر و نانی حەلاڵ...............................٩
هێزەر مێرسەر: ئەو گولّەی لە شاخ و بەفر هاتۆتە دەر......................... ٢٤
حەمید ڕەشاش: بەردی بنەوەی ئاش!........................................ ٣٠
مونیرەخانی جەلیزادە: (یەکەمین شەهیدی ژنی دووگیان و کۆرپەی لە باوەش)........... ٣٩
سەباحی بەکر مەلا: باخچەیەکی وەریو لە گولّ وگەلا.......................... ٤٦
تا سەردەمێکیتر، کاکە مەمێکیتر............................................... ٥٤
ئەردەلان: شەبەقی شەوەزەنگی ناو زیندان...................................... ٦٤
جەبار فەرمان: فیلەتەنی زەمان.............................................٧٠
قادر دۆشکە: قوتیلەی قەندیل و گڕی ناو بەفر................................ ٨٠
ئەگنێتا: (یەکەم گولّە پێشمەرگەی بێگانە لە یەخەی شاخ)..................... ٨٧
جەنگی فەقێیانی: کەلّەگەت بەقەد ئاوەگرد.................................... ٩٥
مامۆستا محەمەد وەستا بەکر و فەرهادی ڕاگەیاندن:دوو نۆبەرەی شەهید لە سکرتاریەت و ڕاگەیاندن...................................................... ١٠٥
ڕوانگەی ڕاوی ڕستەدا ...................................................... ١١٨
دیماهی.......................................................................١٥٢
ژیاننامەی نووسەر ............................................................. ١٥٧

# پێشەکی

ڕەهبەری سەید برایم لە خێزانێکی تێکۆشەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، تاڵی و سوێری ڕۆژگاری چەشتووە و هەر ئەم هەوراز و نشێوی ژیانەی کەسایەتی ئەوی ڕەنگ ڕێژکردووە. ئەو کەسێکی دەست و دڵ کراوە و قسە خۆش و خاسەوێژ و دەم بەشیلەبزەو شیعرە، مەجلیس ئاوەدان و دڵ گەورەیە، عاشقە کتێب و خوێنەرێکی بەسەلیقەیە، زمان پاراو و وردبینە. ژیانی پێشمەرگایەتی و گەڕان و سووڕانی زۆر و مانەوە لە گوندەکان و تێکەڵ بوون لەگەڵ کوردی زۆر بەی شار و شارۆچکەکان، فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی لە وشە و دەربڕین بۆ ڕسکاندووە، بۆیە وتارەکانی هەڵگری ڕەهەندی زمانێکی پاراو و سفت و سۆڵن. لەپاڵ ئیشی زۆری حیزبی و بەرپرسیاریەتی ئەو لایەنی ئەدەبی فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو وتارە سیاسییەکانیشی لە ڕۆحی ئەدەبی هەڵکێشاوە و بە شیعر و پەخشان و وتەی ڕازاوە هەستەکانی خۆی خستۆتە ڕوو. بەو زمانە ئەدەبییە شیرینە کەمەند کێشی بیسەران و بینەرانی کردووە، لە مەجلیس و کۆڕەکان موتوو و شەیدایانی زۆرە. لەکاتی وتاردان شارەزایە لە ئەداکردن و دەربڕینی وشەکان و بەکارهێنانی زمانی جەستە، ئەو لەگەڵ دەم و چاوەکان دەدوێ و شارەزایانە بابەتەکانی دەخاتە ڕوو. ناوبراو هەمیشە بیرۆکەی کتێبێکی نوێی لە زەین دایە. بەشێنەیی وتارەکانی خۆی دەنووسێ، دواتر ئەو دەستە وتارە لە ژێر ناونیشانێك دەقەبەری دەکات و کاڵای بەباڵادادەبڕێت و ڕادەستی کاروانی ئەدەبی کوردی دەکات. شێوازی نووسینەکانی ئاوێتەی سەجعن، پەخشانی سەرواداری کردۆتە ڕووگەی خۆی و هەست و سۆزی خۆی لەوێوە دەردەبڕێ. پەخشانەکانی بە وتەی گەورەزانایان و بەشیعری جوان دەڕازێنێتەوە. وەك ملوانکەی مرواری دەیانهۆنێتەوە. وتارەکانی مامناوەندی و درێژن، بەڵام لە جوانی سەرڕێژن. بۆیە بە تاسووقەوە گوێی لێدەگرن، هەم چێژ هەم بەهرەی لێوەردەگرن. وەك چۆن باخێکی پڕگوڵ و سەوزایی و تەڕ و پاراو پڕ دەبێ لە پەپوولەو هەنگ، بەو پێ و دانەش بینەر لەکاتی بیستنی پەخشانە وتارەکانی زەین و سەرنجیان پەپوولە ئاسا ئاوێتەی شیلەی وتە شیرینەکانی دەبن. چەك و قەڵەمی پێکەوە هەڵگرتووە، لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بووە.

لە کتێبەکانیدا هەندێك وتاری لەڕووی بیرۆکەی سیاسییەوە ڕەنگە بەدڵی من و دەیان کەسی تر نەبن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بیری میانڕەوی و جوانی و ئاشتەوایی و مرۆڤ دۆستی بەشێکی بەرچاوی پەخشانە وتارەکانی لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تر گرتۆتەوە، بۆیە خۆیان لە دیواری دڵی خوێنەران دەسوون.

ناونیشان وەکو چەترێك وایە کە بابەتەکانی لەژێر کۆدەبنەوە، یان وەك دەڵێن: ناونیشان وەکو سەر وایە بۆ جەستە. بەو پێودانە ناونیشان سەرە، نووسینەکانی دووتوێی کتێبەکە جەستەیە. ئەمڕۆ ناونیشان بە لای خوێنەر و ڕەخنەکاران جێی سەرنجێکی زۆرە. ناوبراو ناونیشانی بەکارنەهاتوو دەکاتە ناونیشانی کتێبەکانی، لەوانە: کرِدار، شیشۆق، خرچان...مشتوماهی ناونیشانی ئەم کتێبەیە، خۆی لە پێکهاتەی خەنجەرەوە وەرگیراوە. مشتو: دەسکی خەنجەرە. ماهی: زۆر مانا دەبەخشێ، بەڵام لێرەدا، واتای جەوهەر دەبەخشێ. واتا تیخی خەنجەرێکی جەوهەردار. بەمەش نووسەر سوودی لە کەلەپووری میللی وەرگرتووە و دوو پێکهاتەی سەرەکی خەنجەری کردووە بە ناونیشانی کتێبەکەی، کە لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە،(مشتو+ماهی) کە هەر وشەیەك لە دوو بڕگە پێکهاتووە و مۆسیقایەکی هاوکێشی لە کورتە ناونیشانێك خستۆتە ڕوو. ئەم جۆرە ناونیشانانەش بۆکتێب بەکار نەهاتوون، زۆر گونجاوە بە بچوکی لەژێر ناونیشانە سەرەکییەکە کە (مشتوماهی)یە، بنووسرێ: کۆمەڵێ پەخشانە وتار، بۆئەوەی خوێنەر لەسەرەتاوە بە جۆری ژانرە ئەدەبییەکە ئاشنا بێت.

ناوەڕۆکی کتێبەکە لە (١٢)بابەت پێکهاتووە، زۆربەشیان پێشتر لە ژێر ناونیشانی گۆشەی مشتوماهی لە گۆڤاری کەکۆن بڵاو بوونەتەوە. ناونیشانی زۆربەی بابەتەکان مۆسیقادارن لەوانە: سامی عەودال، عەودالی شیعر و نانی حەڵاڵ. حەمید ڕەشاش، بەردی بنەوەی ئاش. تاسەردەمێکی تر، کاکەمەمێکی تر. ئەردەلان، شەبەقی شەوە زەنگی ناوزیندان. ئەم جۆرە دەربڕینانە چێژبەخش و سەرنج ڕاکێشن.

هەموو وتارەکانیش بە بەرگێکی ناسك و جوانی ئەدەبی پۆشراون و بە وێنەی شیعری ڕازاندراونەتەوە، بۆ جوانکاری خەیاڵی ئاوێتەی کەتوار کردووە و بەهەست و نەستێکی عاشقانە و بەسۆزێکی بەکوڵ بابەتەکانی خستۆتە ڕوو. سۆز پێکهاتەیەکی سەرەکی نێو دەقی ئەدەبییە، دەقی ئەدەبی تا چەند سۆزی بەهێز بێت، ئەوەندە زۆرتر دەچێتە ناخی دڵەوە. سۆز پردێکی بەهێزە لەنێوان دەق و خوێنەردا، شێرکۆ بێکەس دەڵێ: ((دەقی

بێسۆز وەك پردێكی ڕووخاو وایە)). ڕەهبەری سەید برایم وتەكانی تێهەڵكێشی وتەی فەیلەسوف و زاناو دانایان كردووە، ئاوڕێكی جدی لە پەندی پێشینان و ئیدۆمی كوردی داوەتەوەو كردوویە بە بنەوانگەی خۆی، تەنانەت لە زۆر شوێن بۆخۆی پەندی داناوە، لەوانە:

بستە باڵا لەسەر شاخیش ڕاوەستابێ، بەژن و باڵای وەك خۆیەتی. ئەوەی دڕك دەخاتە سەر ڕێ، نابێ بە پێخواستی بگەڕێ. دەرگایەك دامەخە، كە نەتوانی بیكەیتەوە. لەش دەرزێ لەبن گڵ، بەڵام لەسەری سەوز دەبێ گیاو و گوڵ. ئەوەی بەكوێری لەدایك دەبێ، بڕواناكا ڕووناكی هەبێ...

وتارەكانی جگە لەوێنەی شیعری، چندراون بە مۆسیقا، بۆیە دەچنە خانەی پەخشانی سەروادار، بەكارهێنانی چووتە وشەی سەروادار بەتەك یەكەوە لە زۆر شوێن ڕەونەقی بە وتارەكان بەخشیوە، لەوانە: گوڕتر سوڕتر، زەوق و ڕەونەق، گژوگیا و گوڵ و گەڵا، شەرەف و شۆڕش، قاف و تەواف، ڕاستی و درووستی، شەڕ و شۆڕش، خاراوی خەبات، وێژەومێژوو، سەلك و پەلك، جۆش و خرۆش، شاخ و شەوەزەنگ... زۆر جار سێ وشەشی بەتەك یەكەوە داناوە وەك: ناز و ڕاز و نیاز.لەسەر شەمۆڵ شنە و شاتان... لە زۆر شوێنی نێو وتارەكان ڕستەی مۆسیقادار دەبینین وەك: كاسب كار و بەكار و سەرقاڵ، بۆدابین كردنی بژێوی و نانی حەڵاڵ...وەك دەبینین كۆتایی ڕستەكان بە گوتەی (سەرقاڵ . حەڵاڵ) قوفڵ دراون، هەریەك لە وشەكانی: كاسب، كار، بەكار، مۆسیقای ناوەكی بە ڕستەكان بەخشیوە. چاوبەچاو لە گەڵ وتارەكان بڕۆیی وەك تەونی بەنەخشی چندراو، وردەكاری و هونەركاری وێنەكاری دەبینی. وەك دارستانی خوردەڵێن تا لەناویا بگەڕێی شتی نوێ دەدۆزیتەوە. ناوبراو لەدوای هەر وتارێك بۆ خستنە ڕووی وشە كەم بەكارهاتووەكان فەرهەنگۆكێكی داناوە، چونكە لە هەر وتارێكیدا هەست بە نوێبوونەوەی زمانەكەی دەكرێ، لە وشە و داڕشتن و مۆسیقا و وێنەی هونەری.

خوازیارم هەمیشە شنگی هەبێت و بەردەوام بێت لە پەیجوور و نووسینەوەی هەست و سۆز و ناخە پاكەكەی...هیوای لەشساغی بۆ بەئاوات دەخوازم.

**د. هاوژین سڵێوە**



# سامی عەوداڵ:
# عەوداڵی شیعر و نانی حەڵاڵ

## شیعر پێناسە ناکرێ:

شیعر نایاب بێ، ماڵی نابێ، وەك مێشە خاکی و هەنگی کەژێ، شەپەتووکەکەی باشترین هەنگوینە چونکە شلە و شیلە گوڵانی سروشت دەمژێ، شیرینەیەکەی شیفا و تامی تایبەت و جیاوازە، ڕەسەن و دەگمەن و دەوای دەردانە بەو ئەندازە، هەنگی کەژ لەناو قلیشی شاخ و کونە دار و بەرد نەبێ کوورە و شانە ناکا، ڕەنگی خۆڵەمێشیە هەنگوینەکەی سپی و پاك و چاکە لە ماکا، شاعیر دەبێ هەنگی کەژ بێ، دەنگی گەل و ڕەنگی گەش بێ، شیعر بەهرە و هونەرە، وشەی گەوهەر و ئاگری تەڕە، شیعر شێوە و ناوەڕۆك و کێش و ریتم و ئەفسانە و ئەندێشەیە، پێناسەی خۆی نەدیتیەوە لە بۆتەی ئەو کێشەیە، شیعری شیعر کۆت و بەند ناکرێ و نامرێ، لە چوار چێوەیەکی دیاریکراو و داخراو داناندرێ، شیعر جەوهەر و گەوهەری زمانە، ڕەسەنترین منداڵە و نموونەی داهێنانە، شیعر سەنگەری بەرگری کردنە لە زمانی نەتەوەیی و مرۆیی، بە وتەی (کازانتزاکی) شیعر ئەو خوێیە ناهێڵێ جیهان بۆگەن بکا بچێ بە فیڕۆیی، گوشراوترین و چڕترین شێوەی هونەر و وێژەییە، بە کەمترین وشە دەردەبڕێت و کورتبێژییە، فرە مەودا و پڕ لە بۆچوون، پێویستە بە جیهانبینین و تێگەیشتنی قووڵ

هەیە بۆ بوون و گەردوون، شیعر ناسنامەی کولتووری نەتەوەییە، پاراستنی زمانی دایك و ئەو کاریتە پتەوەیە.

## دۆسیەی شاعیر:

سامی عەوداڵ سیما و سیمبوڵی کاسبی و برسییەتی و هەژاری بوو، ڕێبواری تیشکی هەتاوی ڕزگاری و ڕامیاری بوو، ناوی (مەلا حسێنی بابە ڕەسووڵ)ە لە ساڵی ١٩١٠ هاتۆتە ناو ژیان و کەوتۆتە جوولە، لە شارەکەی کۆیە لە گەڕەکی بایز ئاغا، لە تەکیەی عەوداڵان لەو پشت و وەجاغا، خۆی لە هۆزی لەکە، گەرچی کوردیەکە، ئەو بە دەستومەچەك، خۆی داوە لە محەك:



پێشکەشکردنی پەخشانە وتار لەسەر شاعیری چاوساوەکان سامی عەوداڵ
٢٠٢٢/٣/٢٩- کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە

منیش کـــــــــوردێکم عەشیرەتی لەك
نەیۆنانیم و نـــــــــەڕۆم و ترکەشم
شاعیرێکی کـــــــــورد لەقەبم سامی
میراتگرێکی خـــــــــاڵ و سینەشم
لە نۆسەت و دەی بووم لە داکی خـــــــۆم
لەناو شاری کـــــــۆیە بۆیە خەڵکی کۆم

تەکیەی مام خەلیفە جاران ناوی تەکیەی عەوداڵان بووە، سامی پاڵەوانی ئەفسانەی کورد و کوڕی نەریمان بووە، بۆیە کردی بە نازناو، هەر بەو ناوە ناسراو، بۆ بەدبەختی بەتەمەنی (٧) ساڵی باوکی مردووە، (گوڵێ)ی دایکی بە تەشی ڕێسی و کوورەی حەمام سوتاندن و ساوەر هاڕین بەخێوی کردووە، هەرچەند دایکی مێرد دەکاتەوە بە مامی (خەلیفە نەجمەدین) وەك پێویست نەبووە لەگەڵیان نەکەوتوونەتە گوشادی و گوڵچنین.

## وێڵی کار:

بە نۆ ساڵی دەبێتە شاگرد کەوش دروو، بەشەو دەخوێنێ بە ڕۆژ خۆی دەژێنێ کەساس و ماندوو، باوکی شاعیر و عەودالی ئاین بووین بنەماڵەکەیان، کەچی ئەو عەودالی نانی حەلال و نا هەموار ماڵ و حاڵەکەیان، لەگەڵ (وردی) چونەتە سیکەنە و سەرخان، عەودال و ورد بووین بۆ کاسبی و بژێوی ژیان:

به بیرت نـــــایێ ساڵی کەتیران
له شـــاخی نێوان عێراق و ئێران
لەناو کۆچەری مەنگوڕ و ئاکـــــۆ
هەندێ جار له ناومامش و پیران

****

گەڕاوە بۆ کار چۆتە هەلگۆشی، پێیخۆش بووە بەس زگی هەڵنەگووشی:

چەند خۆشە لـــە هەڵگۆشی
دانیشی بە دڵـــــــــخۆشی
تەماشای شــــــاخ و کانی
کـــــــــابانی مەڕ دەدۆشی

****

هەر لە پێناوی نان بەدەست بهێنێ، بۆ ئیش چۆتە بیتوێنێ، تازە و نەجەوان، خەون ئەرخەوان:

خۆم و بەخت و نــــــــــــاوچەوان
ساڵێ بـــــــــــــووم بە توتنەوان
بارمان کـــــــــــــرد بۆ بیتوێنێ
یاخوا کـــــــــــــافر نەیبینێ
هەڵمـــــــــــــــاندا خێوەتی گووش
چوینە ژێری وەکـــــــــو قووش
لەناو خۆشی و لـــــــــەناو هەوەس
چوینە نـــــــــــاو مێش و مەگەس

بۆڵە بۆڵی مـــــــــــام کووخا

چا بوو خوا وای کـــــــــرد ڕووخا

دە فەردەمـــــــــــان تووتن کرد

نـــــــــــازانم کێ بۆ خۆی برد

چووم بۆ لای تووجـــــــــاری

دەیگـــــــــووت هێشتا قەرزاری

****




٢٩/٣/٢٠٢٢-کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە

مەراسیمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری سامی عەوداڵ لە ڕاستەوە: دیاری وەستا عەزیز-م.عەبدوڵڵا حەسەنزادە-رەهبەر سەید برایم-ئەبوزێد ساڵح-فاروق عەلی مەولود-ئارام ساڵح

ساڵی ١٩٤٢، دەگەڕا و ماندوو، نەیدەزانی بۆ کوێ بچی، چ بکا چی، ناچار لە (تەق تەق) بۆتە چایەچی، لەوێ سێ ساڵی ڕەبەق، لە کونجێکی ڕۆح گۆڕستان دەژی بێ زەوق و ڕەونەق.

لانێکم نەبوو ئەمن وا کەوتوومە لـــــــە تەق تەق

ئینسانی من بوو بە چی؟ ئەم بێ قیمەتی لەق لەق

****

لە بێزاری و نەبوونی ژیانی پڕ ژان و ئاڵۆز، کاری جۆرا و جۆر دەکا دەبێتە پینەدۆز، لە ساڵی هەزار و نۆسەت و پەنجا، لە کۆیە دەڕوا و لەوێ بۆی نەگونجا، خۆی گووتەنی

رووت و قووتم چۆن نەگریم ڕوو سیاە و ڕەنجەڕۆم:

فەقیر و دڵ حەزینم بۆ هەژاریم خـــــــــــــەم دەخۆم
ڕووت و برسی و دەردەدارمساڵی جـــــــاریٚ خۆم دەشۆم
سابوونم گڵە حەمامم دەچمە نـــــــــــــاو مزگەوتەوە
هەر بە نینۆك پارە پارە و شەقشەقم کـــــــرد قەلبی خۆم
خۆم بسوتێنم بە سووتـان با بسووتێم چـــــــــــاترە
لـــــــــەو ژیانەی وا بە تەنگی حەسرەتی یەك نـانە جۆم
ڕایەخم ئەرز و سەرینە پێخەف و چەترم سەمـــــــــــا
بیٚ ڕیٚ و جیٚ دڵ حەزین و بیٚ دەر و دێوانە خـــــــــۆم
ڕۆژ و شەو دەرد و فیراق و دەست لـــــەسەر دەستی بەتاڵ
خۆ ئەرز زۆر و فەراحە من لـــــــــــــە کۆییٚ بۆ نەڕۆم
پڕ دڵـــــــــــــم دەرد و مەراقە ئەو مەراقە و پیٚ بڵێم
لێم گەڕێن توخوا ڕەفیقان کوشتەیی حـــــــاجی سەگۆم
غەدری مامە زاڵمەکانم داخی وان سەربـــــــــــارییە
زوڵمی وا کەی ئەو تەریقەی بۆ دەدەی هەی مـــامی خۆم
هەژاری و دەردەداری تاکەی دەنۆشی (ســـــــــامی)یە
تۆ فەقیر و بیٚ مەکـــــــــــانی قەت مەڵیٚ من خەڵقی کۆم

****

لە داخی مامەکانی، بە سویٚ بووە زامەکانی، کۆیەی بەجیٚ هێشتووە، داخی دڵی هەڵڕشتووە، بەو مەرامە، ئەو ورامە:

ئۆباڵم بە ملت یاڕەبی مـــــامە
ئەوا بۆپۆشیت جوبە و عەمـامە
ئەمن دەتناسم خەڵقی نـــازانیٚ
لە خەڵقی وا بی مرشیدی شـامە

****

سامی عەودالْ، باخەڵ خاڵی و زگ بەتاڵ، عەوداڵی نانی حەڵاڵ، گەڕان بە دوای زادی پاك و سپی، دەست و پێ سپی نەبوو بۆ كار و كاسبی، وەكو باڵندەی كۆچەری، گەڕاوە لەو سەر بۆ ئەو سەری، دەیویست بە مەردی نان پەیدا بكا گەر لە بن بەردان بێ:

**ڕسقەكی لەبن دەستی عەبدان بێ**

**یارەبی خـــوایە هەر بە سندان بێ**

****

## كایەی ڕامیاری:



سامی عەودالْ

بە هۆی هەژاری و هۆشیاری، هاتۆتە ناو كایەی ڕامیاری، لەگەڵ چەپ و چەوساوەكان و ماف خوراوەكان بووە، پەیوەندی بە جوڵانەوەی سیاسی و ئاگاداری گۆڕانكاری و ڕووداوەكان بووە، نزیك لە گرووپی بەلشەفیك و كۆمەڵەی منەوەران و داركەران و حزبی هیوا و دوایی پەیوەندی كردووە بە حزبی شیوعی عێراق، بەڵكو لە بەهاری تەمەن گەشببێتەوە وەكو گوڵە مێلاق، سەرەنجام وازی لێی هێناون و پچڕاوە نەیویستووە ببێ بە مەقاش:

**چەرخی زەمانە لە من بوو بە قاش**

**هاڕیمی وەكو تێچینی بــــــاراش**

**منی دابڕاند لە خۆشی و ژیـــــان**

**لە هاوڕێیانی هـــــاوبیر و وەلاش**

****

بەو پەڕی باوەڕەوە دەبێ شێرمەردان و گیانفیداكارانی نیشتمان لێی تێ بگەن:

**قەلبی من گەر چەشنی لالە بێت و نـــــــــــەوتی تێبكەن**

**ئاگری دوژمن بێتە گیانم وەك چـــــــــــرا من پێ بكەن**

**شەقشەقی كەن گۆشت و ئێسقان یەك بە یەك خوێی تێبكەن**

بێ ترسی من دێمە مەیدان حوکمە ئـــــــــــازادیم دەوێ
گـــــــــەر نەسوتێم و نەخنکێم چۆن هەژارم سەرکەوێ

****

دەچمە ناو جەرگی هەژاران شان بە شانی وەك برا
ڕۆح و لاشەم ئیش نەکا بۆ میللەتێکی حەق خـــورا
بەو شەوی ترس و تاریك من نەسوتێم وەك چــرا
کۆمەڵی داماوی هەژاران چـــۆن دەبینن بچنە پێش
لێم گەڕێن با بسووتێم ببمە خـــــاك و خۆڵەمێش

****

ببمە خاك و خۆڵەمێش با تا هەژارم پێبگا
با بسووتێم بەڵکو گەنج و لاوەکـــانم تێبگا
بێتە مەیدان خوێن بڕێژێ تـــا حەقی پێبگا

## گەوهەری شیعری (قەلبی من):

شیعری( قەلبی من) بۆتە سومبوڵ و پێناسەی سامی عەودالی، گوایە گەوهەری ڕۆحی ئەو شیعرە هی خۆیەتی بیرۆکە و خەیالی، بەڵام گومان و بۆچوون هەیە کە هی شاعیری ناوداری تورك ( نازم حیکمەت) بووبێ، بابەتێکی باسخوازە و شاعیر و وەرگێڕێك بەجۆرێك کە بۆی چووبێ، کە دەقی ئەو شیعرەی نازم حیکمەتی کە وەرگێڕاوە، لە ناوەرۆك پێك دەچن دەڵێی لە یەکتر وەرگیراوە، ئەویش (شێخ ئەنوەری سەید ئەحمەدی حوسێنییە، بە نازناوی شێخ ئەنوەری بەرزنجی و دەروێش)، کە وەك ڕستە و وشە لێك نزیکن کردوویەتی بە کوردی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش:

لێم گەڕێن من با بسووتێم ببمە خــــــاك و خۆڵەمێش
من نەسووتێم، تۆ نەسووتێی کێ قوتار کا قەوم و خۆیش
ڕێگەمان تاریکە بـــــــــا هەڵکەین چرایێکی لە پێش
چـــــــــاوی میللەت گڕ بسێنێ تا بچێژین تامی ئێش
تا بە گڵپەی ئێمە هــــــەرکەس ڕێ ببینێ و بچتە پێش

## وشەی فرە مانا:

سامی عەودالّ، گیشەی وشەی زێڕە بە مسقالّ، زێڕ لە ناو زەوی خاك و خۆلّ و خاشاكا، لە بۆتە و محەك نەدرێ چ نرخ ناكا، لە دەریای شیعر بایەخی داوە بە ڕەوانبێژی و ڕەگەزدۆزی، وشەی بەكارهێناوە وەكو یەكن دوو مانادەبەخشن نەختێ بە ئالۆزی، هەروەك دێرە شیعرەكانی پڕ لە جوانییە:

فرمێسكی چاوم وەكوو (كــانی)یە
وەك گەنمی سوورە وەكوو (كا)نییە

❊❊❊

گەر چلّكن نەبی لاشەت ناخورێ
زەنگینیش نەبی مالّت نــاخورێ

❊❊❊

چونكە لە جوانی خاوەن (سەرمایە)ی
ئارەقە دەكەی وا بەو (سەرمــا)یەی

❊❊❊

ئاغای ئەسپێكی هەیە، ئەوا سواری ( ئەسپ) ێ یە
ئێمە هەزاران كیچ و پڕ مالّمان ( ئەسپێ)یــــــە

❊❊❊

بێگانە بۆ پێشكەوتن لە هــاتوچۆی (مانگ)ایە
كوردیش تا ئێستا باری لەسەر پشتی (مانگا)یە

❊❊❊

پارە پەیا كەی بە هێز و عــــارەق
ئەگەر شێت نەبی نایدەی بە عارەق

❊❊❊

ئەمن نــــــــازانم بپرسن لە( با)
بۆخۆی دەزانێ لــــــەبۆ كێم (دەبا)

نەتـــــان دەزانی بپرسن دەبـــــــا
عەمرم سەت ساڵە سەت خۆزیا (دە)با

***

لە شێتان وابێ، هەروەك ( پاشا)ن
هەر چییەك بكەن نـــانۆڕنەپاشان

***

بەینێکی زۆرە لەو دەرد و ( داخ)ەم
دەمی خەڵك خۆ دەرگـا نییە داخەم

***

بۆ داڵغەت داوە لە زوڵف و ( خاڵ) ی
بیسمیلا نابێ لـــــــە سفرەی خاڵی

***

هەرچی زانای برسی بوو میللەتی کەر پەرستە
پێویستە زۆر بزانن ڕێکخستن کـــــــەرستە

## مەکۆی دوکانەکەی:

دوکان و دەزگا پینە دۆزییەکەی کراوە و مەکۆ و لقی نووسەران بووە، یانەی ڕەوشنبیری و جێی گەنجان و کۆنە سیاسی و تێکۆشەران بووە، لە بواری ڕامیاری و ڕووناکبیری و ئەدەب و هونەر گەرم بووە گڕوتینی، لەو ڕەوتە، لەو جێگایە خەڵکی جۆرا و جۆری دەبینی، بۆیە کەوتۆتە بەر بەرکەوتە:

دوکـــــــانەکەی من وەکو مزگەوتە
هەندێ دێتەلام زۆر خـــــوار و چەوتە
چەند کەسانیش دێن، بە ئاوێنەی ڕۆژ
بۆ چرای تاریکیم وەك ئـــاگر و نەوتە

****

دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە نیگەرانی دەردەبڕێ بە نیاز و ڕاز و سۆز:

عەقڵ گەلەك بـاشترە لە داك و بابی دڵسۆز
هەرچی ئەقڵ بزركا، دەبتە شوان و پینە دۆز
شێتە خۆهەڵكێشـان خەنجەری پیاوی ترِ قۆز

****

مشتە لە مست و لەناو چەرم و قرێژ، كەوشی دەنەخشاند بزمار ڕێژ، پێڵاوی چادەكردەوە بە دوورمان و تەقەڵان، پینەی دەدۆزیەوە بەڵام ڕێزی لە تۆقەڵان، چەند لە لێژی ژیان و لەنزمایی ژیابێ لە ئاستی بژێو، لەكن دوڕناسان هەر لە بەرزایی دابووە لە لوتكەی كێو.

## حەكیمی زەمانە:

خووی دابووە بەر ملی، كاری پزیشكی میللی، بە دەرمانی خۆماڵی بۆ نەخۆش و دەردەداران، لە گژوگیا و گوڵ و گەڵای داران، لە چاندن و كشتوكاڵ و بە ئەزمون و دەگمەن:

موتربە بكرێ (خۆخ) لە دارەبەن
خۆخی وا دەدا گەورە لە دیمەن
وەكو گندۆران زەرد و زل دەبێ
قازانجی دەبێ بە درێژی زەمەن

ڕای وابووە كەوا (باوی) و جاترە، بۆ چارەی (شێرپەنجە) لە زۆر دەرمانان چاترە، تێكەڵ بكرێ بە كوڵاوی:

جاترە بكوڵێنە تـــــــــاوەك دۆشاوی
پەیت دەبێتن، هەندێكیش بــــــــاوی
لەگەڵ تێكەڵ كە، لە پاش نانخواردن
ڕۆژێ مراكێك بچتە هەنـــــــــــاوی

پێی وابوو نەخۆشی پێی چاك دەبێتەوە بە تەواوی، هەروەك حەكیمی زەمانە:

ئاوی جاترە هەندە دەرمـــانە
لە بۆ ئیلتیهاب وەكو لوقمانە

❊❊❊❊

کاری باخەوانی کردۆتە هونەر:

**بە تێکۆشان و زانین داری بێ بەر دێتە بــــەر**
**هەروەکو تووی زڕەتوو شاتوویان خستۆتە سەر**

❊❊❊

دەربارەی چارەی تووک هەڵوەران:

**تووتن بخە ئاو هەتا سێ ڕۆژان**
**بمنێتەوە پاشان زۆر جـــــوان**
**بیکووشە ئـــاوەکەی بشۆ لێبدە**
**تووکی دێتەوە هەروەکو پێشان**

❊❊❊❊

دوکانەکەی جگە لە فێرگەی خوێنەر خوێندەواران، نۆڕینگە بووە بۆ ناساغ و بریندارانی،

**توو ڕەزەی بەهاران، لـــــە بۆ هەناسە سواران**
**هەتا حەوت ڕۆژان بیخوا هەموو ڕۆژ سێ جاران**
**نــابێ هیچ ترشیش بخوا هەتا مانگێك دەڕواتن**
**هەینی زەریف چادەبێ دێتەوە ڕیزی جـــــاران**

❊❊❊❊

وێرای ئەوەش، پەند و ئامۆژگاری کردووە پێشکەش:

**ماڵی گەش بۆ ڕۆژی ڕەش**
**بۆ خواردن و ساغی لـەش**
**بۆ ئــــــەو دوو شتە نەبێ**
**دەبتە میرات و بەش بەش**

❊❊❊❊

## هەژاری و بەهاری:

سامی عەوداڵ، کرێچی بێ ماڵ، ناخی پڕ زوخاڵ، هەر لەسەر نەهامەتی و هەژاری، ساڵی ١٩٧٠ عەلی سلێمان بەهاری، کرا بە قایمقانی کۆیە لە دوای (١١)ی ئازاری، دەستی کرد بە توند و تیژی و گۆڕانکاری، پێشکێش دەکاتن بۆی سکالا و داواکاری، بەڵکو بکرێ بە بایع رزگار بێ لە نەداری، کەچی وەك پێویست ناگاتە بانگ و هاواری، بۆیە بە شیعر بەسەری دادەباری:

عەلی سلێمان بەهـــــــاری
لە ناو بازارِا هـــــــــاری
گوێبگرە لە حــــــاڵی من
خـــــــوایە نەیبنێ دوژمن
بێ ســـــــامان و مەعاشم
بێ مـــــــار و بێ وەڵاشم
باخەڵ بەتاڵ قەلـــــــۆشم
تـــــاڵی و سوێری دەنۆشم
ئەگەر نەمکەی بە بـــــایع
عومرم دەڕوا بــــــە زایع

****

دوایی قایمقام جێبەجێ دەکا داواکاریەکەی، تاڕادەیەك دەکا چارەسەری برسیەتی و نەدارییەکەی، بۆیە شیعرێکی دیکەی بۆ دەکاتە پاداشت و دیاری:

عەلی سلێمان بەهــــــــــاری
زۆر عــــــــــەزیم و ڕێزداری
بەو بەخشیشەت بۆ ســــــــامی
قوتار بوو لــــــــــە هەژاری
گـــــەر برسی نەبم بۆچی وادەکەم
بەرخ و مەڕ لێکدی تەوەللا دەکەم

*****

## تەواف و مەرگ:



پەیکەری سامی عەودالْ
کە لەلایەن هاوڕێیانی شەوڕۆ دورستکرا

دوکانەکەی نزیك بوو لە پەیکەری حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لێی ببوە کێوی قاف، هەموو ئێواران، چەند جاران، بەدەوری پەیکەرەکەی دەخولایەوە بە تەواف.

سامی عەودالْ، وەك کانیەکی سازگار و زوڵاڵ، قوڵپە قوڵپ هەر هەڵقولاوە، بە هەزاران دێرە شیعری داناوە، وەك جۆگەلە هەڵدەڕژا، لە ناو دەروونێکی پاکژا، بەمانای وشە شاعیر بووە سامی عەودالْ، بەڵام بێ بەش نەبووە لە شیعری سادە و لاواز و کرچ و کاڵ، نە گوڵزار بێ دڕك دەبێ نە باخچە بێ گیا، دیوانی شیعریش هەموو جوان نابێ ڕەنگا و ڕەنگ و سیا، شیعر مۆزیك و سەمای وشەیە نابێ زمانی ئاخافتن و وتەی ئاسایی بێ، باڵاترین ئامرازی دەربڕینی سۆز و هزرە دەبی بمێنێ نابێ کۆتایی بێ، گەرچی تا ئەو چرکە ساتەی دەمری، ووشك نەبووە کانی شیعری، ئاخر بە کام لۆژیك و بیردۆز، شاعیر برسی بێ و پینە دۆز، خەزێنەی شیعری پڕبێ، هەناوی ئاگر و گڕبێ، شاعیر، (موو) شیر، ریشەکەی پڕ بوو لە بەهای ڕۆح و زام و زویری، ژان و هەژاری بوو هەر لە شیری هەتا پیری، ردێنی زووری، زۆری داخ و ناسووری، هەژاری هەژەندێك بوو لە ناخی، بۆنسوێ لێ دەهات هەناسە و ئاخی، بە دەردەسەری و نەگبەتی، سووتابوو بۆ میللەتی، گەر شیعر هەیبا ڕەواج، ئەو دەبووە شای تەخت و تاج، لە زێڕ و زیو هەڵدەکێشرا، وشەی بە میسقاڵ دەکێشرا، ئاگری هەژارییەکەی کردە بڵێسە و بانگ، گەیاندییە خوا و ئاسمان و ئەستێرە و مانگ، کەسی وا بە هاواری نەهات، تا لە برسان وشك هەڵات، ئارەقەی ناوچەوانی چینی چەوساوەکانە، هێما وناوونیشانی

نەحەساوەکانە، بەش مەینەت و کەم دەرامەت، سەربەرز و بە کەڕامەت، چەپخواز و بیر کۆمەنیست، چی دەویست نان و ئازادی دەویست.

تا لە ئێوارەی ٢٠ی١٢ی ساڵی هەزار و نۆسەت و هەشتا و پێنجا، درەختی تەمەنی ووشك بوو لە ڕەگ و پنجا، لەسەر کۆترەی هەر درەختێك چەند خەلفێ دەژێتەوە، ئەویش کوڕ و کچێکی (وەستا زاهیر و بەدرییە)ی بۆ دەمینێتەوە، لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە شاری کۆیە نێژراوە، بە حەسرەت و کولەمەرگی (٧٥) ساڵان ژیاوە، لە پاش مەرگ وتە و باس و شیوەننامەی بۆ بێژراوە، ئاخ و فرمێسکی بۆ هەڵڕێژراوە، کەچی بە زیندوویی فەرامۆش، ژیانی پڕ ژان و قەلۆش، هۆی ئازاردان ژیانە، کە مرد بێ خەم و ژانە، بە مردوویی ڕازانەوەی ئارامگا و دانانی پەیکەر چ سوود، قەلبی ئەو وەك لالە پێ بکەن بۆ رووناکی یاد و وانە و درۆود!!




کۆیە-ئارامگای سامی عەوداڵ

## سەرچاوەکان:

١-سامی عەوداڵ-کۆکردنەوە و پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی-د.کەمال مەعروف.

**٢**-بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ - جەواد حەمەد بەگ.

٣-شیعر و ئازادی هەڤپەیڤین- شاخەوان سدیق لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلی.

٤-دیوانی شێخ ئەنوەر بەرزنجی- ئامادەکردن و پێداچوونەوەی- شێخ سەربەست بەرزنجی-**٢٠٠٩**.

*شێخ ئەنوەر یان سەید ئەنوەر کوڕی سەید ئەحمەدی حوسێنییە، کە شاعیری بەهرەداری غەزەلی کوردییە، شێخ ئەنوەر بە ئەنوەر و دەروێش و شێخ ئەنوەری گڵەزەردە شیعری بڵاوکردۆتەوە لە ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە لە دایکبووە، لە **٢٠٠٦/١٢/٥** لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە بووە، دوایی وازی لێ هێناون، خووی داوەتە ئاینی ئیسلام خۆی بۆ تەرخان کردووە، لە کۆیە لێپرسراوی کتێبخانەی (کۆیسنجاق) بوو سەر بە حزبی شیوعی دوای ئەوە ئەحمەد دڵزاری نەمر بووە لێپرسراوی کتێبخانەکە.



# هێژەر مێرسەر:
# ئەو گوڵەی لە شاخ و بەفر هاتۆتە دەر

## پەپوولە و پەری:

مرۆڤ بۆ سەرکەوتن دێتە ژیان، نەك بۆ شکست و زیان، مرۆڤی بە توانا بیەوێ کارێکی قورس ئەنجام بدات، دەبێ یان مردن یان سەرکەوتن پێشبینی بکات، ئەگەر دەتەوێ ببی بەختەوەر، پێمەکەنە بە خەڵکی بەد بەخت و قوڕبەسەر، هێژەرمێرسەر بە کوردی ڤیان، واتە ئەڤین و گوڵ و گیان، ژنێك لە پەڕەی گوڵ، بۆ ئازادی هێما و سومبوڵ، نازدارێکی باڵا بەرزی ئەمریکی، لە بنی دونیاوە لە روناکی هاتە تاریکی، چاوشین، خوێن شیرین.

ڕومەتی وەك گـوڵی بێگەرد
قژی خاو ئاوریشمێکی زەرد

بە دڵێکی نەرم، بە نیگایەکی گەرم، پەپوولە، بە جوولە، لە ئەمریکاوە هەڵفڕی بۆ کوردستان، لە دوو کەلتووری جیاوازی ئاسمان و ڕێسمان، ئەگەر نەزانی دەڕۆی بۆ کوێ، چۆن چاوەڕێ دەکەی بگەی بەوێ، ژیان پەرتووکێکە پڕ لە ڕووداوە، لە پێناوی پەڕەیەك مەیخە بەولاوە، تێڕوانین لە ئاسمانی فراوان هەر بە چاوی ڕووت بەدی ناکرێ،

مانگ و ئەستێرە و هەسارەی دیکە هەیە نابیندرێ.

## گوڵچنین:

ئەستێرەیەك لە ئاسمانی کوردستان هەڵاتووە ببینن، لە گوڵزاری ئازادی خەریکە بە درك ڕنین و گوڵچاندن و گوڵچنین، لە کاری مرۆڤایەتی لە دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ کەمئەندامان و لێقەوماوان، شاکارەکانی هەڵسەنگێندرێ بە ویژدان و بە چاوان، لە چیای هەیبە سوڵتان گوڵێك پشکوتووە، تەنیا گوڵێکە چەندان گوڵی گرتووە، ڕەشماڵی لە ماڵێکی ئارام و ئەمین و ئاسایش هەڵدا، لە ناو فریشتە و گوڵ و پەپوولە و مەلدا، لە شارەکەی کۆیە .خۆییە نەك نامۆیە، بۆ بنیادی سەنتەری ئازادی، ماندووبوو لە خۆی ڕادی، قورسترین بار لە گەشت و گەڕان جانتای بەتاڵە، دەیزانی بێ پارە سەرکەوتنی پرۆژە مەحاڵە، بە پێی خۆی هاتووە، لە خێر ڕاهاتووە، وەك پەری ئاسمان دەگەڕا کون بە کون،لە خەڵکی کەم ئەندام و پەککەوتە و زەبوون، تا بە پیلانی تیرۆریستان، بەداخەوە دەستگیرکرا لە ئەفغانستان، کەوتە داوی پرچ پڕ ئەسپێ و قرێژ، دەست بە شمشێری خوێناوی و ریش درێژ، سەرەنجام بە نەخشەیەکی تۆکمەیی و دارێژراوی سەربازی رزگار کرا، لە ناوقورگی درندە و دەعبا و جندووکە دەرهێندرا، سەرۆك بووش



ئەمریکا ٢٠١٦/١٢/١٩-مۆزەخانەی سەرۆك بووش-رەهبەر سەید برایم-هێزەر مێرسەر

لە ئەمریکاوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە بە رزگاربونیان،یەك بە یەك قسەی لەگەڵ ئازادبووەکان کردبوو بۆ ئازایی و ئاسوودەیی دەروونیان،(هێزەر مێرسەر) سێ مانگ و نیو زیاتر گیرا، ئازاری جەستەیی و دەروونی درا،بەدەردوسام و ترسێ بردرا، سەختی و تاڵێ دیت لەدەست تاڵیبان لە ئەفغانستان، دوایی هاتە ژێر دەسەڵاتی تاڵەبان لە کوردستان، لە

کۆیە گیرسایەوە بە ئارامی حەسایەوە، ئەوەی زۆر بخەوێ، قەت سەرناکەوێ، بەختەوەری پەپوولەیەکە بە دوای بکەوی هەڵدێ و هەڵدەفڕێ، ڕامەکە بە دوایدالێی مەگەڕێ لێی بگەڕێ، ئەگەر ئارام دانیشی، دێت لە سەر سەرت هەڵدەنیشێ، بیرمەند کەسێکە وانە و پەند لە هەمووان فێرببێ، ژەنگ هەڵناهێنێ لە ئاگر ناترسێ ئەگەر ساف زێڕ ببێ، هەڵە لە کەسانی دیکە فێربە تاکو بیبەیتەوە، ژیان ئەوەندە درێژ نیە هەمووی تاقی بکەیتەوە.

## شەڕی داعش:

باخەوانێك بە گوڵ لێکردنەوە کرابوو تاوانبار، کەچی گوڵی چاند بوو بۆ جوانی ڕازاندنەوەی گوڵزار، (هێزەر مێرسەر) شاگوڵە، بۆ ئەو گەل و خاك و گڵە، ڕەگی لە تەکساس، گەشاوە و جوانخاس،بۆن و بەرامی، گوڵاو و تامی، دەگەیشتە ناو(بەرە) و جەرگەی شەڕگە، بۆ یارمەتی گەریلا و پێشمەرگە:

**گوتم بە بەختی خەواڵوو هەڵسە بچینەوە ئـــەولا**

**لە بەرامبەر داعش و لە شەڕگەی مەلا عەبدوڵڵا**



٢٠١٥ بەرەکانی جەنگ-سەباحی بەکر مەلا-ڕەهبەر سەید برایم-هێزەر مێرسەر-ڕەفیق حاجی مەلا(باواجی)-مامۆستا عادل-مام سیامەند

جۆشی دەدا وەکو هەنگ، لە گوڵزاری ڕەنگا و ڕەنگ، گەوهەری خۆی نەدا لەبەرد و سەنگ، پەرێز پاك، دڵ روناك، زیر و چالاك، ئازا و بێ باك، چ دەرمان و پارە و ئازوقە چ

جل و بەرگە، بە ئەمانەتەوە دەیگەیاندە سەنگەری بەرگری و پێشمەرگە، ئاشکرا و روونە بە دۆکۆمێنت و بەڵگە، بەجەرگ و ئازا، لە کەلتووری کوردەواری شارەزا،ڕێز و خۆشەویستی لێ دەباری، بەرامبەر ئاینی ئیسلام و داب و نەریتی کوردەواری، لە ناو مێشك وشك و بیر تاریك و توندڕەوی داعش، هاوکار و پشتیوان بوو بێ خۆ هەڵکێشان و کەش و فش، داعش پەیوەست بوو بە تیرۆر و تۆقاندنەوە، بە سەربڕین و سووتان و خۆتەقاندنەوە، ئەوسا ٨٨ هەزار کیلۆ مەتر چوارگۆشەیان لە عێراق و لە سوریا لە ژێر کۆنترۆڵ بوو، کچە ئێزدییان دەفرۆشت و دە کوشت نیشانەی کاولکاری و بە سوتماك کردنی خاك و خۆڵ بوو، دژ بە رووناکی و پێشکەوتن و ئاسار و شارستانی دەجولانەوە،سام و



ئەمریکا ٢٠١٦/١٢/١٩-مۆزەخانەی سەرۆك بووش

ترسیان دەنواند بە ئاشکرا دەخولانەوە، دڕندایەتیی داعش گەیشتبووە ترۆپکی توند و تیژی، بە مل پەڕاندن و بارگرژی و خوێن ڕێژی، بەس زمانی چەقۆ و شمشێریان دەزانی، لەگەڵ گوڵ و گەڵا وەرین بوون بۆ ڕۆژانی خەزانی، سام و ترس وایان دەنواند، ویژدانی جیهانیان دەهەژاند، جیهانیان خستبووە ناو کونە دەرزی، بە کاری تیرۆریستی و حەلاڵکردنی گەندەڵی و دزی، ئەو بێ منەت دەهاتە ناوجەرگەی شەڕ،بەو پەڕی قەناعەت و باوەڕ، چەند مەترێك لە داعش دوور، پرد و روبارێك ببووە سنوور، بە چاوی خۆی تیرۆریست و ئاڵای داعشی بینیوە، بستێك بووە نێوانیان ڕەنگی زەرد نەبووە نە لەرزیوە، ڕاستی پیلان و ئامانج پاراستنی



ئەمریکا ٢٠١٦/١٢/١٩-مۆزەخانەی سەرۆك بووش-ڕەهبەر سەید برایم-هێزەر مێرسەر -شێوەی ئۆفیسەکەی زەمانی سەرۆکی ئەمریکا بوو لە مۆزەخانەکەدا



ئۆفیسی پارێزگاری کەرکوك- هێزەر مێرسەر-د.نەجمەدین کەریم-رەهبەر سەید برایم

گیانی تیمەکەی خاتوو هێزەر بوو، چونکە داعش دڕندە و جێیکەی پڕ مەترسی و وەختی شەڕ بوو، ئامادە بوو بۆ هاوکاری، ئەگەر ئاگریش بباری، ئەگەر وەك حەزرەتی مەسیح بیدەن لە خاچ، مێخ بچەقێنن لە جەستەی ولە دەست و قاچ، سڵی نە دەکردەوە، سەلماندی بە کردەوە، ماڵ بە ماڵ دەگەڕا یارمەتی دەگەیاند، سۆز و میهرەبانی خۆی دەنواند، دەستێکی کۆتری ئاشتی و دەستێکی چڵە زەیتوون، ناخی دەروونی پڕ بوو لە ئەڤین و پاکی و نهێنی و لێ خۆش بوون، وەك خاتوونێکی سەر ڕاست و سەرناس، ناو دڵی بەرامبەری دەخوێندەوە بە پێناسە و باس.


## زەنگی کەنیسە:



ئەمریکا ٢٠١٦/١٢/١٩-بەردەم کۆشکی سپی

بانگی ئازادی ڕاگەیاند و زەنگی کەنیسەی لێ دا، ڕۆحی پیرۆزی مەسیح و کەریم ئەلەکە و نوری خوای تێدا، هەر چەند کاربەدەستان وەك پێویست نە بوون لە ئاستی، بە گومان و تەگەرە بوون لە بەرنامە و پرۆژە و خواستی، بە پێوە وەستا و نەکەوت، کێشەی هاتە پێش و نەسرەوت، هەیە لە دەمی دەبارێ شەکراو، بیر و دڵیشی تەژی لە ژەهراو،لە جیاتی تاجە گوڵێنەك لەسەر گۆڕی دابنێ بە غەمباری،

بە زیندوویی چەپکە گوڵێك پێشکەش کە بە دیاری،ڕوانینێکی کورت هەندێك جار، لە هەزار قەڵەم زیاتر دەکا کار،کاتییان نیە ئەوانەی کەمتر کار دەکەن،ناخۆشییەکان وزە و ورە دوو بەرامبەر بە مرۆڤ دەدەن،بەزەیی زمانێکە بۆ نابینا چاوە، بۆ کەڕ بیستنە، بۆ لاڵ وتەی وتراوە.



ئەمریکا ٢٠١٦/١٢/١٩-مۆزەخانەی سەرۆك بووش-ڕەهبەر سەید برایم-هێژەر مێرسەر

## سەنتەری ئازادی:

سەنتەری ئازادی، ببێ بە مایەی شادی، با کوردستان بۆ ئاین و پێکهاتەکان پەنایەگی ئارام بێ، ئازادی و ئاشتی و ئاوەدانی و بنیاتنانەوە و هاوکاری مەرام بێ، گوڵی چوار وەرزەیە خاتوو (هێژەر مێرسەر)،لە کەلێنی شاخ و بەرد و لە



٢٠٢١/٩/١٢- سەنتەری ئازادی کۆیە-هێژەر مێرسەر-قوباد تاڵەبانی-ئومێد خۆشناو(پارێزگاری هەولێر)-ڕەهبەر سەید برایم

ناو شەختە و بەفر ڕواوە و هاتۆتە دەر، لە ئاسمان هاتۆتە خوار بۆ کوردستان، مۆم بوو داگیرسا لە تاریکستان، مانگ قەدری نیە تا شەوێ، ڕاستی سەرەنجام هەر دەردەکەوێ.

رەهبەر سەید برایم



# حەمید ڕەشاش:
# بەردی بنەوەی ئاش!

## دەرووی باس:

ئەوەی بیەوێ گوڵ بچنێ دەبێ گوڵ بچێنێ، مرۆڤ مێژووی خۆی بۆ خۆی دەخولقێنێ، شاعیری یۆنانی کۆن (ئارستۆڤان) بۆ نیشتمان دەبێتە بەڵگە و کۆڤان، دەبێژێ نیشتمان ئەو شوێنەیە کە دەتەوێ، تێدا گەشە بکەی و کە لێی پێشبکەوێ، لە هەر شوێنێ ئاواتەکانت هاتەدی ئەوێ نیشتمانی ڕاستەقینەتە:

هەر کەسێ بمرێ لە ڕێگەی نیشتمان و میللەتە
نـــامرێ هەرگیز دەمێنێ چونکی خاوەن غیرەتە

دایك نەتەوە دروست دەکات، پێی دەگەیەنێ بۆ بەرزی وڵات، چۆلەکە لە چۆلایی ناژی، کێشکە لەجێی شك دەژی، نزیك لە مرۆڤ نەبی ژیان ناباتە سەر لە جێی چۆل و دەشت و کەژی، ئاوەدانی نەبێ ناکا هێلانە و هێلکە، سروشتیان وایە کێشکە و پەڕەسێلکە، ژیان سەخترین قوتابخانەیە، نازانی تاقیکردنەوەی کام (وانە)یە، ژیان دەشتێکی کاکی بە کاکییە، گەر ڕێگە پێ نەزانی بزر دەبی و مایەی هیلاکییە، لە گوڵزاری ڕەنگینی و ڕازاوە و پڕ لە گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ و ئاڵ، سەرنج لە ئەفسووناوی گوڵ دەدرێ نەك

لە دڕك و داڵ، گەر ڕەنگی پەلکە زێڕینەت دەوێ، دەبێ باران بباریێ تیشك دەرکەوێ، ڕێگا بە کورت و درێژی، دەبێ پێدا بڕۆیی و هەنگاو بهاوێژی، جوانی عەشق دروست ناکات بەڵکو عەشق جوانی دەخولقێنێ، هەزار هێز و توانای گەنج ئەزموونی پیرێك ناهێنێ، گەنجەکان دەڕواننە


حەمید ڕەشاش سەردەمی پێشمەرگایەتی

داهاتوو، پیرەکان دیدە روونن بە ڕابردوو، لاوەکان رووە و ئاسۆی هیوان بۆ بەختەوەری، بەڵام پیرەکان دەژین بە بیرەوەری، هەتا کەوان چەماوەتربێ دوورتر و زیاتر تیر دەهاوێژێ، پلانی ورد و بۆ پێکانی نیشانە دادەڕێژێ، ڕەشەبا چەند بەهێزبێ شاخ ناجوڵێنێ، بەڵام ورتکە بەرد و لم و زیخ پووش هەڵدەپەڕێنێ، زۆر هەن دەژین و دەڕۆن و دەخۆن لەسەر زەوین بەس مردوون، هەشن بە جەستە نەماون لەناو زگی خاکن بەڵام نەمرن هەر زیندوون، میهرەبانی و نەرم و نیانی خوویەکی جوانە، بۆ دەرد و برین دەرمان و هەتوانە، لە جیهان هەندێ شت بەنرخترن لە گەوهەری، وەك زانست و خواردەمەنی و برادەری، سەرمایەی ڕاستەقینە تەندروستیە نەك زێڕ و زیو و سامان، یەك چرکەی ژیان بە چی مۆڵك هەیە ناگەڕێتەوە بە ئامان و زەمان، با دونیا زۆر فراوان و هەمەڕەنگ بێ، بەچی دەچێ چ سوود کە دڵ و پێڵاوت تەنگ بێ، جوانی مرۆڤ پەیوەستی هەندێ شتە، ئەویش زانست و بەختەوەری و ویژدان و ڕەوشتە، هەرمانگ و وەرزێك گوڵ و کژی خۆی هەیە،


حەمید ڕەشاش-مام جەلال

تەژییە لە جوانی و تام و بۆنی پاکژی خۆی هەیە، مرۆڤی ئازا لە تەنگانە و کارەسات دەردەکەوێ، ئازادیخواز ئازادی و ئازایەتی دەوێ، جگە لە خودی مێژوو دادوەرێکی دیکە لە ژیاندا نییە، خۆشەویستی سەرەتای هەیە و کۆتایی نییە ماکی ویژدانییە، دەکرێ گوڵەکان بژاکێنن گیا و سەوزایی ببڕن، بەڵام قەت پێیان ناکرێ ڕێ لە وەرزی بەهار بگرن، لە نەتەوەی گچکە و بێ ئاڵا و بێ دەوڵەت، شاعیر و مەزن زۆرن، هەڵدەکەون بە قامەت.




لە ڕاستەوە: ڕەفیق حاجی مەلا(باواجی)-ئارام ساڵح-حەمید ڕەشاش-ڕەهبەر سەید برایم-جەنگی فەقێیانی-فازیل شەورۆ-دلێر تەڤقتەقی
بارەگای مەڵبەندی کۆیە-٢٠١٢/٤/٢٩

## پێناسە و ناسین:

حەمید حسێن تەها ناسراو بە (حەمید ڕەشاش)، بە خەملاندن داندراوە ساڵی١٩٣١ لەدایك بووە لەگوندی (قەیباش)، بە ڕەسەن و ڕێچەڵەك خۆشناوە بالیسانییە، زۆر شوێن گەڕاوە و ژیاوە بۆیە کوردستانییە، (**نەحەرفی مەکتەبێکی خۆێند نە ئوستادێ پەلی گرت، سەرف بەرزی دەکا**) بە خۆرسکی خۆی فێرە خوێندەواری کرد، چونکە لێ قەوماو بوو زوو لێی مردن دایك و باب، نە دارا دوو داری دی نە مام زۆراب و مێوژی نایاب، نەیخوێند لە قوتابخانە و نە لە حوجرەی فەقێیان، بۆ بژێوی ژیان چۆتە زۆر جێیان، لەگوندی کێلە خوارە و شێخەروان، بۆتە شوانکارە و شوان، پێی وابوو هەرکەس بکاتەوە پەنجەرەی قوتابخانە، دادەخات دەرگای ئاسنینی بەندیخانە، بە ئەشقەوە خووی داوەتە خوێندن و

نوسین وقەڵەم و دەفتەر، نەك هەرخوێندەوار و مێشك ڕوون بوو بۆتە پەندێر و نوسەر، چاپکراوەکانی (هەگبەی زاراوە ڕەسەنەکان) و (پەندی کوردی ) و (ژیانی کوردەواری) ! بایەخدار و پڕ مانان سەر بە سەر گەوهەریان لێ دەباری، لە مێرگی گوڵان لە فۆلکلۆر و کەلتوور گوڵەوان، لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەت نەگۆڕ و پاڵەوان، مرۆڤ بێ ئاوەز پەیکەرێکی بێ گیانە، مانەوە لەدوای مەرگ نە مری و ژیانە، مەرج نیە پێ بگەی، مەرجە تێبگەی، بڕوانامە پارچە کاغەزێکە دەیسەلمێنی کە خوێندەوارە، بەڵام ناگاتە ئەوەی کە کەسێکی ڕووناکبیر و هۆشیارە، مام حەمید ڕەشاش، خوێندەوارێکی باش، تاریکی کرد قاش، نەیبوو بڕوانامە، بووە پێنوسێکی کارا و کارامە، سێ چەکی هەبوو بە نیشان، چەك و قەڵەم و گۆچان، وەك دونیا دیتە گەریدە، تێ رادیتە و ستەمدیدە، کەسایەتیەکی قورس و گران، کە دەدوا بە تاسەوە لێی رادەمان گوێگران، بەزمانی گوڵ، لەناخی دڵ، ڕا و بۆچوونەکانی دەردەبڕی، هەر زینەت بوو گوێی لێرابگری، لەسەرەخۆ، دەهاتە گۆ، بارتەقای چەندە گەنج بوو لەئەزموون و ڕاوێژ، نازناوی ڕەشاش بوو وشەی نەدەرشاند بە دەسرێژ، لەئاخافتن ورد و هێمن و دەم پاك و بە دەستنوێژ، کە دەئاخاوت، نیشانەی دەئەنگاوت، بە زانیاری پشت ئەستوور، بە شێواز و بە دەستوور، مام حەمید ڕەشاش، رستە و وشەی بە تەوش و تراش،


حەمید ڕەشاش-بافڵ جەلال تاڵەبانی

## وتەی جوان و فۆلکلۆریست:

هێژا و ژیر و ژێهاتی، شارەزای ناو دێهاتی، لەفۆلکلۆر و کەلەپوور، قوول وزیرەك بێسنوور، لەداب و نەریتی کوردەواری، خۆرجینی پڕ زانیاری، لەنوسین بە مشتوماڵ، لە کاری گوند و کشتوکاڵ، خڵتی بنی دەردەهێنا، بە جوانی دەیکرد وێنا، گوڵە ڕۆنی و ڕشتەی مێخەك و خەناوکەی بن ساپیتەی کاریتەی خانووە قوڕەکان بوو، بۆنخۆش و گەش گوڵاوی دەپرژاند لە تێرکە تێر و پڕەکان بوو، باڵا سنەوبەر، باخەبەر و نوسەر، بەقەڵافەت و کەڵەگەت، بەرکەتی و بە نەزاکەت، باڵا قەڵا هاوشانی شاخ، کراوە و خۆش پۆشتە و پەرداخ، ڕێزی سەران، لە مێزەران، گۆچان و جەمەدانیەکەی، جلکە جوان



فاتیح حسێن-رەهبەر سەید برایم-م.عەبدولوەهاب شێخانی-حەمید ڕەشاش

و مراد خانییەکەی، هێمای هەولێر و کوردەواری، شەکرە سێو بوو دەم و زاری، شادکردنی دڵ خەرجی نییە، ئەرک و ئازار و مەرجی نییە، ئەو هەردەم دەم و چاوێکی رووخۆش و دەم بە پێکەنین، لە بەفرانبار و زستان باخچەیەك بوو جوان و رەنگین، لافاو دەبێتە هۆی داکوتانی پتر رەگی داربەروو، تالەئەو نزیك ببای خۆشترت دەویست رووبە روو، پیری موغان بوو نەك پیری زورهان، کەشکۆڵی پڕ بوو لە راز و پەنهان، لێ ئاخر، نەبوو باغر، پێش قسەکردن وتەکانی هەڵدەسەنگاند، وەك جوتیارێ زەوی دەکێلاپێش تۆکردن ئەوجا دەیچاند، خەرمان بەرەکەت بوو لە دەشتی هەولێر و قەراج، باراشەکەی بە بەلاش نەدەکرا هەراج، هەوێن و هەویرێکی ئاوخواز بوو، دەکرا بە تێشووی نایاب و جوان و جۆراوجۆرجیاوازبوو، پیرێکی تێگەیشتوو، کانی یەکی لە قوڕ نەنیشتوو، لە ژیگە و ژینگە و زاگە و رەگەز، خولقابوو بەئازایەتی و بەوەفا و نەبەز، هاورێی سیاسەتمەداران بوو، لەگەڵ لاو و خوێندەواران بوو، وەکو



سەردانکردنی حەمید ڕەشاش و هەڤالانی بۆ مۆزەخانەی رەهبەر سەید برایم لە قشلەی کۆیە

باڵای بڵند بوو، بەراستی کورد و مەرد بوو، رێك دارئەسپیندار بە قات و بۆینباغەوە، گونجاو بە گوند و دەشت و دەر و شار و شاخەوە.

## بەرەو سەنگەری شەرەف و شۆڕش:

ڕۆحی خانی نەمر و حەزرەتی حاجی قادر کۆیی، لە خوێنی دەماری تێکۆشەرانی کوردایە بۆ بەرخودان و سەربەخۆیی، لە ١٩٦١/٩/١٦ لە شۆڕشی ئەیلول لەسەربازی، بەخۆیی و ڕەشاشەوە دەبێتە پێشمەرگە بە شانازی، ئەگەر هەموو ڕۆژێ ڕێگا بگۆڕی ناگەی بە مەنزڵ، ئەو مام جەلالی خۆشدەویست بەگیان و بەدڵ، نابێتە بت پەرست پەیکەرتاش، بۆ مام جەلال وابوو مام حمید ڕەشاش، بۆنی سێوەکەی دڵی لێدەهات، لە ڕاژۆ و ڕووداو و بەسەرهات، کەسە سەرکەوتووەکان دوو شتیان لەسەر لێوانە، بێ دەنگی و زەردەخەنە دەگەن بە پێوانە، مەولانا



٢٠٢٢/٣/٥-مەڵبەندی ٣ی هەولێر-هۆڵی یەکی شوبات چلەی ماتەمینی تێکۆشەری دێرین حەمید ڕەشاش

ڕۆمی شارەزای عەشق و ئەوین بوو، وەلی دەڵێ فەرهاد تا مرد تاڵترین خەمی شیرین بوو، ئەویش خەمی وڵات و مام جەلالی بوو لەناخەوە، سەربوردە و یادگاریان تۆمار بوو لە هەمەدان و زەمانی شاخەوە، گەورەترین پلە خۆت بگۆری بەباش، سەعدی شیرازی دەبێژێ پیاوی چاك و باش، لەکێشەی ڕۆژگار ببێ بە بەردی بنەوەی ئاش، کۆمەڵایەتی و خۆشەویست، پلە و پاداشتی نەدەویست، لەخەباتی سەخت و بەرگری و بەرەنگاری دەستوەکەر بوو، فەرماندە و شەڕکەر و تەفگەر بوو، مام حەمید ڕەشاش، کەوتبووە نێوان دوو بەرداش، پاش شکست و نسکۆ گەڕانەوەی لە شاخ و چیا، ٣٣ ساڵان لە بەغدا ژیا، کە ژیلەمۆی تێکۆشانی کورد لە شاخەکانی کوردستان داگیرسایەوە، ئەو ڕۆحی لە شاخ و شەوەزەنگ و قەندیل دەشنایەوە، حەمید ڕەشاش، ئامادەباش، بۆ کوردایەتی و خەبات، بە موو لانادات، بە بیر و باوەڕ و بەئەمەك، لە سەنگی محەك، بەوەفا بەرامبەر مام، بێ بەرژەوەند و مەرام.

## بەوەفا تا مردن:

دەڵێن ئەگەر مرۆڤ بەوەفا بوایە هەرگیز ئاژەڵ، نەدەکرا بە هێمای وەفا و نەدەبرا بۆ سەر لوتکە و کەڵ، ئەو مرۆڤێکی بە وەفا و ئەمەك، مامی نەدەدا بە موڵك و مەلەك، کە هەتاو هەڵات سەیری مانگ ناکرێ، مانگ بەرامبەر ڕۆژ خۆی ڕاناگرێ، چ مۆمێك بە مۆمێکی تر ناکوژێتەوە، گوڵزاری جوان دەبێ بە گوڵ و خونچەی جۆرا و جۆر برازێتەوە، دەڵێن دونیا



خوێندنەوەی پەخشانە وتار لەچلەی حەمید ڕەشاش

کاروانسەرایە، گەردوون دەسوڕێ هەتا هەتایە، ژیان شیرینە مەرگ تاڵە بە خەم و ژانترە، هەرچۆنێك بێت ژیان لە مردن جوانترە، لە ڕۆژمێژووی ٢٠٢٢/١/٢١ کۆشکی تەمەنی داڕما، مام حەمید بە جەستە نەما بەناوبانگ هەرما، بە دڵسۆزی و بێ لادان، تا ڕۆژی گیان لە دەستدان، بە شیعری (ڕازی) سەعاتچی ڕازکەوتە گفتار، (بۆ تەمەنم ناشیرینە ئاو لە چاوما بێتە خوار)، دڵ ژان دەکا ئۆقرە ناگرێ بە داخ و زەخار، ئارام نەبێ کە مردی خۆت ئارام دەگری، دەتەوێ بژی پیرنەبی کەچی هەر دەمری، فرمێسکی بە خوڕیش ئاگری خەفەت ناکوژێتەوە، تێنوویەتی دڵ بە تنۆکە ئاوێك دانامرکێتەوە، فرمێسك بەهرەیە ڕۆح پاك دەکاتەوە، باران فرمێسکی ئاسمانە زەوی جوان دەشواتەوە، ئاونگ ئاووئەشگی گوڵ و گیا و گەڵا و درەختە، خۆی گەش دەنوێنی تەڕ و شلك لەو وەختە، فرمێسکێك



مەکتەبی سیاسی-تەرمی حەمید ڕەشاش

و چەپکێك گوڵی گەش، بۆ گیانی پاکژی مام حەمید رەشاش، پێشکەش بێ پێشکەش!

**سەرچاوەکان:**

١-چەپکێك لە وتەی ناوداران- زانا کەمال مەجید.

٢-سامی عەودالٚ-کۆکردنەوە و پێشەکی و ساغکردنەوەی د. کەمال مەعروف.

٣-دیوانی راجی.

٤-دیوانی گۆران(شیعری دەروێش عەبدوڵلا).

٥-شیعری رازی سەعاتچی.

٦-نوسراوێکی ( حەمید ڕەشاش).

**وشە نامۆیەکان:**

کۆڤان: شاهید.

پەندێر: ئامۆژگاریکەر.

تەڤگەر: هەمیشە لە جوولە.

راژۆ : نوکتە – وتەی خۆش.

زورهان: پیری پەککەوتە.

ژێهاتی: شیاو.

بەرکەتی: هەڵکەوتوو.

سێوەکەی دڵ: مەبەست لە مام جەلالە.

زاگە:زێد و نیشتمان.

ئاوەز:عەقڵ، فام.

بارتەقا: بەرامبەر.

ژیگە: جێی ژین.

ساپیتە: بنمیچ.

گوڵە ڕۆنی: گوڵێکی زەردە دەکرێ بە تۆپەڵ هەڵدەواسرێ لە ژوور بۆنی خۆشی هەردەمینێ و لێی نابڕێ!

تێرکە: خۆرجینی گەورە، جەواڵی دووتا.



# مونیرەخانی جەلیزادە:

## (یەکەمین شەهیدی ژنی دووگیان و کۆرپەی لە باوەش)

### تۆمارگای ڕووداوەکان:

زەمانی بەعس درویێنەی مرۆڤ وسوتاندنی خەرمانی کوردان بوو، مەرگ باران و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بوو، بەعسیەکان گوڵدانی گوڵ و خونچەیان دەکردە تابووت، بە کیمیاباران و ئەنفال و وڵاتیان سووتاند وەك قەرەبرووت!

لەڕوانگەی ناحەز و دژمنانی کورد، هەموو کورد تاوانبارە بە درشت و ورد، ئاخۆ بۆ دەبێ کوردبوون تاوان بێ، بۆ قرچ و بڕی پیر و ژن و منداڵ و لاوان بێ، دەریای ئیجە و قورگی نەهەنگ و دارستانەکانی سەرسنوور، بۆتە گۆڕستانی کۆچبەرانی کوردخاکی ئەوان دەکەن سوور، بیابانەکانی خوارووی عێراق و دەشتی عەرعەر و خاکی عەرەب و گۆڕی بەکۆمەڵ و چاڵی کوردانە، گۆڕ غەریبی پیر و لاو و ژن و منداڵی کوردانە، ڕووداوەکان و کارەساتەکان مێژووی خوێناوی کوردانن، زۆربەی گوندەکانی کوردستان گوندی شەهیدانن، ڕۆژگارەکان لە کتێبەکان باشتر دەزانن.رویان ڕەش بێ وەك ڕەژوو، تاوانکارانی مێژوو.

دڵی شاری کۆیە مۆزەخانەی یادگارەکانن،تۆمارگای ڕووداوەکان و بەسەرهاتی سەختی ڕۆژگارەکانن، مونیرە مەلا تایەری حاجی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە،

خێزانی حاجی سابیری چنارۆك بوو، یەك ڕەگ و ئاگردانن یەك خانەوادە،لەڕۆژمێژووی ۱۹٦۳/۷/٤، لە كۆیە فتیلەی فەرتەنە دادەگیرسێ،مونیرەی دووگیان كۆرپەی لە باوەش، دەیان گەوزێنن لەناو خوێنی گەش، پێ پەتی و بێ تالانچی و بێ دەرپێ و بێ دەست نوێژ، لەختوخۆڕایی دەیانكوژن بەدەسترێژ،لە هێلانەی زگ نەتروكا بوو لە هێلكە، كوشتیان كۆترۆكە و فەرخەی پەرەسێلكە، خوا نەیدا بوو، چاوی هەڵنەهێنابوو، هەرناویشی لێ نەنرابوو،كۆرپەلە و ژن، هەر دەكوژن،خودا و دەرگا گەواهن،دەزانن چەند بێ گوناهن، شوانە چوار خوشكی بێ شوان كرد، بوو بە گرێ ژیلەمۆی كورد، بەو سۆز و ڕازە:

منی كۆرپەلـــــەی تازە
كــــــــوردایەتیم ڕێبازە
لــە بێشكەی ساوای ژینا
لـــــــە ئێسقانی بێ تینا
كوردە قوربـــــانی تۆمە
كوردستان خــاكی خۆمە

## بڵیسەی جەلیزادان:

درەخت دەپارێزرێت بە توێكڵەكەی، كۆمەڵگاش پێش دەكەوێ بە بیرۆكەی كاكڵەكەی، چرای زانستی حاجی[1] مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی و حاجی مەلا ئەسعەدی و گۆچانەكەی حاجی مەلا عەبدوڵلای لە ئادەم فیلتر، مێزەر وعەبا و عەسای جەنابی مەلا گەورە، نەبوو لەو بەشان و شەوكەت و بەپیلتر، نەبوو لە قەڵەمی مەسعود محەمەد تیژتر و بیرفراوانتر، مێژووی نەجیبەخانی جەلیزادە (یایەی دایە) لە پەلكەزێڕینە گەشتر و ڕەنگینتر و جوانتر، قوبادی جەلیزادە، لە عەرشی شیعر كەی قوبادە، شیعرەكانی ساكاری[2]، بۆ نەورۆز دەبنە دیاری، دارحەیزەرانەكەی سدیق عەبدولقادر و چاوە كەلا شوشەكانی كەمال عەبدولقادر[3] و وانەكانی مەجیدی شێخ نوری،لە باخچەی قوتابخانە و پەروەردە گوڵیان دەگرت وەلاكین دوربە دوری، باسی هەر جوانییەكەی دەكەن بەو ڕادە، پشكیان هەیە، دانەیی مروارین بنەماڵەی جەلیزادە.

## چنارۆك:

**دووچنارۆکە بۆ زانیین نـاسان**

**هی جەلیزادە و خێڵی بڵباسان**

سوولەکانی چنارۆك، کانیاوی حەمامۆك، یەك پشکە ئاوی تێدا نەما داری کەندەکۆخ وشك بون وشك، بەس چاوی ژنانی کۆیە هەر دوو جۆگەلەی بەهاژەن لە ئەشك، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، لەمەزنایەتی خۆی بە شکۆیی، بۆ دووری کۆیە و دەردی نامۆیی، فرمێسکی ڕشتووە تنۆك تنۆك:

**لە خۆم ئاگر هەڵێتم وەك (چنارۆك)**

**لەچاوم گریە دەربێ وەك حەمامۆك**

غەزەب یەخەی ئەو شارەی بەرنادا، ڕەنج و رەونەق و جوانی دەدەن بەبادا، وەك دیدەی کوێران، هەوارگەی وێران،

**نامەی قوبادی بۆ ئەی شـــــارەکەم[٤]**

**دادەگیرسێنێ کۆی ئـــــــازارەکەم**

**من کۆیـــەم عاسی[٥]، مێژوو دەمناسی**

**وەك لوبنانی چی لەبەر هۆی سیاسی**

**لـــــەوەتەی هەیە خوێنی دەمژرێ[٦]**

**خوێنی تێ ناکرێ و گیانی دەگوشرێ**

## ستەمی مێژوویی:

خۆشەویستی وەك دەریا هەڵکشان و داکشانی هەیە، بەڵام خۆشەویستی کۆتایی نایە و هێزێکی رووحانی هەیە، ژن هەموو هێزی دەخاتەکار لەکاتی گریاندا، کاتێکیش نقومی پێکەنین دەبێ نزیك بۆتەوە لە کۆتایی ژیاندا،چیرۆکی ژن لە چاوەکانی دەخوێندرێتەوە، مرۆڤ بە کردەوەکانی یادی دەکرێتەوە، چاوهێمای فەرهەنگ و وتەیە، گوێ لە چاوی ژن بگرە، گلێنەی مرواری و سیحراوییە پڕشنگی ئاگرە، ژێی گەرووی ژن ئامێرێکی مۆزیکە پڕ لە ئاواز، لە دەنگی سروشتی مەلان و تەژییە لە ناز و ڕاز و نیاز، خوشەویستی باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لە دڵی ئافرەت، وەرزی گوڵان و بەهارییە

دەخوێنێ بەچەند ئاواز، فرمێسکی ژن لۆژیکن، هەناسەکانی مۆزیکن، ژن جوانترین بەخشینی خوایە بۆ مرۆڤ،نەهێنییەکەی خوشەویستییە، سۆزدار و ئەویندار بێ، گەر دوور بێ لە ئۆف، دەنگی خۆشەویستی بە هێزترە لە دەنگی ویژدان، تاوانی مێژوویی و دەرون دەکا بە تەندور و دڵ پڕ پشکۆی ناو ئاگردان.



کۆیە -پەیکەری دایە مونیرە لە پارکی خوشکە فریشتە-بەهاوکاری بنەماڵەی خاتوو مونیرە و م.فازیل شەورۆ، بەدەست و پەنجەی پەیکەرساز بەختیار هەڵەبجەی دروستکراوە

(تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا)، (قەڵغانی) زگی ژنان لەگەڵ کۆرپەی بێ خەتا، خەڵتانی خوێن بکرێن، لەختوخۆڕایی بکوژرێن، کردەوەکان لە وشەکان بەرزتر دەدوێن، ڕۆژی ڕەش بوو کەس نەیدەوێرا بێ بەهانایان، دایك و کچ گۆڕیان هەڵکەند لە پەنایان، پەیژەیان بۆ کردە تەختە و تابووت، ناشتیان بە هەناسە ساردی و دڵسووت، هەڵیان گرت بە چوار دەستان، بردیان بەرەو گۆڕستان، بە پێپیلکەی سۆز بۆ ئاسمان فڕین لە بەرزین، بەو کارەساتە خوێناویانەی کۆیە کردگار لەرزین.

مونیرەی دووگیان و کۆرپەی باوەشی، بوونە نۆبەرەی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول بەگەشی، ساڵی ١٩٦٣، سەید برایم چەند دێڕە شیعرێك دەنوسێ، لەسەر گۆڕەکەی نوسرابوو، چونکە ڕوداوێکی ناڕەوا بوو:

**کۆرپەم لەباوەش شەهیدیان کردین**

**گوناحمان نەبوو بەس هێندە کوردین**


**ئێمەش هاتینە ڕیزی شەهیدان**

**بۆ ڕزگاربوونی کورد و کوردستان!**

## گوڵاڵە سوورەی جەلیزادان:

بەڵکو وەنەبێ خانەوادەی جەلیزادە، هەر لە ئەدەب و هونەر و زانست پەروەردە، لەو بوارە ڕۆڵی

بنچینەیان داڕشتووە، بەڵکو لە خەبات و کوردایەتی لەپێناوی کوردستان خوێنی گەشیان ڕشتووە، شەهیدی قارەمان کاوەی جەلیزادە لەو بەرەبابە و لەو وەچاخ، لە گرتنی شاری تەق تەق بووە گوڵاڵەی سوورەی شاخ،یەکەمین شەهیدی ڕاپەڕینی شاری کۆیە، شەهید کامەران حەوێز جەلیزادە بوو، ئەو شەرەفەی پێ دەبڕێ بۆیە، شەهید هیمداد مەلا ڕەئوف جەلیزادە، شەهید کراوی دەستی ستەمکاری بەعس و جەللادە، هەر بەرەو سەرەوە چووە٧ بڵێسەی ئاگری وەجاغی جەلیزادان، یەك ڕەگ و ڕەنگن جەلی و شیوەشانی مەلازادان، کۆ ئەستێرەن لەگەشە و ڕوناکین لە بریسکەی سورەیادان، پەیکەری دایکە مونیرە و کۆرپەکەی بت و بەردێکی ڕەق و تەق و ڕووتی بێ گیانە، بەڵام هێمای ژنێکی سێ گیانی بێ گوناه و بێ تاوانی کوردانە، قوربانیەکە لەسەر کوردبوون وەك پەیکەری ئازادی کورد و کوردستانە، یەکەمین شەهیدی ژنێکی دووگیان و کۆرپەی شیرەخۆرەی باوەشە، بوکی خوێناوی شۆڕشی کورد واتە لەیەك جەستەدا سێ گیان پێشکەشە.


شەهید کاوە جەلیزادە


شەهید کامەران حەوێز جەلیزادە

## سەرچاوەکان:

١. وتەی ناوداران-هاوار عەبدولڕەحمان بازیان-چاپی یەکەم ۲۰۰۵

۲. گوڵبژێریك لە وتەی ناودارانی دونیا-وەرگێڕان و ئامادەکردنی- ڕەزا شوان ۲۰۱۱

٣. وتەی ناوداران- ئینگلیزی-کوردی- ئامادەکردن و وەرگێران –کارزان نوری عوسمان ۲۰۱۳

٤. دیلانە و مۆزیك- رەهبەر سەید برایم -۲۰۱۸

٥. بەبەختی حاجی- رەهبەر سەید برایم-۲۰۱۰

٦. دیوانی سەید برایم –دەستنووس

٧. دیوانی عاسی

## پەراوێزەکان:

١. ئاماژەیە بە شیعری شێخ ڕەزا بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە.

۲. ساکار: نازناوی شیعری مامەفەندی مەلا فەتاحی جەلیزادەیە.

٣. م.کەمال عەبدولقادر و م.مەجیدی شێخ نوری :مامۆستای مام جەلال بووین لە کۆیە بە ڕێنمایی م.کەمال عەبدولقادر، مام جەلال(K.P.X)ی دامەزراندووە، یەکەم ڕێکخراوی قوتابیانە لە کۆیە.

سەدیق عەبدولقادر: بەڕێوەبەری دواناوەندی بوو لە کۆیە، زۆر بە دیسپلین و توند بوو.

٤. نامەی قوبادی بۆ ئەی شارەکەم : ئاماژەیە بۆ شیعری قوبادی جەلیزادە بۆ کۆیە بە ناوی (ئەی شارەکەم)

٥. من کۆیەم عاسی:ئاماژەیە بۆ شیعرێکی مەلا مستەفای عاسی شاعیر کە دەڵێ:

**من کە کۆیەم سەیری من بکەن قەسر و باغ و مەنزەرەم**
**بێتو لـــــــــــــــوبنان من ببینێ بێشکە دەگری وەرەم**

٦. لەوەتی هەیە خوێنی دەمژرێ: ئاماژەیە بۆ شیعرێکی شێرکۆ بێکەس لەسەر کۆیە.

٧. هەر بەسەرەوە چووە بڵێسەی ئاگری وەجاغی جەلیزادان: ئاماژەیە بۆ وتەیەکی مەلا عەبدولڕەحمانی جەلیزادە بە عەبدولڕەحمانی پاشای بابانی گووتووە.
بە بۆنەی دانانی پەیکەری مونیرە جەلیزادە و شوانەی باوەشی لە ڕۆژمێژووی ٢٠٢١/١١/٨ لە پارکی خوشکە فریشتە لەشاری کۆیە،لە لایەن هونەرمەند بەختیار هەڵەبجەیی دروستکراوە و خەرجی و سەرپەشتی پڕۆژەکە لەلایەن مامۆستا فازیل شەوڕۆ و هاوڕێیانی بووە.



# سەباحی بەکر مەلا:
# باخچەیەکی وەریو لە گوڵ وگەڵا

## پێوانەی ڕەنج:

گەنجی ئەستێرەیەکە یەکجار هەڵدێ لە ئاسمانی ژیان و تەمەن، بە هاری ژیان وەرز و زەمەنێکە پڕ لە جوانی دیمەن، ژیانت چۆن بردۆتە سەر، دەردەکەوێ چ مرۆڤێکی یەکسەر، هەتاو هەتا سەر لە بن هەور نابێ، ژیانیش هەر لە خۆشی و ژان و جەور نابێ، ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە، ئەمە کەلەشی پیرە دونیایە، هەموو شتێك بەرز دەبێتەوە وە نزم دەبێتەوە، دەوران دەورانە وەك خۆی نامێنتەوە، دڕك و گوڵ، لەیەك دار و چڵ، گەشە دەکەن و دەپشکوێن، لەیەك ڕەگ و خاك دەروێن، بەرنادشۆ پەندێکی هەیە بەراڤە و شرۆڤە، گوتویەتی لە دڕندەکان ناترسم ئەوەی لێی بترسم مرۆڤە، هەندێ مرۆڤ هەیە لە گورگ دڕندەترە، سەری زمانی لە چەقۆ تیژتر و بەبڕندەترە، سادەترین پەندی ژیان، ئازاری کەس مەدە بە گیان، کەچی هەیە لەو زەمانە بەڵام:

ئەوانەی دوێنی خەبەریـــان لێدام
دایناببوو بمبەن بۆ ژووری ئیعدام
ئیستا ئەوانە خـــــــاوەن بڕیارن

### بە پۆست و پلە و کارگێڕی کارن

نەك شەرمەزارن، دەم درێژ و هارن، وا پایەدارن، گەر لێبوردنی گشتی نەبا بە گیان قەرزار دەبوون، سووك و ڕیسوا و مەمنوون و منەتبار دەبوون، یادی بەخێر شەهید ڕێباز، ئەو وتەیەی دەگووتەوە بە ڕاز و مراز:

**(یامن تعب یا من شگە**
**یامن علی الحاضر لگە)**

## دەست ناگاتە ئاسمان:

پارە و سامان ڕەگ و ریشەی هەموو خراپە کارییەکانە، پارە تیژترە لە شمشێر خزمەتکارە، بەڵام سەرداری ستەمکارییەکانە، ماڵی دزی و گەندەڵی وەك چڵكی سەگ حەرامە، نانی حەڵاڵ و ئارەقەی نێوچەوان بە چێژ و بە تامە، هەمیشە هەوڵ بدە چاکەکان بخە پێش چاو، وەفا و ویژدان سۆز و دوارۆژ بکە ڕەچاو، دەتوانی بولبول و کەو لە قەفەز بئاخنی بە بەندی بمێنێ، بەس قەت ناتوانی وای لێ بکەی بخوێنێ، تادۆستت هەبێ هاو ئاست و هاوشان، خۆشتر و ئاسودەتر دەژی لە ژیان، هەزاران هاوڕێ کەمە، یەك دژمن زۆرە و سەرچاوەی کێشەو خەمە، دەنگ بەرز مەکە ئاستی قسەکانت بەرزکە، ئەوەی زەوی ئاو دەدات بارانە نەك هەورە تریشقە و بروسکە، بالیفێکی نەرمە دڵ و دەروون پاك، چاکە هەوێن و ماکە بۆ ڕۆژی ڕووناك، نەبوونی پرۆژە و بەرنامە ڕێژی، ئایندە تاریك دەکا و دەتخاتە لێژی، کەسێ بیرناکاتەوە بەوردی تێ نەفکرێ، وەك ڕاوچی یەك وایە



۲۰۱۵ بەرەکانی جەنگ-سەباحی بەکر مەلا-ڕەهبەر سەید برایم

لە خۆڕا بێ سێرە نیشانە بگرێ، زیندەگی بێ ئامانج سپاردنە بە قەزا و قەدەر، باش

گوێ گرتن هونەرە لە ڕادە بەدەر، مۆڵەت بە زمان مەدە بکەوتەرێ پێش ئەندێشە، بێ لێکدانەوە دەتخاتە ئاریشە و کێشە، کەسانی گەورە ئەو کەسانەن کەوا دەزانن، ئەندێشەکان فەرمانڕەوایی جیهان، جیهانی هەموو کەسێ بە ئەندازەی بیریەتی، بە لێکدانەوەی ژیری و ڕا و تەگبیریەتی، ئارامی و ئومێدەواری و پشتکاری و هەوڵ و کۆششی ژیرانە، بنەما و هۆکاری سەرکەوتن لە ژیانی ڕۆژانە، دانپێدانان، بە هەڵە و گوناح و تاوان، چاکەیە گەر ڕاستیت دەوێ، ئەوانەی بەرگری لە ئاگر بە ئاگر



بارەگای مەڵبەند لە کاتی خوێندنەوەی پەخشانە وتار لەچلەی سەباحی بەکر مەلا

دەکەن خۆڵە مێشیان دەست دەکەوێ، تاریکی ناتوانێ تاریکی لە ناو ببات ڕووناکی نەبێ، ڕق ناتوانێ ڕق لەناو ببات خۆشەویستی و ڕێز و دڵپاکی نەبێ، ماڵی بێ مێوان، گوندی بێ شوان، هەمووی بێ هیوان، مرۆڤ دەستی ناگاتە ئاسمان بۆیە ڕێزی ئاسمان دەگرێ، خۆشەویستی خەرج نییە بەڵام هەموو شتێك دەكڕێ، لە گیزە و دەنگی گوللە مەترسێ و مەشلەژێ، دەنگی نییە ئەو گوللەیەی کە دەتکوژێ.

## پزدانی کۆیە:

وراتی کۆیە ئاخۆ بۆ هێندە فەرماندە و کەسایەتیی سیاسەتی هەڵکەوتووە، زانای مەزن (مەسعوود محەمەد) لە ژیان و جیهان بینی وای بۆچووە، یەکەم کەس کە پاتە پات و بێ تەئویل و کۆمەکردن کوردایەتیی کردبێ بەزمان و قەڵەم حاجی قادری کۆیی بووە، مەیلە حەق پەرستانەکەی، گێڕاوەتە سەر کوردایەتی و کوردستانەکەی،

کاریگەری شیعرە نیشتمانییەکانی، بە وشە سادە و ڕەوانەکانی، هێمنی موکریانی کۆڤانە:

**سڵاو ئەی حـــــــاجی ڕۆڵەی زەمانە**
**لە سایەی تۆوە هەرچێکی هەمـــــانە**
**هەمووی شاگردی تۆن شیرین کەلامان**
**لە تۆ فێربوون خەبات قازی و مەلامان**
**بەڵام تۆ دڵنیـــــــــابە پیری زانا**
**بناغەیەکی وەهــــات بۆ کوردی دانا**
**ئیتر سەنگەر بەتـــــاڵ کردن مەحاڵە**
**ئیتر کــــورد و بەزین خەون و خەیاڵە**

لە کۆیەی بێشەی ئازا و نەبەزان، لە ئامێزی خێزانێك لەسەر ڕەزان، لەناو ترێ و هەنار و هەنجیر و گوڵ و گەڵا، لەدایکبوو سەباحی بەکر مەلا، ساڵی ١٩٦٣ کە دەکاتە ساڵی حەرەس قەومییان و بەعسییان، لە پەڕەی مێژوو بەڕەشی نووسیان، تاوانبار و جەلادن، دوژمنێکی سەر سەخت و بەر بادن، کۆیەیان خەڵتانی خوێن کرد، خەڵکیان تالان کرد و کوشت و گرت، ئەو ساڵە سەباح، بەناڕەحەتی ئەرواح، هاتۆتە ژیان وچاوی هەڵهێناوە، گۆمێ خوێن لەکۆیە ڕژاوە:

**بەو شەهیدانە بەستران لە دینگە**
**مەدالیای ڕێزە لـــەشان و سینگە**


سەباح لەو ژینگەیە بە ١٧ساڵی بۆتە پێشمەرگە، دڵسۆز، خۆڕاگر، لەشاخ و شەڕگە:

**شەوەها لە شـــــــــــاخ ئەزیەتی دیوە**
**بێ نان لەبرسان زگی گـــــــــــــوشیوە**
**کــــــــەم مزگەوت هەیە لێی نەخەوت بێ**
**هــــــــــــەورازێ نییە سەرنەکەوت بێ**
**بەتەرزە و زریان لـــــــــــە قوڕ چەقیوە**
**بەسەرمای زستان چەق چەق لــــــەرزیوە**


بەکوێرەوەری لـــــەچیا و چۆڵ و دەشت
بێ بەش لــە خۆشی دەردەسەری چەشت !
خەبـــــات سەخت بەو، داخ و دەردەوە
زۆرجـــــــار میزی خۆیان دەخواردەوە
پێشمەرگـــــــایەتیی شانازی و شەرەف
گڕی ڕابردوو بەکێ دەکرێ ـــــــــــەف

## باجی پارتیزانی:

ئەو پێشمەرگانەی بە پەیژەی هەورا دەچوون بۆ ئاسمان، خەبات و خۆڕاگرییان کردبووە دروشم و ناونیشان، ئەو پارتیزانانەی لە شەوە زەنگ، تروسکەی هیوا بوون لە کاروانی شاخ پێشەنگ، مانەوەی سەباح بەکر مەلا و هەڤاڵەکانی، لەخاکی سووتماك و ئەنفالکراو و وێران و بێ ئاوەدانی، ئاو هەبوو ئاوەدانی نەبوو، ئاگر و بەرگری و بەرخودانی هەبوو، ئاو و ئاگریان داهێنا، خۆیان بە سەخترین ژیان ڕاهێنا، گورگ و پێشمەرگە مابوون، هەر ئەوان لە شاخ و چیا بوون، ئەو زەمان بەفر دەسووتا، لە ناو ئاگر و بارووتا، شەڕیان دەکرد بەپێوە، لەو شاخ دەشت و کێوە، سەباحی بەکر مەلا، خاراوی خەم و خوێن و بەڵا، لە پارتیزانی بوونەتە تروسکە و شوورە و قەڵا، ئەو ڕۆژە ١٩٨٨/١٢/٢٧ شەهیدی فەرماندە قارەمان (کامەران ئەحمەد) لە کۆیە دەستگیر کرا، کەس مەزەندەی نەدەکرد پێشمەرگە مابێ کەچی پەی پێ بەردرا، (قەدریەخان)



نەوزاد بەکر مەلا



سەرکار ئیسماعیل




عالیە بەکر مەلا

دایکە بە سۆزەکەی لە تاوان، بە قژڕنیین و لەخۆدانان، بە ئەشکی چاوان، کەوتە دوای زیلە پڕ قوەخاسەکان، ئەوەش سەروەریەکی مێژووییە لە ناوباسەکان، شەهید کامەران ئەحمەد لە ناو جەرگەی شار لەکن فولکەی حاجی قادری، دایك هەر بە دواوەی بوو تا دەربازبوو لەناو زیل و ئاگری، بۆ خۆشەیستی تامی نیە ژیان، بۆ دایکیش نە شیعر هەیە نە پاڵەوان، دایك دەتوانێ تێ بگات لە ئازاری ڕۆڵەکەی، ئەودەزانێ سۆزی جەرگ و چەند قورسە بار و کۆڵەکەی، باجی خەبات و پێشمەرگایەتیی و پارتیزانی، بووە مایەی قوربانی و مەرگی خێزانی، خانوویان لێ تێکدرا، ١٤ کەسیان لێ گوللەباران کرا، لە خوت و خۆرا، گۆڕ بزر کران، بەدەردێ بردران، شەهیدەکان:


نازەنین عەبدوڵڵا حەسەن


کافیە کەریم حەسەن


هیدایەت عەبدوڵڵا حەسەن

**(بەکر مەلا، نەوزادی بەکر مەلا، گوڵەباغ بەکر مەلا، عالیە بەکر مەلا، مام حەسەن تەها، لەعلی مەلا، تەها مام حەسەن، زیرەک مام حەسەن، بەهار مام حەسەن، دڵزار مام ئەحمەد، عەبدوڵلا حەسەن مام قلینجی، کافیە کەریم حەسەن، هیدایەت عەبدوڵلا حەسەن مام قلینجی، نازەنین عەبدوڵلا حەسەن)**

تاوانیان ئەوە بوو دایك وباوك و خوشك و برایان پارتیزانەکان بوون، بۆیە بەو دەردە کوژران و لە ناوچوون، جگە لە شەهیدکرانی کامەران ئەحمەد و سەرکار ئیسماعیل و شێروان مام حەسەن لە یەك رەگ و خێزانن، شەهیدی ڕێگای سەربەرزی کورد و کوردستانن، باخچەکەیان هێندە هەنارەی نەدەگرت، هێندەیان لێ شەهیدکرا لە

پێناوی کورد، خەباتی خوێناوی ماڵی مام حەسەن و مام ئەحمەد و دکتۆر هیمداد مام قلنجی و بەکر مەلا، دەبێ لە مێژوو بنووسرێ سەربەسەر بە ئاوی زێڕ و تەلا.

## خەم و خەیاڵ:

بەرەو ئاسمان بەرزیخوازی و پەیژەیە، پلە و پایە و پۆست ڕاژە و ڕێژەیە، هەڵۆی باڵشکاو نافڕێ، ڕاوی نێچیری پێ ناکرێ، سەباحی بەکر مەلا، فەرماندە بوو لە زۆر لا، پلەی لیوا بوو، لێی بێ هیوا بوو، وەك هەڵۆیەکی بریندار، جەرگ تیمار و ناخ بە ئازار، شێر بریندار



٢٠١٥- گوندی مەلا عەبدوڵڵا-بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکان

بکرێ ئازاتر و بەسامتر دەردە کەوێ و ناسرەوێ، هەروەك چۆن چیای هەیبەسوڵتان ئەوی نابێ و ناکەوێ، ئەو هەیبەت و سوڵتانێك بوو، فەرماندە و قارەمانێك بوو، لە دژی داعش لە شەڕگەی لای مەلا عەبدوڵڵا، جێی پەنجەی دیاربوو سەباحی بەکر مەلا، هەمیشە سەیری خوێن و فرمێسکی ڕابردووی دەکرد، بۆیە لە جۆش و خرۆش دابوو ئاگری دەگرت، سەیریکە خۆێناوییە ڕابردوومان، ڕەنگین و ئاڵە پەڕەی مێژوومان.

تەنیایی بۆ بیرکردنەوە و هێلانەیە، پێشمەرگایەتیی ئەزموون و وانەیە، ڕاو بۆ وەرزش و خۆشی و چێژ و گەشتە، بۆ شارەزایی نهێنییە شاراوەکانی سروشتە، سەباح تابلۆی ڕەسەنایەتیی کەلتوری کوردەواری بوو، بە سمێڵە گەورەکەی، بە پشتێنە ئەستورەکەی، مشکی لە سەری جودا کاری بوو، داب و نەریتی کوردەورای تێدا زاڵ بوو، بە تفەنگ و کەو و ڕاو و شکاو پێشمەرگایەتیی سەرقاڵ بوو، لە شار زۆر نەدەگەڕا دوورە پەرێز، دەروون ئاڵۆز و کەم تێکەڵ و خۆپارێز، رازی و ڕەزا بوو بە نان و ئاوی حەمامۆك، بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشتر و داندۆك، تەمەن و جوانی و

گەنجی، ژیان و خەبات و ڕەنجی، بەسەر برد لە ناو شاخان، تا دڵی تەقی لەداخان، لە ٢٠٢١/٧/١٢ بە کپ داگەڕان چاوی لێك نا، بۆ باوەشی شەهیدەکانی بارەگای تێك نا:

**چاوی هەڵبێنە ڕوو لــە گەردوون کە**

**تەماشەی بلێسە و گڕی دەروون کە**

## مەرگی گەش:

مەرگ بیانوو دەخوازێ، بە شێوازێ دەسازێ، مردن گومان هەڵناگرێ، هەرگیز چارەسەر ناکرێ، مەرگ بێ وێژدان و بێ بەزەیی و کارەساتبارە، هەرچەندە ئازاری نییە بەس شکان و بریندار کردن زۆر بە ئازارە، بۆیە سەباحی بەکر مەلا، شەقی برد لە کێشەی لا بە لا، ئاسمان، هەتاو، مانگ و ئەستێرە، ڕۆحی سەباحی بەکر مەلا بە نەمری بسپێرە، لە دۆزەخی ژیان سووتابوو لێرە، مەگەر لەو دونیا بحەسێتەوە، ئارام بگرێ چیتر نەچەوسێتەوە، مردن تارماییەکە بە دوای جەستدا دەگەڕێ، (ئێمەش دەمرین و دەبینە خاکی سەرەرێ)



٢٠٢١/٨/١٥-کۆیە-ڕەهبەر سەید برایم لەسەر گۆڕی لیوا سەباح بەکر مەلا

فریشتەی ڕۆح کێشان ڕاوچییە ڕاوی مەرگ دەکات، پۆشتەترین ئاڵا و والا و باڵا بە کفن بەرگ دەکات، سەباحی بەکر مەلا، تەمەن وەری وەك گەڵا، بە جێیهێشت دایکێکی جەرگ هەڵقرچاو و ٧ جگەر گۆشە، (حەلیمە خان)ی دایکی دەروون تەندورێکی پڕگڕ و جۆشە، ڕۆڵەکانی (ڕاوکار - بەکر- نەوزاد- سەلاح- سیتا- سەرمەند- عالیە) حەیف سەباح ڕۆیی لە دەستمان جێگای خاڵییە.



# تا سەردەمێکیتر، کاکە مەمێکیتر

## پێنووسی پیرۆز:

کانی و رووبار هەمیشە سەرچاوەکەی پاکترە، ناوبانگی باش لە رووخساری جوان چاکترە، ڕاستی پتەوە وەك ئەڵماس، ناسکە وەکو گوڵە ڕێواس، وتەی جوان گەوهەرە، گوێ گرتن هونەرە، چەپکە گوڵ شایانی هەموو کەس نییە، ڕاستی حەشاردان لەبێ دەنگی بەس نییە، وەختێ تیری ڕاستی دەهاوێژی، دەبێ بەهەنگوین و گوڵاو دایبرێژی، مرۆڤ کە کوێربوو (چاویلکە)چ سوود، لەکن نابینا نرخی رووناکی بێ نموود، ئەوەی بەکوێری لەدایك بووبێ بڕوا ناکا رووناکی هەبێ، چی زێڕی ژێر زەوی وسەرزەوی هەیە نرخی نییە گەر چاکی وپاکی نەبێ!! وتەیەك دەبێژێ بیرمەندی مەزن (تاگوور)! لە سەرداری وشك ناخوێنێ مەل وچۆلەکە وشالوور، خاڵی جیاوازی مرۆڤەکان جەستە نییە دەروون و بیروکردارە، مەرەکەبی پێنووسی نوسەر بەوتەی (شکسپیر)وەك خوێنی شەهیدان بەهادارە، ناودار و ڕابەرەکان لە دڵی گۆڕستانەکانەوە دەردەکەون، پایە وپۆست وجوانی ودەسەڵاتیان بۆتە ڕابردوو وخەون، جەستە دەرزێ ڕۆحی نەمرەکان دەژێتەوە، هەروەك چۆن گوڵ کە دەوەرێ (تۆ)یەکەی دەمێنێتەوە، لە ژیان بەڕێ کردن ئاسانتر نییە، بەڵام لەسەرکەوتن ونەمری گرانتر نییە، ناو و ناوبانگ لەو وتانە دەردەکەوێ، کە لە پاشملە خەڵك بیگێڕتەوە و بیەوێ، نهێنی سەرکەوتن

لە قۆزتنەوەی دەرفەت و وەختە، زانیاری کانگایەکە لە هەموو جێگایەك لەگەڵتە و پوخت و ڕەختە، زانین ڕەوشت و نیوەی زانستە، بیرتیژی خەزێنەی یاد وتوانستە،(ئۆلتێر) دەبێژێ چ باکمە تاجی زێڕین و سامان و داهات، خۆ پێنوسێکی چاك و پیرۆزم بەدەستەوەیە ناترسێ لە ستەم ودەسەڵات، ناسینی مرۆڤ بەبێ ناسینی وشەکان مەیسەرنابێ، پێنووس گوزارشت لە کەسایەتی دەکات و بێ هونەر نابێ، بە وتەی (بسمارك) ئەگەر لەبری چەك بە قەڵەم شەڕبکەین، هەموو دوژمنەکان لەناودەبەین، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوو کارێکی پیرۆزە، بەڵام لەوە پیرۆزتر مرۆڤ بەشداربێ لە دروستکردنی مێژووی پاشەڕۆژا، خەیاڵ فراوانترە لە زانست و هونەر و وێژە، چونکە مەودای خەیاڵ بێ سنوورە و سەراپا دەگرێتەوە و باریك ودرێژە، پێگە و فەرهەنگی هەر میللەتێك لە دڵ وگیانی


(فەخری سامی) باوکی کاکە مەم بۆتانی

خەڵکەکەدایە، ویژدان لە دڵی کەسانی سروشت پاك جێی دەبێتەوە پەنایە، چ کەشتییەك نییە وەك خوێندنەوە بتبات بۆ دوورایی، چ ئەسپێك نییە بەقەد شیعری هەڵچوو بەهێزبێ لەخێرایی، خوێندنەوە کۆکردنەوەی کامەرانییە، میراتێکی جوان و جیهانییە، خوێندنەوەی نوسراوێکی پڕمانا و باش و چاك، گفتوگۆیەکی ژیرانەیە لەگەڵ مرۆڤێکی ڕووناکبیر و ناخ پاك، هەندێ شت هەرگیز تێرنابن لەیەکتر بەیەکجاری، خاك لە باران، نێر و مێ لەیەکتر، چاو لە تەماشا، زانا لە زانیاری!


(هەمینەخان) دایکی کاکە مەم بۆتانی

## ڕەك و ڕەسەن:

پنجێ ڕەسەن و ڕێچەلەکی لە جزیرەی بۆتان، کەوتە مابەینی کەکۆن و

هەیبەسوڵتان، سامی سەیدسلێمان سبغەتوڵلا باپیرەی کاکەمەم بۆتانی، بەخت و نێوچەوان لەزەمانی دەوڵەتی عوسمانی، دێتە شاری کۆیەی کۆن و کەکۆن، وەك فەرمانبەری فەرمانگەی پۆست و تەلەفۆن، کاکەمەم فەخری سامی سەید سلێمان بۆتانی، دەنگێکی دەگمەن و قامك و قەڵەمێکی ناوازە و کوردستانی، بۆیە نیشتەجێ دەبن و دەمێنێتەوە بەو هۆیە، لە ١٩٣٧/١/١٠ لە شارەکەی کۆیە، کاکەمەم لەگەڕەکی قەڵات لەوێ، چاوی بەژیان وجیهان دەکەوێ، لەسەرەتاوە بەدبەختی نووسرابوو لەنێوچەوان و ناولەپی، بە نۆ ساڵی کێوی ئومێدی داتەپی، باوکی کە مامۆستا بوو دەمرێ لە گوندی هەرتەل ساڵی ١٩٤٦، لە گۆڕستانی کۆیە لە زێدی باوکی



کاکە مەم بۆتانی و هاوسەری

خاك دەیگرێتە باوەش، دایکی بۆ مێردی لەتاو، کچێکی ساوا بەناوی (ئافتاو) لەسەربار لێی دەکەوتەخوار، نەهاتی ونەگبەتی سەربار وبن بار، هەناسەی لێ دەبڕێ، بەمەلۆتکەیی دەمرێ، لەتەك یەك دەیانێژن، فرمێسکیان بۆ دەڕێژن، دوو منداڵ لەگەڵ دایکێکی لەتەمەنی جوانی، دەکەونە ئامێزی ماڵی خاڵوانی، (بێوەژنێك و کوڕەکانی بە منداڵی) (لە هەواری خاڵی بۆ ماڵی خاڵی) بەرەو ژیانێکی ئاوارەیی و تاڵی، هەمینەخان بە شەرەفمەندی بە دوو بەچکەی سەلك وپەلك! لەبن دارێکی دانیشتن پێوەی نەبوو شتاقە پەلك، بەوەفاداری بەرامبەر کوڕەکانی ومێردی، تێ هەڵداو پێ هەڵدای زەمانەی دی، بووە تفەنگچی وتوتنەوان وبنەوان لە جەنەتول مەئوای شارەزووری، گردێکی بەناوکرا لەبەر کەسایەتی و رووسووری، گردی ئامنەخان، بۆتە نیشان، لە گوندی سۆیلەمیش، بەئیشە نەك بە ڕیش، جلکی ڕەشی لەبەر بوو نەك ڕەنگا و ڕەنگ و گوڵ گوڵی تا داپۆشرا بە کفنی سپی، زۆر جار وێنەی فەخری سامی مێردی دەردەهێنا دەگریا بە نهێنی و کپی، سلێمان فەخری و کاکەمەم، دەکەونە ناو گێژاوی حەسرەت و خەم، مەمی مەمان، داخی زەمان، ئاخی ناخی دەروونی، دیدەی تەم و نارونی، کاکەمەم بۆتانی، گران وژان

ژیانی، ناز بێ بەش، بەخت ڕەش بەڵام ناخ و قەڵەم وسەر وڕدێن سپی، گۆشکرا و بەبیری و چینایەتی و بەچەپی، تا سێی سەرەتایی لە کۆیەوە دوایی سەرەتایی و دواناوەندی لە سلێمانی دەخوێنێ، تا بڕوانامەی پەیمانگای بەرزی دارستان لە کۆلێژی کشتوکاڵ لە بەغدا بەدەست دەهێنێ، لە مناڵیەوە دیمەنی سروشتی کوردستان هەرتەل و کۆیە وپردێ، سەرسام بووە بە شاخ و باخ وخاك وگوڵ و درەخت و ئاو وەك کوردێ،



پەرتووکە چاپکراوەکانی کاکە مەم بۆتانی

بەوهۆیە چۆتە بەشی دارستان، لەپێناوی جوانی ڕازاندنەوەی ژینگەی کوردستان، بەدار و بەرد و دارستانەوە پەیوەند، هەر لە (دارەبەن) و پرۆژەی دارستانی (لە کلکەی کۆڵینەوە تا دەربەند)! لە بنچینەدا لە دایکەوە سابلاغی، لە بابەوە بۆتانی، لە بەهەشتی کۆیە و کەرکوك و سلێمانی بۆیە بۆتە کوردستانی، نۆبەرەی نوسینی لە کەرکوك بۆ ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ دەگەڕێتەوە، لە گۆڤاری ئامانجی قوتابیان، نوسینی بلاودەکرێتەوە، یەکەم بەرهەمی ئەدەبی ساڵی ١٩٥٧ بە چیرۆکی (بەسەرهاتی کنێر) لە گۆڤاری هەتاو بلاودەکرێتەوە بەخێر، بەناوی خوازراوەی (ڕاپەڕ-ڕاپەڕ بۆتانی-ئاسۆ-خاتووزین) دەکەوێتە ناوجیهانی چیرۆك و وتار نوسین، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لەپێناوی ئازادی خاك و وڵات، لەچەمی ڕەزان دەبێتە پێشمەرگە و ڕابەری سیاسی لە هێزی خەبات! دوایی دەگوازرێتەوە بۆ هێزی کاوە لە پشدەرێ، لەبنەماڵەیەکی سیاسی گۆشکرابوو بەباوەڕێ، کاکی کاکان (عومەر دەبابە)ی خاڵی، پەروەردەکار و مامۆستای بوو هەر بەمنداڵی!

## خاڵ خوارزا مەزن کرد:

بەرامبەر خاڵەکانی بەتایبەت دەبابە و تایەر مستەفا، دڵسۆز وپەیوەند تۆکمە و بەوەفا، پەروەردە و ئاوێتەی ئەدەب و سیاسەت بوو، بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین ویەکرێزی ودیموکراسیەت بوو، بەکارەسات و نەهاتی ڕاهاتبوو لەڕەگ، بەئاوارەیی و ڕەزالەت ژیابوو

بووە ئەفسەری یەدەگ، دوایی وازی هێنا لە پلە و ئەستێرەی ئەفسەری، بەمووچەکی کەم لە دارستانی کەڵەك بۆتە کرێکاری هونەری، گەنجی قۆناغێکە کە ڕۆیی ناگەڕێتەوە، یەکەم عەشق هەرگیز بیرنا چێتەوە، هەروەك چیرۆکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، بە خاتووزینی ئامۆزای نەگەیشت بە کاکەمەم بۆتانی، سۆزی ئەوینی خاتووزین و مەم! پەروانە قەت ناگاتە شەم!! دڕك بووە باعیسی دوو دڵان کرا ستەمێکی تر، دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین ومەمێکی تر، بەیەك ناگەن ئەو عەشقە هەر بەنەمری وەك خۆی دەمێنێ، سەرەنجام نازەنین خانی کچەخاڵی دەهێنێ، بەرهەمیان سێ منداڵە، سکاڵا، باڵا-ئاڵا، چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی بوو لەبەسەرهات وکارەسات، ساڵی ١٩٦٩ ئاسۆی نوێ گەریەتی لێ هەڵات، لەبرەو دابوو لەنوسین ورۆمان وچیرۆك، هەمیشە تەکنکیی کردۆتە حزمەتی ناوەڕۆك، هەوڵی داوە بەشێوەیەکی تازە و دارشتنی جوان بەوردیی، بۆ ئەدەبی بەرگری وبەرەنگاری وناوەڕۆکی ڕیالیزمی



١٩/٤/٢٠١٨-مەڵبەندی کۆیە-لاوکۆ سادق-کاکە مەم بۆتانی-ڕەهبەر سەید برایم

کوردی، لەگەڵ چیرۆکنووسین و ڕۆمان نوسین و وتار هاوشان، نوێ خوازبووە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و هۆنراوە پەخشان وەك هەنگ گەڕاوە بەدوای شیلە وشەکر و وشەی پاك وپاراو، بەزمانێکی زیندوو نوسینی دەپرژاند بەگوڵاو، تاقامکی لە جووڵەبوو گەریدەی تازەگەری و نوێخوازی بوو، لەهەموو وەرزەکان بوێر وبەهەڵوێست وجێی شانازی بوو، لەڕۆژگاری سەختی شۆڕش و پڕمەترسی، کاکەمەم بۆتانی نوسینی بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ دەنووسی، بەناوی خوازراوەی (عەلی خالید حەمید) مەبەستی وەفاداری بوو بەرامبەر سێ شەهید، (عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و حەمید باتاسی)، جەللاد وقولادەکانی بەعس، نەیان دەزانی کێ یە؟ ونەیان دەناسی، (خەندەی مەرگ) (ونبوون لە بزریدا) زامی کارەساتی کوردە لە هزریدا، (گۆرانی دەربەدەرێکی یاخی بوو) لە شاریش هەست وسۆز وقەڵەمی لە شاخی بوو.

## مووی سپی تاج:

تێگەیشت بوو لە وێژە و مێژوو، خوێندنەوە و نوسین لێ بوو بوو بەخوو، وەختێ خوێندنەوە بریتییە لە گۆڕینی کاتی بێزاریی، بۆ ئاسوودەیی دەروون و بەختیاری، بۆ زاخاوی مێشك و ژیر و بیر و هۆشیاری، خوێندنەوە پەنجەرەیەکە جیهانی پێ دەبینی، بۆ فراوان بوونی ئاسۆی دیدە و ڕێنوێنی، هاوڕێ دێرینەکان بۆ پشت پێ بەستن، کتێبە کۆنەکان بۆ خوێندنەوە پێویستن، چونکە خوێندنەوە بۆ مێشك وەرزشە، چێژ و سەلیقە و حەز و ئارەزوویەکی سوودبەخشە، بۆیە لە بەکارهێنانی هێمادا زیرەك و



۲۰۱۵/۲/۱۰- کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی


لە ڕاستەوە: ئیبراهیم سابیر-م.عەلی حەویز-رەهبەر سەید برایم-جەلال جۆبار-کاکە مەم بۆتانی

بەتوانابوو، نوێکارێ بوو ئەستێرەگەشەی ڕۆشنگەری کوردایەتی ناونرابوو، لاسایی کردنەوەی نەبوو بەشێوەی واقعی ڕەمزی، بە ئەفسوناوی ئەفسانەی کوردی دەینووسی نەکەوتە بێ هێزی و کزی، شەست ساڵ لە سیاسەت و وێژە وهونەر، بەقوڕبەسەری دەردەسەری ژیانی بردۆتەسەر، بەردی بناغەی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نوسەرانی کورد بوو، لەنێوان بەغدا و کوردستان ڕابەری کار و پەیوەندیداربوو پردبوو، هەر سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کورد بوو تا دواهەناسە، رژدبوو لەسەر داکۆکی نوسەران بەوەدەکرا پێناسە، پەیوەندی فراوانی هەبوو لەگەڵ خەڵکی شاران، بەتایبەت لەگەڵ نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیر و سیاسەتمەداران، لەو باوەڕەدابوون کە بەبێ یەکڕیزی و دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕین کورد ناگاتە ئامانج، بەهەستی تەسکی حزبایەتی ودژایەتی ودوژمنداری لەگەڵ یەك کورد ناکا قازانج، توێژەر، ئەفسەر، نووسەر، ئەکتەر،

ڕۆماننووس، چیرۆکنوس، ڕۆژنامەوان، لەهەر باخ ودارستانێ دارەوان وباخەوان، لە (بومەلەرزە لە گۆمی مەندا) و(مەلە لە ئازارەکاندا) مەلەوان، لە (درز) و (ژانە ڕێیە خۆڵەمێشیەکان) (دازییەکانی رەشەگۆم) و (سێرە لەنیشانەی مەرگ) لە (هەیڤپەیڤین) ڕاستگۆ و واقعی و بەویژدان و بەجەرگ، کاکەمەم بۆتانی، ئاسوودە بوو ویژدانی، وەك قارەمانێکی کوردایەتی لە بواری ئەدەبی بەرگری و بەرەنگاری، خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی بەکوردایەتی گرێ دابوو لەپێناوی ڕزگاریی، (سێبەری بەرسەنگەری مەرگ) و(زەرووی تەمەنی ئەرخەوان) وا جوان دایرشتوون و پێشکەش کردوون بۆ کەسانی پاڵەوان، چەپکێ قەڵەم بوون جیاواز بۆ ئازادی وا تێدەفکرن، بەدروشمی (قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) کاکەمەم ملوانەیەکی پەلکەڕەنگینەبوو لەسەر سنگی ئاسمان، کازیوەی زێڕین بوو لە ئاسۆگەی باواجی و هەیبەسوڵتان، ئەرشیفی ڕابردووی مێژووە مووی سپی تاج، پیاوێکی بەرێز پاك وچاك وپرەنسیپ نەگۆڕ و بەرەواج، ناخی گڕوکپی، مووەکانی بەفری سپی، بەفر تارا و جلکی بوکێنی زەوییە، لە رەشانگ مانەوەی پەڵەبەفر کەوییە، تاجی زیوینی ناو سەران، گوڵەسپی باخی نووسەران.



عومەر دەبابە



شەهید سلێمان فەخری



تاهیر مستەفا

## ڕوانگەی مەرگ:

لەچلەی زستان و بەفرانبار و ڕێبەندان، ئەو هەمیشە بەهاری ئەدەبی هەبوو بەگوڵان و خەندان، دەریا بە شەپۆڵەوە جوانە ئاسمان بە هەور وهەتاو و ئەستێرە و مانگ،

کاکەمەم لێی جوان بوو بە (ویقار)پرچی تاجی سپی و بەشوێن ڕێز دەگەڕا نەك ناو و ناوبانگ، هەرچەند بە دژواری ژیا، بەڵام دڵداوێر و هەژیا.



لە ڕاستەوە:هیوا سۆفی بەکر-عەقید سەلاح عومەر-د.مشیر-کاکە مەم بۆتانی-عەزیز کاوێس-ڕەهبەر سەید برایم

بە تەوژمی نوێکاری بەو پێودانگە، ساڵی حەفتاکان رایانگەیاند ئەدەبی ڕوانگە، وەك خەڵکی ئاسایی دەدوا بەڵام ژیرانە دەینووسی، بەوەفا و ئەمەك بوو بۆ کاکی کاکان و کاکە بلە و هەڤاڵ مێرووله واتە (حەمید باتاسی)، کاکەمەم، واتە خەم، گەر تاڵی لە دڵ دابێ، بەشەکر شیرین نابێ، تاکە براکەی شەهید (سلێمان فەخری) ئیسلامییەکان کوشتیان بەناهەق وکافری، (بەردیش بەرگەی ئەم ئازارە ناگرێ) (لە خۆمان بێکەسێ) (بۆ چ قاوت دا) لەناو ئاگرێ (هۆ کاکە برا) (گڵکۆی پەنگران)، دڵ ئاگردان و کۆستی گران، (کەلەکی زام لە گۆمی ئازار ناپەڕێتەوە) (کاروانچی بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە) (لە درزی دەروازەی کۆشکێکەوە) بەگوڵ و تنۆکە فرمێسکێکەوە، لە ڕۆژمێژووی ٢٠٢٠/١٠/٢٥، بە کۆرۆنا ڕۆیی قەڵەمێکی سپی و کوردێکی سۆشیالیست، (سەمای ژەمە مەرگێکی تر) بە نەمری وزیندوویی لەبەرگێکی تر، (لە پرسەی دوا گڵکۆی وەرزا) (بەهارێزان) لە ریزی رێز و بەرزا، مردن وەڵامێکە پرسیاری ئاڕاستە ناکرێ، تا چیرۆك و ڕۆمان و نوسین مابێ و ناوی نامرێ، تا سەردەمێکی تر، نایەتەوە، کاکەمەمێکی تر، سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر.

## سەرچاوەکان:

١. زۆربەی ناو کەوانەکان نوسین و چیرۆکی کاکەمەم بۆتانین، سوودیان لێ وەرگیراوە! وەك: (مەلە لەناو ئازارەکاندا، (کاکەمەم)ێکی تر، بەهارێزان، وازییەکانی رەشەگۆم، هۆ کاکە برا، گڵکۆی پەنگران)
٢. گەشتێك بەناو پەند و ئامۆژگارییەکاندا – نوسین و ئامادەکردنی عەزیز بارزانی.
٣.دیوانی وەفایی.
٤. هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید بەناوی (کاکەمەم بۆتانی- ئەو نوسەرەی سیاسەت بەقەرزاری خۆی دەزانێ).
٥. ژانەرێیە خۆڵەمێشیەکان-بەرگی دووەمی بیرەوەری کاکەمەم بۆتانی.
٦. هەڤاڵ مێرووولە(نەبەزێکی گۆربزر)کاکەمەم بۆتانی.
٧. کاکەمەم بۆتانی لە دۆسیەی (دیوان)دا گۆڤاری دیوان ژمارە (٥) ٢٠٢١.
٨. هێمن (دیوانی شیعر).
٩. خەندەی مەرگ(چیرۆکی زۆر کورت) کاکەمەم بۆتانی.
١٠. کوردستانی نوێ ژمارە (٨٤٩٣) لە ٢٠٢١/١٠/٢٥ (کاکەمەم بۆتانی-قەڵەمێکی بەهەڵوێست).
١١. نامەیەکی دەستنووس بەخەتی خۆی بۆ (رەهبەر سەید برایم).
١٢. لە ١٩٩٣/٢/٢٠ بزوتنەوەی ئیسلامی بەدارە مەیتێکی بەتاڵ لە تۆڵەی یەکێکی بزوتنەوەی ئیسلامی، بەناڕەوا و بەپیلان پەلاماری کۆمیتەی ڕێکخستنی

(ی.ن.ك)دەدەن لە رانییە، ئەمانە شەهید دەکەن (مامۆستا محەمەد سوڵتان- سلێمان فەخری- عەلی مام قادر- بەختیار حمە مەجید) سلێمان فەخری بە ڕۆژوو بوو قورئانی لە باخەڵ بوو! کە شەهیدیان کرد.

١٣.چەند ماڵە کۆییەك ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ کاکی کاکان و تایەر مستەفا دەبنە توتنەوان لە شارەزوور، سەرەنجام هەندێ ماڵە کۆیی دەمێنەوە، گوندی (سۆیلەمیش)دەکڕن و ناگەڕێنەوە کۆیە، بەڵام پەیوەندی وخزمایەتیان پتەوتر دەکەن، بە کۆیی دەناسرێن.

١٤. یادت بەخێر کاکی کاکان، ئامادەکردنی بنەماڵەکەی.

## واتای وشەکان:

* دڵداوێر: رازی.
* هەژیا: شەریف.
* کەوی (کەڤی): پەڵە بەفر کە دەمێنێتەوە لە رەشانگ.



# ئەردەلان:
# شەبەقی شەوەزەنگی ناو زیندان

## ژیان و مردن دەریا و رووبار:

لە هەر جێیەك جەماوەر ترسیان لە دەسەڵات هەبێ ئەو جێیە چەوسانەوە فەرمانڕەوایە ستەمكارە، ئەو جێیەی دەسەڵات لە خەڵكی بترسێت دیارە ئازادی تێدا بەرقەرارە، ئەشكەنجەدانی ویژدان، بە سوێترە لە مردنی نێو بیابان، لە سینەی پاك بڵێسەیەكی ئاسمانی هەیە ویژدانە، ڕاستی ژیان پێكهاتەی پێكەنین و گریانە، مرۆڤ ئاوێتەی نێوان خەندەی خۆشی و فرمێسكە، سەرەئەنجام دەڕزێ لە ژێر خاكا ئەو خوێن و گۆشت و هێسكە، گرینگ نییە لە كوێیەوە هاتووی بەس دوایی بۆ كوێ دەڕۆی، بۆیە بە سەربەرزی بژی تا هەی و لەسەرخۆی، چ سوود گوڵێك بۆنی نەبێ، هەورێك بارانی نەبێ، مرۆڤێك ویژدانی نەبێ، ژیان و ئازادی زەمانی نەبێ، نابینا لە مانای تاریكی ناگات، ڕێز و خۆشەویستی لە چاوەوە دەست پێ دەكات، هەر بە هەمان چاو كۆتایی دێت بە فرمێسك و كارەسات، ڕاستی و دروستی، یەكەم بەشە لە خۆشەویستی، باشترین میرات باوك بۆ ڕۆڵەكانی، پەروەردەی جوانە بە ڕێز و میهرەبانی، نەك پارە و سامان و كۆشك و تەلار، مرۆڤ شاكاری نەبی ناگاتە سەر لوتكە و سەردار، شەڕەف لە پارە بە بایەخترە، مرۆڤی شەڕەفمەند بە بەختترە، پارە دەم و زمانی نییە، ڕۆح ویژدانی نییە،

کەچی دەمی زۆر کەسی داخستووە، هەیە دڵ و دەروونی بۆ ڕاخستووە، گەورەیی ئەوەیە بە پەیی خۆت بەرەو لوتکە و بەرزایی بچی، نەك لە سەر شانی خەڵك بیکا بە پێپیلکە بە ملکەچی، لاوەکان خۆیان هەڵدەکێشن بە داهاتوویانەوە، پیرەکانیش بە خۆیان دەنازن بە یادگاری کۆن و ڕابردوویانەوە، ژیان و مردن، یەك شتن وەك دەریا و رووبار، هەر لە زگی دایکەوە بگرە تا دەگاتە گۆڕی تەنگ و تار، نرخی تەندروستی نازاندرێ، تا لە دەستی نەدەی، نابێ زیادەڕەوی بکەی بۆ ناو قورگ و گەدەی.

## پەروەردە و ئاکار:



٢٠١٥/٧/٣٠-کۆیە- لە ڕاستەوە: بەختیار بێسەری-شێخ سەعید-دیار مەجید-محەمەد سەلام-رەهبەر سەید برایم-عەلی سوور-قوباد تاڵەبانی-نەبەز فازیل مام ڕەزا -ئەردەڵانە سوور

هەموو دایکێك و باوکێك لە ناخ و ناوەڕۆك، حەزدەکەن ڕۆڵەکانیان ببن بە سەرۆك، ناوبانگیان باش و دیار بن، وەك ئەستێرەی پرشەنگدار بن، ئەردەلانە سووری مامۆستا ئەنوەری، پەروەردە کرابوو بە نیشتمانی و کورد پەروەری، ئەردەلان بەناوی میرنشینی ئەردەلانەوە ناو نراوە، ماه شەرەفخانم (مەستوورە) یەکەم ژنە مێژوونووسی کوردە بایەخی بە مێژووی ئەردەلانییەکانی داوە، مەستوورە خانمی سنەیی لە شاری سلێمانی نێژراوە، ئەردەلانییەکان ئەردە شێرن بوونەتە والی کوردستان، فەرمانڕەواییان کردووە هەر لە موسڵ هەتا هەمەدان!

ئەردەڵان ئەو گەنجە جوان و چاو هەڵۆیە، لە ١٩٦٨/٢/١ لە دایكبووە لە شاری كۆیە، باوكی ئەردەڵان مامۆستا بووە لە قوتابخانە، ڕۆڵەكانی گۆشكردبوو بە گیانی كوردانە، پەروەردەی كردبوون وەك كوردێ:


پــــــیرەمــــــــــــــێردێ
چووە قوتــــــــابخانەی گوندێ
لــــــــــــــە حەوشە دا ڕاوەستا
دەوریان لێدا مـــــــــــــامۆستا
ها خــــــــاڵە گیان چیت گەرەكە
پیرەمێردی بەستەزمـــــــــــان
لاواز بوو بوو وەك گۆچــــــــان
وەتی توخوا مـــــــــــامۆستا گیان
فێرم ناكەی چۆن بنووسم كوردستان

## مل لە چەقۆ وسوون:

لە زەمانی بەعس و سێدارە، لەو ڕۆژگارە سەخت و پڕ مەترسیدارە، لە هەر كوچە و كۆڵان و گوزەر و بازاڕ و لە زۆر كون و كەلەبەران ڕایەڵەی ڕێكخستن هەڵچنرابوون، دڵ و دەروون و سۆزی خەڵك لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگە لە دەوری چرای چیا بوون، ئەوێ ڕۆژێ دار و دیوار و بەرد لە ناخەوە، پەیوەندی ڕۆحیان هەبوو بە شۆڕشگێرانی شاخەوە، ئەردەڵانی مامۆستا ئەنوەر عومەر، وەك كورد پەروەرێكی دڵسۆز و تێكۆشەر، لە ساڵی ١٩٨٢ لە ڕیزەكانی (ی. ن.ك) پەیوەندی بە ڕێكخستنی (ی.ش.ك)ەوە هەبوو، شۆڕشگێڕان بوو، لە خەباتی نهێنی لە گەرمەی تێكۆشان بوو.
ساڵی ١٩٨٤ بەشداری كۆنفرانسی شۆڕشگێڕانی كرد لە دەمزێی گوندی مەلا زیادی، لە دوژمن نەدەترسا بە پەرۆش بوو بۆ سەرفرازی و ئازادی، لە هەر جێیەك ئازادی لێ بووایە نیشتمانی ئەو بوو، پاك و چالاك و بڕوا پۆلاین و پتەو بوو، ئاسمانێكی دەویست تێیدا بفڕێ، زەمینێكی دەویست تێیدا هەڵپەڕێ، بریا هەندێ مرۆڤ وەكو باڵندە بوونایە، نرخی ئازادییان بزانییوایە، نان و دان و ئاویان لە بەردەم دابوونایە، نەیان خوارد بوایە و

هەڵفڕیونایە، پەسەندایەتی بەندایەتییان نەکرادایە.

ئەردەڵان لە کوورەی ڕێکخستنی وەك پووره هەنگ، لە جووڵە و چالاکی دابوو بێ دەنگ، بەڵام مخابن بە هۆی خۆفرۆش و خائینان گیران، لە بەردەم دادگای بێدادی بەعس ئاشکرا کران، لە بێ دەنگی، دەنگی خوا دێتە گوێ، برینەکان دەکوڵێنەوە دێنەوە سوێ، لە بێ دەنگیدا، دڵ سەد زمانی هەیە، وەرام و لێکدانەوەی جوانی هەیە، ئەو هەموو جوان و گەنجە، خرانە ناو زیندان و لێدان و ژێر ئەشکەنجە، لە ژێر ئەشکەنجەدان شەهید هەڵۆ باقی گیانی لە دەستدا، ئەردەڵان و هاوڕێیەکانی خۆیان ڕاگرت و ورتەیان نەکرد و و ورەیان بەرنەدا، ئەردەڵان بەو تەمەنە گەنجی و جوانییە، کە نموونەی


ئەردەڵانە سوور

قارەمانییە، پاڵەوانی بەندیخانە بوو، باکی بە لێدان و سزا نەبوو، دڵ و زمان دوو ئەندامی گچکەی جەستەن، بەڵام گەورەی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، سەرەنجام مامۆستا سەلیم حەنا و مامۆستا قادر سەمەد لە سێدارەدران و شەهید کران، ئەردەلان و هاوڕێیەکانی حوکمی هەتا هەتایی دران، لەگەڵ (عیماد غەفووری، دڵدار نادر کارەباچی، شێروان حەسەن قولی، دیار خدر، فەرەیدون ستار تەمەر، کەیفی عەبدوڵڵا بەناز، هاوار حاجی، ڕۆستەمی مسەویر، حەسەن کاکە، سەباح حەنا هەرمۆتەیی، جەبار ئیلینجاغی، ئاکۆ کەمال نەجاڕ، کەریم عەبدوڵڵا، ئاراس ئیسماعیل ساڵحی) ساڵێك و نۆ مانگ و ٢٤ ڕۆژ گیران و لە بەندیخانە مانەوە، دوایی بە لێبوردنی گشتی کەوتن و ئازادکران بۆ جێی خۆیان گەڕانەوە، ئەردەلان لە ڕێکخستن دانەبڕا، بەردەوام بوو پەیوەندی نەپچڕا.

## لالۆ و سروودی بەندیخانە:

هونەرمەند و پێشمەرگە لالۆ ڕەنجدەر، لە پێشمەرگایەتیی لە شاخ و هەوراز و دەشت و دەر، سروودی ئەی بەندیخانە دەچڕی دەینەڕاند وەك شێری نەڕ، بۆ ورە بەرزی خەباتی نهێنی:

ئەی بەندیخانە تـــــــاکەی دەمێنی
لاوانی گەلمان نـــــــاو خۆت دەچێنی
وابووی بە ژووری قووڵ و تەنگ نەفەس
لە بۆ میللەتی هـــــــەژار و بێکەس
دیوارەکـــــــانت هەروەك پۆڵایە
ژوورەکەت تـــــــاریك وا بێ چرایە
لێدانی قامچی نـــــــانی شەومانە
پەتی سێدارە لـــــــە گەردنمانە
کەلەپچە و زنجیر لـــــە دەست خراوە
دەرگای زیندانمـــــــان لێ داخراوە
ئێش و ئـــــــازاری بریندار بەند
هەڵدەگیرسێنێ ڕاپەڕین و جـــــــەنگ
ڕاپـــــەڕینێکی شـــــۆڕشگێڕانـــــە
بۆنەهێشتنی ئەو فـــــــاشیستانە
بێ شك بزانە ئەی بەندیـــــــخانە
دەتکەینە جێگای گوڵ و ڕێـــــــحانە
تێکدەدەین دەرگا و دیوارەکـــــــانت
پەت دەخەینە مل جەلادەکـــــــانت

هەرواش دەرچوو، ڕژێمی بەعس بەسەرچوو، هیوا و گەشبینی و ڕووناکیەکی دیارە، لە تاریکایی و شەوە زەنگ پڕشنگدارە، مرۆڤ تا لاپەڕەی ژیانی هەڵنەدەیتەوە نایناسی، ئەردەڵان تێکۆشەرێکی خۆڕاگر بوو زیندانی سیاسی، خۆشەویست و خانەدان، خزم دۆست و بە مێوان، ڕووخۆش و شارستانی، خۆش ئاشنا بە دۆستانی، بەشوورە و دیوار خۆی نە دەپاراست، هاوڕێیەکانی شوورە و قەڵابوون دڵسۆز و سەرڕاست، برادەری کەم و دەگمەن بوو، بەڵام ناسیاوی زۆر و زەبەن بوو، کەسایەتی بوو بێ فیز و ناز، خێرخواز و بەسۆز و ساز، کە پێدەکەنی وەك گوڵ دەگەشایەوە، پیاوەتی و چاکەی زۆر لێ دەوەشایەوە،

ڕق و دوژمنی کەس نەبوو، پیاوێك بوو هاوکار و هەبوو، بازرگان و کاسبکار، هاوڕێی گیانی بە گیانی بوو لە ڕێگای سەخت و دژوار، بە ئەمەك و وەفادار، خوێن شیرین و گیانی شیلەی هەنگوین بوو، دڵ و دەروونی باخچەیەکی ڕەنگین بوو، دەگەڕا بە دوای نانی حەڵاڵ و کامەرانی و کار، بۆ ژیانێکی سەربەرزانە و بەختیار، تەمەن لاقی نییە دەڕوا ناگەڕێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ سات بە سات کەم دەبێتەوە، نازانی ژیان کوو دەبڕێتەوە، لە مردن ناگەی و دەزانی و نازانی، مشتومڕ هەڵناگرێ نییە گومانی، مەرگ بە یەك چاو لە هەموان دەڕوانێ، هەر کەس بێ شا و گەدا و دەسەڵات دار نازانێ، مردن گەورەترین نهێنییە بۆتە مەتەڵ و ئەفسانە، بە نۆرە و وەخت و تەمەن نییە، بەڵام بۆ هەمووان یەکسانە، کەس دەرووەستی مردن نایە، چەرخ و فەلەکە ئەو پیرە دونیایە، ئەردەلانە سووری مامۆستا ئەنوەری، لە ٢٠٢١/١١/١٥ بە تەمەنی ٥٣ساڵی گوڵی تەمەنی هەڵوەری، بە شەکرە و کپ داگەڕان، تەخت و بەختی وەرگەڕان، هێشتا زوو بوو زوو، هی مردن نەبوو، حەیفە کوڕێکی وا چاك و خاکی و چەلەنگ، ئەو شێوە جوانەی بزر بێ لە ژێر خاك و گۆڕی تەنگ، چۆن بڕژێ رومەتی بەفر و خوێن بوو، پارچەیەك زێڕ و پرچی زێڕین بوو، خۆزگە وەك مانگ دەبوو کە ئاوا دەبوو هەڵبهاتایەوە، گەشتێکی هەمیشەیی نەبا و بەگەڕابایەوە، هەرچەند هاورێی ڕاستەقینە دەرناچێ لە دڵ، لە بەرچاویش بزر بێ و بخرێتە ژێر گڵ، مایبوو نەگەیشتە ترۆپکی تەمەن، ڕۆیی و لەدەست چوو بە جەستە و دیمەن، نەژیا بە تەمەنێکی تێر و درێژ، بە جێهێشت (سەرمەد و سایە و سەدا و سارێژ)، چنارۆك خامۆش بە بێ ئەردەلان، هەواری خاڵی و پڕ لە بەردەلان، ئەردەلانە سوور، ئەردەلان کۆیی، بەرووسووری و گەشمردەیی ڕۆیی.



## جەبار فەرمان:

# فیلەتەنی زەمان

### ڕەوسە:

سیاسەت دروستکەری ئابوورییە، زانست و هونەرە بابەتێکی تیۆرییە، دەرمانی ڕاستەقینەی مێشك فەلسەفەیە، بە مەردی ژیان ئەو شکۆ و شەڕەفەیە، فەلسەفە واتا ناسینی ڕاستی بەتەواوی، خۆشەویستی و زانستی دەگەینێ بە خەملاوی، لە زانست باشتر ئەزموونە، هەوڵدان و نەسرەوتن و فێربوونە، قوولی دەریا بە قاچ تاقی ناکرێتەوە، زانیاری هەڵە مەترسی لێ دەکەوێتەوە، ڕاستییەکی تاڵ هەزار درۆی شیرین دەهێنێ، وتەی جوان و چاك زمان ناروشێنێ ، مرۆڤی ژیر لە بێ دەنگی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام لە زۆر قسەکردن پەشیمان دەبێ لە شەرمان دەتوێتەوە، هەیە زۆر قسە دەکا هیچ ناڵێ، لە شتی بچووك و بێ کەلك دەئاڵێ، تەماشای پشتەوە مەکە بە پەشیمانی، سەیری پێشەوە مەکە بە پەرێشانی، سەیری سەرەوە بکە بە متمانە و ئاواتەوە، لە پێشبرکێ کەم کەس ئاور بۆ دواوە دەداتەوە، کەسی سەرکەوتوو بێ دەنگە و خەندەی لەسەر لێوە، نهێنی ئازادی ئازایەتییە دەزانێ بە کوێ دەڕوا بەڕێوە، خەڵکی زیرەك زانایانە دێتە گفتوگۆ، یان بێ دەنگ و مات وتەی نادا بە فیڕۆ، ناتوانی دەست لە هەنگوین بدەیت و دەست نەلێسییەوە، دەبەنگ و گەمژە تێیناگا چەندان جار بۆ بڕێسییەوە، سەرکەوتن

بەرەو رووت نایە دەبێ بەرەو سەرکەوتن بڕۆی، خۆڕاگری و بەردەوامبوون و بەردەم رووی دەبێتە هۆ و بنەما بۆی، لە پاڵ مرۆڤی سەرکەوتوو چەند ساڵ سەرنەکەوتن هەیە، کە زانیت چۆن شکستت هێناوە تێدەگەی کۆسپ و بەرکەوتن هەیە، هەندێ شت جێی نا ئومێدە، رووباری وشك و وڵاتی بێ سەرکردە، تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ سەرکەوتن و راهێنان، فێربوون و ئارەزووبوون و بە دەستهێنان، (هیتلەر) لە ژنەکەی و هۆشیاری خەڵك دەترسا، لە ئاست سوپای سووری رووسی تێکشکا، سەرکردەیەکی سیاسەتمەدار خەڵکی بڕوای پێ دەکرد، کەچی ژنەکەی متمانەی پێ نەبوو هەتا ئەو ڕۆژەی مرد، چەند بنەمایەك لە ژیان چاکترە نەشکێن، باوەڕو دڵ و پەیوەندی و بەڵێن، کە شکان دەنگیان نییە ئازاریان هەیە، لە ناخدا بانگ و هاواریان هەیە، ئایندە هی ئەو کەسانەیە بە جوانی خەونەکانیان دەبینن، لە ویژدانی مێژوو دەژین لە ناو دڵی گەل شیرینن، سەرکردەی مەزن و راست ئەوەیە دیدگە و خەون و خواستی، لە گۆڕەپانی کار و ئامانج بکاتە راستی.


جەبار فەرمان

## لە بان میلەوە:

شابازێ لە خانەقینەوە بە باڵی خۆی هەڵفڕی، لە بان میلەوە بە مەیلەوە ملی نا بە هەزاران میلی بڕی، لەسەر ترۆپکی ئاواتی خەبات و کوردایەتی هەڵنیشتەوە، بە لێخۆبوردی و کوردانە و مەردانە بە ویست و سروشتەوە، بوو بە دار خورما لە گەرمەسێر و بیابان، لوتکە لە چیای هەڵاج و دابان، تاجی شا لە دارول موڵکی بابان، لە بان میلەوە، گیرسا لە قەندیلەوە، (دەریا)یەك بوو کەنارەکانی بە شەپۆڵ و شڵپە، ئاگرێکی گەش و گڕدار بە (بڵێسە) و (گڵپە)، بووە ڕەشماڵی (ڕەوەند) و مەڕداران، لە گەرمیان و کوێستان وەك کۆڵەگەی دەوار و هەواران، بۆ دۆزینەوەی خۆی، خۆی ون کردبوو بۆ ڕاژەی گەل، ڕێگای دۆزییووە بۆ سەرکەوتنی سەرکەڵ، لە ڕێگا لاینەدەدا دڕکی لە قاچی ڕاچێ، بۆ وێستگەیەك نەدەچوو کە بۆ ئامانجی ڕەوا ناچێ، لە هەمووکات بە بیر و باوەڕ و ورەوە دەستی پێ دەکرد، تاڵی و سەختی و دژواری ڕۆژگاری بە شیرینی

بەرێ دەکرد، پێکەنینی بە ترس دەهات و لە تەنگانە و ڕۆژانی ڕەش خەندەی سەر لێوان بوو، لێوان لێو کە ئازایەتی و ورە شاسۆی کێوان بوو، هێرشی کورت ماوە و پلانی دوور مەودای هەبوو، شەڕی یەکلا دەکردەوە و سازش و سەودای نەبوو، خۆی مامۆستا بوو نەیخوێندبوو لە خول و زانکۆی سەربازی، بەس شارەزا و ئازا و ورد بوو لە پلان و نەخشەسازی، گیانی تەژی لە بیر و بڕوا و ورە و وزە، شەختە شکێنی شەڕبوو دەم بە بزە، مرۆڤی گەشبین متمانەی بە خۆی بێ بۆ لوتکەی بەرزی، دەتوانێ شاخ کون بکا بیر هەڵکەنێ هەر بە نووکە دەرزی، جەبار فەرمان، سوپاسالار و سوپەرمان، بڕوای وابوو



لەڕاستەوە: جەبار فەرمان-هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد-مام جەلال-سەبیحەخان هاوژینی جەبار فەرمان

سوپا دەبێ سەربازی و مەشق پێکراو بێ، نەك زۆر و بۆر و هەرەمەکی و ڕێکنەخراو بێ، بێ کەلکە سەرباز گەر ئارەزووی نەبێ ببێ بە ژەنەڕاڵ، دەبێ بیرۆکەی پێشکەوتن و دەرکەوتن و سەرکەوتنی هەبێ بچێ بەگژ نابێ و ناکرێ و مەحاڵ، ئەو خۆی بە دوور دەگرت لەوانەی دەیانگووت ئەو کارە ناکرێ، دڵنیا بوو لە بردنەوە دەیزانی دژمن خۆی بۆ ڕاناگرێ، کام شەڕ؟ کام شاخ سەرکەڵ با، دەبوو (فیلەتەن) لەوێ با لەگەڵ با، جەبار فەرمان، ڕۆڵەی کاری گران و فەرمان، نەیدەزانی بەزین و داڕمان، بە هیوای فێربوون و ئەزموون و دیدەروون و حەز لێبوون و بەدەستهێنان، پێی وابوو چەند ئارەقە بڕێژرێ لە گۆڕەپانی مەشق و ڕاهێنان، کەمتر خوێن دەڕژێ لە گەرمە شەڕ و بەرگری و هێرش ، لە ئەنجامی کۆشش، لە ڕووبەرووی مەشق و وەرزش، جەنگی سەربازی بەرەنگاری دەکرێ بەڵام هێرشی فکری سەختە، بۆ گەیشتن بەرەو سەرکەوتن دەبێ

بەرنامە هەبێ زمانی سەردەم بزانێ پێش وەختە.

## پاکی و هاوڕێییەتی:

مرۆڤ ناتوانێ ڕاستگۆ بێ ئەگەر دلێر و بوێر نەبێ، فەرماندە و سەرکردە و رابەر لە پەندی شکست سەرکەوتن فێر دەبێ، جەبار فەرمان، بایەخی دەدا بە رۆڵەی قارەمان، هاوڕێییەتی ئەوە نییە زۆرترین ماوەییە دەیناسی، بەڵکو ئەوەیە بە جێت نەهێڵێ لە نیوەڕێ لە تەنگانە و کەساسی، هاوڕێی باش دەتوانێ کاری ناراست راست بکاتەوە، فەرامۆش



۲۰۰۷/۸/۹-سلێمانی-گردی سەلیم بەگ-لەسەر گۆڕی سەرکردە جەبار فەرمان
بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و بەشێك لە ئەندامانێ (م.س) و سەرکردایەتی (ی،ن.ك)

نەبێ بە دڵسۆزی و وەفا ئاوڕی لێ بداتەوە، وەفاداری دەسەلمێندرێت بە تاقیکردنەوە و زەمان، بە کردەوەوە نەك هەر بە گۆتە و زمان، ئەو کەسەی خۆی فرۆشت مەیفرۆشەوە چ نرخ ناکا، لەسەر گوڤکی مێژووە لەگەڵ خۆڵ و خاشاکا، هەموو گوڵاوی جیهان رووڕەشی و ناپاکی پاك ناکاتەوە، ئاوی دەریا و رووبار ڕەشی ڕەژوو ناشواتەوە، ڕەژوو نا شۆردرێتەوە، هەرگیز سپی نابێتەوە، لە گڕی گەش و جوانی دار خەڵووز و خۆڵەمێش دەمینێتەوە، دیارە لە مێژوو ئەوەی کورد بە خۆی کردووە، دژمن ئەوەندەی پێ نەکردووە، کارەسات و رابردوو گەواهن لە دادگای ویژدان کە گەلی خۆیان بە چ دەردێك بردووە، مایەی نیگەرانییە لە ناو نەتەوەی کوردی ستەملێکراو و هەژار، لە چاو تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ چۆن دەبێ زیاتر بێ خەڵکی خیانەتکار، مەڕ پێی گوناهە بۆ کوشتنی گورگ ناچێ، مالات چ بکا گورگ هەر دایدا پاچێ، ئەگەر ئاگریش بێ پەپوولە

عەشقی رووناکییە، دەسووتێ ئەوەش نموونەی چاکی و پاکی و بێ باکییە، تاکە قەڵا هەرچەند بلەرزێت قایمتر دەبێ ئەوە دڵە، خەڵکی سیاسی و تێکۆشەر نەترس و (سەرچڵ)ە، هەڵۆ شاپەڕێکی بریندار بێ دەکرێ بفڕێ، داری وشك زیاتر گڕ و ئاگر دەگرێ.

## ڤەرێژ:

جەبار فەرمان، قەڵەم و چەکی کردبۆوە مەلۆ و بەرەکەت بۆ سەر خەرمان، بەهێزکردنی جەستە و بازوو باشی دەروونە، ئەو پەندە ئاڵتونییە وتەی ئەفلاتوونە، وشەی جوان پەساپۆرتێکە بۆ وێستگە و فڕگەی دڵان، ئاوازی هزرە بە جۆش و خۆش وەك چڕینی بولبولان، ژیانێکی سروشتی نەبوو بگاتە لوتکەی بەختەوەری، گەڵای



ڕاوەستاوەکان: دەریا جەبار فەرمان-بڵێسە جەبار فەرمان-کڵپە جەبار فەرمان
دانیشتووەکان:ڕەوەند جەبار فەرمان-جەبار فەرمان

درەختی تەمەنی لە زیندان و شاخ و داخ هەڵوەری، جەبار فەرمان، نەکەوتە جێی نەرمان، دوانەی هاوژینی لە مەشخەڵانی شۆڕش هاوشان، لە بڵاوکراوەکانی شاخ شیعری دەکرد پەخشان، بە ناوی باوکی ڕەوەندی، دەرژا و دەپڕژا بە هاژە وەك رووباری ئەلوەندی، ئەرێ یاران:

ئەلوەند هاتیەن وە بەرزی داران
ئەیدا لە چەکمەی شۆرەسواران

حەزی لە شایی بوو بە شان و بەسەرچۆپی، بە مۆزیك و گوڵ و درەخت و مەل و


ئاژەڵ دەدرەوشاوە وەك گڵۆپی، شیعر دۆست و عەشقی گوڵ و دڵۆڤان لەگەڵ ئاژەڵان، سەرمەست و حەیران دەبوو بە دیمەنی سروشت و دەنگی مەلان، هەنگ هەرگیز تەرکی شیرینی ناکا، بە ئاسمان هەڵدەفڕێ و دەگەڕێ بە دوای شیلە و هەڵاڵە بەسەر خاکا،



١٩٩٢ سەعدی پیرە-عومەر عوسمان-جەبار فەرمان-مەسعود بارزانی-قادر قادر-ڕەهبەر سەید برایم-مستەفا نێرۆەیی

سۆز و بەزەیی تێدابوو ناخی، بەس ڕقی لە ڕەقیب و لە ستەم بوو داخی، لە چەوسانەوە یاخی، نەیارانی تاریکبیر و ڕیش درێژ و دڵڕێژ، وایان وێنا کردبوو بە درندە و خوێن ڕێژ، ئەو دڵڕەق بوو بەرامبەر دژمن، لە ئاست جەماوەر دڵ نەرم و هێمن، جەبار فەرمان، نە تەور و نە کافر و نە کافرمان، پاپەند بە ئەرك و فەرمان، تۆمەتدان ئاسانە، سەلماندنەکەی گرانە، خراپترین چەك نامەردان بەکاری دەهێنن بوختانە، جوانی ڕاستەقینە پێویست ناکا بە ئارایش، بکا نمایش، فەرماندەی مەرد دەردەکەوێ بە بێ پێداهەڵدان و ستایش، خۆی دەناسی بە روناکی و چاکی و پاکی، بە قەرز نەدەترسا قەت نەبوو منەت و باکی، تاوانبار لە خۆی نابورێ، دەوران دەورانە گەردوون دەسورێ، لوولەی چەك و جبەخانە و تۆپخانە، بۆ کۆترە و پەپوولە و پەرەسێلکە و کێشکە نابێتە هێلانە، ئاخر گوڵ نییە گوللە، دەپێکێ جەرگ و کەللە، مۆزیك نییە دەنگی تەق و تۆق و گرمەی تۆپ و بۆمبا، تەقاندن بۆ تۆقاندنە کارەساتە مێشکی سەر دەبا، گوللە و بارووت ئاگر و مەرگیان لێ دەباری، شەڕ کارەساتە پڕە لە خوێن ڕژان و تاوانکاری و وێرانکاری، جەبار فەرمان، ژەنەڕاڵ و جنتەڵمان، سەرپەرشتی دەیان شەڕ و داستانی کردووە، چی کردووە بۆ کوردی کردووە، دەیویست بە ئازادی و شادی بێ ژیان، کەس نەکا زیان، حەزی لە

بۆنی گوڵ بوو نەك خوێن و باروت، عەشقی جوانی و خۆشی بوو نەك كفن و تابووت، پێیخۆش بوو گۆرانی و شایی و قاقا و مۆسیقا، نەك گرمەی تۆپ و بۆمبا و هاوار و تەقە، دڵی دەكراوە بە دیدەنی چیمەن و دیمەن و سروشتی شاخ و دەشت، دەبوژاوە بە لالەزار و گوڵزار و ڕەز و گوڵگەشت، بۆ سەربەستی وڵاتەكەی دەرد و بەندی چەشت، ئارەزووی جیهانێكی ئارامی دەكرد، بەسەربەرزی و ڕووسووری بۆ گەلی كورد، جەبار فەرمان، تێیدابوو سۆز و ئەرمان، وشە تیر و خەنجەر نییە بەس دڵ بریندار دەكا، ڕاستی و گوڵ دڕكیان هەیە خەڵك هۆشیار و ئاگادار دەكا، سینگی بنیادەم بە بایەخترین سندوقە بۆ شاردنەوەی نهێنییەكان، سەركەوتن و سەربەخۆیی هێما و سونبوڵی مزگێنییەكان، جەبار فەرمان، لە سەردەم و زەمان، كردارەكانی لەگەڵ تێڕوانییەكانی دەگونجا، وەك


مام جەلال-جەبار فەرمان

بولبول گەر گوڵیش ئازاری بدا با لێی نەدەڕەنجا، ئەوەی دڕك بخاتە سەرڕێ، نابێ بە پێیخواسی بگەڕێ، گەوهەر فرۆش بوو مایەی بوو بە جەنگ، لە ناو شۆڕش و شاخ و كێشە و زەبر و زەنگ، خۆی بەردبوو بوو بە گەوهەر، قاڵبووی بۆتەی خەبات بە هیمەت و جەوهەر، خۆی گەنجینە بوو لە شوێنێكی دیكە دەگەڕا، جیاواز و نەوازە بوو لە داستان و نەبەردی مەرد لە سەنگەرا، پێگەیوە پلە بە پلەی بە پەیژە، لە زۆر بوار و كار پێی دەكرا و دەپرژا، لە بن كردایەتی بۆ سەركردایەتی، بە شایستەی خۆی بە مەردایەتی، لە دەورانی شاخ و شار، سەركەوتوو، لێهاتوو، لە هەر بوار خۆی شاسوار، سیاسی و سەربازی و دبلۆماسی و سەركردە، وەزیری پێشمەرگە و ناوخۆ و وەزارەتی پەروەردە، دەرگایەكی دانەدەخست كە نەتوانێ بیكاتەوە، كارێكی نەدەكرد كە سەركەوتوو نەبێ دەیزانی دەیباتەوە، بۆ هەر كار و جێیەك پێویست با دەچوو یەكسەر دەستوبرد، ناوچەچییەتی نەدەكرد، زۆربەی كوردستان گەڕابوو شاخ و دەشت و گوند و گرد، بە ویست و هێز لە ڕادە بەدەر، خۆی نەدەدایە بەر قەزا و قەدەر، نهێنی سەركەوتن لە قۆستنەوەی دەرفەتە، كلیلەكەی بەرنامە و متمانە و خۆڕاگری و غیرەتە، ڕۆحی

بەندی بە دوای ئازادییدا دەگەڕا، لە زیندان و خەباتی نهێنی و لە ئاشتی و لەناو شەڕا، یانەی وەرزشی پێشمەرگە و هێزی ژنانی دروست کرد، بە رژدی پێشمەرگەی بەرەو پێشکەوتن و پێگەیاندن برد، خێراترین گیاندار پڵنگی شکارییە، سەرلوتکەی هەموو بە هاکان بڕوا بە خۆبوون و لە خۆبوردیی و گیانفیداکارییە، جەبار فەرمان، ڕۆڵی گێرا دژ بە ئەنفال و ڕابوونی فەرمان.

## سێبەر و تاو:

ژیان پەرتووکێکە چاپ ناکرێتەوە، هەرگیز دووبارە نابێتەوە، دوو پەڕی لێپڕکراوەتەوە، لە دایکبوون و مردنی تێدا نووسراوەتەوە، پەڕەکانی دیکە سپین مرۆڤ خۆی پڕی دەکاتەوە، ناشزانێ کەی دەبێ و کەی مەرگ دەیباتەوە، سەرمایەی مرۆڤ تەمەن و ژیانە، ئاوێتەی خۆشی و حەسرەت و ژانە، تەندروستی باش هەموو سامانی جیهان دەهێنێ، ئاگر ئاڵتۆن نافەوتێنێ، مەرگ جەستە دەڕزێنێ، بەڵام ڕۆح و ناوبانگ دەمێنێ، ڕاستە لەش دەڕزێ لە ژێر گڵ، لەسەری سەوز دەبێ گیا و گوڵ، بە هێواشی و ئەسپایی پێ بنێ بەسەر خاکا، بستێك نەماوە لاشەی تێدا نەبێ لە ماکا،


جەبار فەرمان-ڕەوەند جەبار فەرمان

ئەحمەد موختار جاف لە شیعرێکی نیشتمانی کە پڕ هونەر و ئەوینە:

به خۆڕایی له دەستی بەرمەدەن ئەم خـــــاکە شیرینە
كە تۆزی وەك جەواهیر سورمە و کوحلی بەسەرتـــانە
بەسەر خـــــــاکا گەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە
تەماشای سێبەری ئەو شـــــاخ و کێوە، وا لە سەرتانە
تەماشای سێبەری ئەو شـــــاخ و کێوە، وا لە سەرتانە
بە بێ قەدری بەسەریــــا ڕا مەبوورن، حورمەتی بگرن

## گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتـــــانە

داخ و جەخار جەبار فەرمان، تووشی دەردێك بوو نە چارەی هەبوو نە دەرمان، چاکنەبۆوە بە ئەمان و زەمان، خوێندەواری نەما، نەغرۆ بوو لە خەما، تەمەنی کورت نەیترساند، ئازار و ژان ژیانی شێواند، (ئەی مردن لە کوێی ژیان گوشتمی) بانگی مەرگی دەکرد وەرە ئەمانەتەکەم لێ بسێنەوە زام و ژان گوشتمی.

تا لە ٢٠٠٧/٨/٩، لە گردی سەلیم بەگی شاری سلێمانی چەند بستێ خاکی بەرکەوت، هیچ شتێك وەك فرمێسك زوو وشك نابێتەوە، کە ڕژا هەرگیز بۆ چاو ناگەڕێتەوە، لە دەستچوو (جەبار فەرمان)، گیان ژیاو و هەرمان.



ڕاوەستاوەکان: سەفین مەلاقەرە-مستەفا سەید قادر-کردۆ قاسم-م.جەمال محەمەد-شێردڵ خەوێزی-حامید حاجی غالی-مام ڕۆستەم کەرکوکی-مام جەلال-جەبار فەرمان-مستەفا چاوڕەش-ڕەهبەر سەید برایم-عوسمانی حاجی مەحمود
دانیشتووەکان: عەدنان حەمەی مینا-مەحمود سەنگاوی-شێخ جەعفەر شێخ مستەفا-ڕەفعەت عەبدوڵڵا-م.بەکر مستەفا



سلێمانی گۆڕستانی سەلیم بەگ گڵکۆی جەبار فەرمان و ڕەوەند جەبار فەرمان

## ژێدەر:

١-گوڵاوی مەولانا-وەرگێڕان حەسەن نازدار.
٢-بۆ کوردستان- هەژار.
٣-دیوانی ئەحمەد موختار جاف.
٤-زانیاری بەسوود - هێمن حەسەن هەمزە.
٥-جوانترین وتە - کارزان نوری عوسمان.
٥-ڕێنوێن- محەمەد پشدەری.
٦-ئینسکلۆپیدیای یەکێتی.

## بۆ بەرچاوڕونی:

*ڤەرێژ: ناوەرۆك.
*گوڵگەشت: باخچە-هەوایەکی گۆرانی.
*رەوسە: کۆمەڵە گەنمێکی سوورە لەسەر خەرمان.
*کڵپە و بڵێسە و دەریا: ئاماژەن بۆ ناوی کچەکانی.
*ڕەوەند: تاکە کوڕی بوو لە ٢٠١٩/٦/١٨ بە جەڵتەی دڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.
*بان میل: زێدی جەبار فەرمان گوندێکە لە خانەقین ساڵی ١٩٤٧ لەوێ لەدایکبووە.
*فیلەتەن: مام جەلال ئەو ناوەی لێنا.
*ئەرمان: دلۆڤان-میهرەبان
*شاسۆ: هەڵۆی نێر.
*گوڤك: زبڵدان.
*رەژوو: خەڵووز.
*ڕژد: سوور.
*رابوونی فەرمان: جینۆساید، قرچ و برِ بە شێوەزاری ئێزیدیان.
*هەرمان: نەمری.



# قادر دۆشکە:
# قوتیلەی قەندیل و گڕی ناو بەفر

## گڕی شۆڕش:

سەرەتای هەر شۆڕشێك پروسکەی بیرۆکەی کەسێ بووە، لافاو دروست دەبێ و بە تنۆکە باران و سەرکردەیەك فریاد ڕەسێ بووە، شۆڕشی نوێ جۆخینی شەڕەف و کەرامەت بوو، ئەوەی بە گوڵە گەنمێ بەشدار بوبێ و خەرمان بەرەکەتە چونکە شۆڕش بێ دەرامەت بوو، لە پڕیشکێکەوە کڵپە هەڵدەستێ، دەنگی گەل بەهێزە هەرگیز ناوەستێ، ئەوێ ڕۆژێ لوتکەی مەردایەتی و جوامێری و ئەو پەڕی باوەڕ بوو گیانی پێشمەرگە، لە خاکی سوتماك و کیمیاباران ڕاگوێزراو و ڕۆژگاری دژوار و پڕ لە شەڕگە، پێشمەرگە وەك (کۆترە و پەڕەسێلکە و چۆلەکە) حەزی لە ئاشتی و ئاوەدانی بوو، لە شاخ دەبوون بە (هەڵۆ و شاباز) بیر و باوەڕ و هەڵوێستی ویژدانی بوو، کورد ئاشتی خوازە و شەڕی ناوێ هەمیشە ئاسایش و ئارامی دەوێ، بەڵام شەڕی بەسەردا دەسەپێنن و ناهێڵن بە خۆشی بسرەوێ، پێشمەرگە لە شاخ بوو بۆ ئازادی و ئارامی و ئاشتی، بە خۆبەخشی و چاوی لەوە نەبوو وەربگرێ خەڵات و پاداشتی، ئەو سەردەمەی بەفر گڕی دەگرت، پێشمەرگە بە گیانبازی هەڵمەتی دەبرد، خۆی بە کوشت دەدا لە پێناوی ئازادی خاکا، هەڵۆ قەت ڕاوی کەلاکی مردار بۆوە و مێش و مەگەز ناکا،

خەباتی سەخت لە ناو کیمیاباران و ئاگر و تۆپ و بۆمبا و باڕووت، شۆڕش بەبێ دەرامەت پێشمەرگە دەژیا لەسەر ئەرکی خەڵکی لادێ و ڕەش و رووت، جەمەدانی پێشمەرگە و لەفاف و بەرماڵ و سەرپۆش و هەگبە و کفن و ئاڵا بوو، نیتاق و قایش و شەیالەکەی شانازی و میدالیا بوو، فرمێسک جوانترە لە خەندەی لێو، پێشمەرگە گوڵی سروشتی بوو لە دەشت و شاخ و کێو، نابینا هەرگیز ڕەنگەکان لێك ناکاتەوە، ڕۆژانی پێشمەرگایەتیی سەخت بوو بەو هەمووە خوێن و کارەساتەوە.

## لە بەغداوە بۆ قەندیل:

لەو وەختە سەختە قادر دۆشکە و کوێخا (دڵشاد مام ڕەزا)، بوونە پێشمەرگە پێشتر جەلالی بوون بە ئەزموون و شارەزا، پێکەوە لە یەك ڕۆژ ساڵی ١٩٧٨، چەکی شەرەفیان هەڵگرت و هاتنە شاخ و دەشت، قادر دۆشکە لە بەغدای پایتەختەوە و لە کەناری ئەبو نەواسەوە دای لە شەقەی باڵ، بوو بە لێپرسراوی پاسەوانەکانی ڕۆحی مام جەلال، لە قەندیل و مامەندە و توژەڵە و شێنێ و نۆکان و زەڵێ و خرێ نێرزەنگ، بە گیان و دڵسۆزی مام جەلالیان دەپاراست لە ناکۆکی و ململانێ و جەنگ، قادر دۆشکە ژیانی مسۆگەر بوو لە بەغدا دەژیا، لە پێناوی کوردایەتیی و کاریزمای مام جەلال چەکی هەڵگرت و ڕووی کردە چیا، قەندیل مەندیلی لەسەر بوو، پۆشاکی کەسکی لەبەربوو، قەندیل هێمای خۆڕاگری و هەمیشە شاخەکان بۆ کورد بوونەتە پشت و دۆست، ناکۆکی ناوەخۆش یەك لە هۆکارەکانە بۆ شکست و کۆست.


قادر دۆشکە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی

## شامێرانی مام جەلال:

پاش کارەساتی هەکاری، هەڵسانەوە، بە ژیری و هۆشیاری، قادر مەلا هەینی، کورد بوو لە خوێن و زەینی، لاوێکی شۆڕشگێر و تولاز و چەلەنگ بوو، بێ دەنگی

ژیرییە ئەو مات و بێ دەنگ بوو، لە خۆشاوی گەنجی بووە پێشمەرگە و لە چیا بوو، شلکە نەمامی ژیان و ئاونکی سەرگوڵ و گژ و گیا بوو، بە خۆڕاگری و هەدادان، بێ کۆڵدان و بێ لادان، بۆ زانینی یەك چرکە لە یەکێك پرسیارکە بەجێ مابێ لە سەفەر، چونکە کات ناگۆردرێتەوە بە زێڕ و گەوهەر، قادر دۆشکە و کوێخا (دڵشاد مام ڕەزا) شەهید محەمەد خالید جێی متمانە و بڕوا بوون، بوونە پاشمێری مام جەلال، ئەو دەم جادە قیر و پان نەبوو، زۆر بێ حاڵ و بێ نوابوون، ئەوەی بە درێژایی تەمەن خەباتی کردبێ، ژیانی لە شاخ و ئەشکەوت و زیندان و دەشت بەسەر بردبێ، مەدالیای شەڕەفی شایانە، قادری مەلای هەینی یەکێك بوو لەوانە، کۆیە وەك جبەخانە گەر لە سەرچاوەی نازناوی چەك دەپرسی، کاکی کاکان (دەبابە) و قادر دۆشکە و سەید ڕەشاش و عەلی برنۆ و عەلی ویزی و ئازاد بی کەی سی، لە خەبات و کوردایەتی و شەڕ و شۆڕش و پێشمەرگایەتیی ئەو نازناوەیان پێ بڕاوە، بۆیە بە ناوی ئەو چەکانەوە ناویان لێنراوە.


قادر مەلا هەینی (قادر دۆشکە)

## کۆیەی بێ ڕاژە:

دەسەڵاتدارانی کورد قەرزاری کۆیەن بە شەرمەزاری، چ نەبێ خەبات و خوێن بەرامبەر نەوت و خزمەتگوزاری، خەڵکی کۆیە جەرگیان کون بوو چیای هەیبەسوڵتان هەر کون نەکرا و تونێل لێ نەدرا، جادەی سەرەکی کۆیە و هەولێر هەر تەواو نەکرا، کۆیە دراوەتە بەرشەق وەکو گۆ، نەبووە بە پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ:

**دەسەڵاتداران نـــــــــاسووتێ دڵتان**
**کاتێ ڕادەبرن بە هەیبە سوڵتـــــــان**
**ویژدانتان هەبێ نایبینن بە چـــــــاو**
**چی نەکرد بۆ کورد چ دەکەن ڕەچـاو**
**تاجی شانازی و بەرزە قەڵایـــــــــان**

ئەساسیان دانا حـــــــاجی و مەلایان
لە کۆیە فێربوون خەبـــات بێ درێغ
شاگردی حاجین مەلا و قازی و شێخ

****

داخ و زووخاوێ بۆ کۆیەی جـــاران
وا وێران بووە ناگاتە شـــــــاران
مۆزەخـــــــانەکە دێرین و مێژوو
گۆڕستانێکە بە ئـــــــاستەم زیندوو

****

دەبێ ڕۆڵەی تازە و نەوەی پێگەشتوو هەرزەکار و لاوان تێبگەیەندرێن، بە یادگاری شاخ و ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی ئاشنا بکرێن و ویژدان و ڕۆحیان رابژەیەندرێن.

## خاراوی خەبات:

قادر دۆشکە، هەر لە ناو بێشکە، بە گڕوگاڵی کوردایەتیی گۆشکرابوو، لە ئاگردانی خەبات جۆشدرابوو، لە سەنگەر و شەڕگە مەدالیای شەڕەفی لە بەرۆک بوو، شاخ بە شاخ گوند بە گوند گەڕاوە و گەڕۆک بوو، لە تەق و تۆق و گرمەی تۆپ و گڕەی هێلیکۆپتەر و فڕۆکە گوێی زرینگاوەتەوە بە خۆڕاگری و مەردایەتیی بێ منەت لە مەترسی و مەرگ نەپوونگاوەتەوە، لە دەشت و دەر و لە گوند و هەڵەت و زورگان، ڕاهاتبوو لە حیلەی ئەسپ و لوشکەی هێستر و زەڕەی کەر و حەپەی سەگ و لوورەی گورکان، نامۆ نەبوو بە قۆرەی مانگا و بارەی مەڕ و قۆڕەی بزن و پرمەی بەراز و فیشەی ماران، ئاشنا بوو بە قاسپەی کەو و جریوەی کێشکە و قیرەی قاز و گارەی مریشك و قووقەی کەڵەشێر وگمەی کۆتر و دەنگی گیانداران، قوتیلەی تروسکەی شۆڕش کە لە قەندیل داگیرسا، مام جەلال و قادر دۆشکە لەوێ بوون ئەوسا، لە بەرزایی قەندیلا، بوونە چرا و قوتیلا، لە شاخ و شاسۆ بوون، ڕووەو ئاسۆ بوون، پێنج ئەنگوست، دەبن بە مست، قادر دۆشکە، لەو دۆخە ناسك و وشکە، تاشە بەردێکی بناری شاخێك بوو، پاڵپشت بوو پاڵیان پێ دەدا چاو ساغێك بوو، لە بەرەباب و خزمانی،

بوونە پێشمەرگە و قوربانی، هەروەك شەهیدان (کەیفی کەریم هەینی، سەیفەدین کەریم هەینی، کەیفی عەبدولڕەحمان).

لە بەرزایی قەندیل لە شەمۆڵ و کەوگەز درەختی لێ نارِوێ، بەڵام لە قەدی گژوگیای دەرمان و خونچە و گوڵی جوانی لێ دەپشکوێ، قادر دۆشکە لەو وەختە سەختە، لە ناو بەفر و شەختە، بووە گوڵ و درەخت، گەشانەوە و خۆ بەدبەخت، بەڵام لەو بەشەخوراوانە بوو، فەرماندە دێرین و بوێر و بەرچاوانە بوو، قادر دۆشکە، نە خاوەنی ڤێلا و کۆشکە، نە زەوی نە کێڵگە، فەرماندە و پێشمەرگە، نە پارەی کاش، نە مەعاشێکی باش.

## مۆتەکەی مووچەکەی:

قادر دۆشکە (قادری مەلا هەینی) مووچەی خانەنشینەکەی ببووە مۆتەکەی خەونی، بووك زمانی نەبوو، خەسووش ئیمانی نەبوو، لەگەڵ کردیان بوو، لە خواردیان نەبوو، مرۆڤ لە هەر شکستێ شتێ فێر بووبێ واتا نەیدۆڕاندووە، ئەو خەباتی سەخت بە خۆڕاگری تێپەڕاندووە، فێرە گوێ ڕایەڵی بوو بۆیە بووە فەرماندە، ئاسۆ و ئاواتی گەش بوو لە بانێژەو و ئایندە، لە زەمانی شاخ فەرماندەی تیپی مەڵبەند بوو، بنەما و پرەنسیپەکانی پێشمەرگایەتیی پابەند بوو، دەروێشی تەریقەتی کوردایەتیی بوو، ئازایەتیی کوێرە، هاوڕێ راستەقینەکان




٢٠٢١/٥/٣٠-بارەگای مەڵبەندی کۆیە-ڕەهبەر سەید برایم لە کاتی خوێندنەوەی پەخشانە وتار بە بۆنەی چلەی قادر دۆشکە

لە تاریکایی دیارن وەك ئەستێرە، گەرمترین خۆشەویستی ساردترین کۆتاییان هەیە، دۆزەخ چۆلە شەیتانەکان لەسەر زەوین تارماییان هەیە، هێواش ڕۆیشتن، نابێتە هۆی نەگەیشتن، کە ئاگر و بەفر و گورگ و پێشمەرگە بە شاخەوە بوون، پێشمەرگە گوڵ بوو لە ئێخەی شاخ گیانبازانە بەرەو مەرگ دەچوون، لە وشکە ساڵی وبێ بارانی، هەر ئاو هەرزانترە لە نانی، سۆز و میهرەبانی لە ژیانی مرۆڤ گرینگە، قادر دۆشکە ڕاهاتبوو لە ناو ئەو کەش و هەوا وژینگە، لە خەباتی سەختی شاخ و ڕێی هات و

نەهات، چی لێی نەهات لەناو شەڕ و کارەسات، کەچی بە نەخۆشی، کفن داپۆشی، زانای مەزن شکسپیر دەڵێت، ژیان ئەو خەونەیە بە مردن کۆتایی دێت، ڕاستە بە جەستە ڕۆیشتووە، بەڵام ڕۆحی نەمری جێهێشتووە، لەگەڵ دوو ژن و چوار کوڕ و دوو کچ و مێژوویەکی پڕ شانازی و یادگاری، (بەندی، بێژەن، کاژین، محەمەد، شێنێ و هەکاری).



گڵکۆی پێشمەرگەی دێرین قادر مەلا هەینی
( قادر دۆشکە)

**وشە نامۆیەکان:**

پاشمێر: حیمایە، پاسەوان

قوتیلە: قووتوویەك فتیل و نەوتی تێدابوو چرابوو:

جۆخینی شەڕەف: مەلا عەبدوڵڵای جۆخین شەڕەف بەکاری هێنابوو کە شۆڕش هەڵگیرسا گووتبووی بەشدار بن ئەو شۆڕشە جۆخینی شەڕەفە سەرەئەنجام بووە نازناویشی!

تولاز: گەنج و دڵتەڕ و بەزەوق

چەلەنگ: چوست و ئازا

هەدادان: ئارامگرتن

ڕەهبەر سەید برایم



# ئەگنێتا:
## (یەکەم گوڵە پێشمەرگەی بێگانە لە یەخەی شاخ)

### سەرەمەقەست:

ڕاستی لە جوانی جوانترە، ئەزموون لە زانست فراونترە، زانست گەنجینەیە و کلیلەکەی لێکۆلینەوە و پرسیارە، بە گەنجی زانست فێربە بە پیری بەکاری بهێنە بایەخدارە، مرۆڤ تا چوار دیواری خۆی تێك وپێك نەشکێنێ، نازانی کە زیندانی کراوە و ئازادی بەدی ناهێنێ، ژن سرودێکی پڕ ئاوازی ئاسمانییە، سەرچاوەی بەختەوەری و کامەرانییە، ئافریدەیەکی خوداوەندی و ڤینۆس و جوانییە، ژن لە دیدە و نەخشی پیکاسۆ، تێکەڵەیەکە لە شێوە و ڕەنگ هەروەك تابلو، ژن کە خولقاوە، بۆ گەشانەوەی روخسار و چاوە، مانگ و ئەستێرە و شەپۆلی دەریا ناگیرێن بە دەست، هەندێ ئافرەتیش دەبێتە سومبوڵی مانا و هۆش وهەست، لەکن پیاو هێز زانستە، لەکن ژن جوانی هێز و توانستە، فرمێسکی ژنان بەهێزترین شەپۆڵی ئاوە، کاریگەری زیاترە لەوچەکەی بە دەستی پیاوە، کانی چاوی ئافرەتان وشك نابێ (تاکە کانی و بەنداو)ە، پیاو هەڵۆیە لە ئاسمان فەرمانڕەوایی خوارەوە دەکا بەڵام لە ژن سڵ دەکا، چونکە ژن مەلێکە فەرمانڕەوایی هەست و هۆش و دڵ دەکا، ژن دەتوانێ سەرکردایەتیی بەهێزترین سەرکردەی پیاو بکات، سروشتی ژن سیحرێکە لە دڵفڕینی و گۆرانی بۆ ئەو کەسەی ئاوازی پێ لێ

بدات، کیژی پاکیزە لە شێری تێك شکێنەریش ناترسێ، گڕی چاوی وەك بروسکەی چەخماغ دادەگیرسێ، ژن بە چاوی دڵ دەکا وتووێژ، بە بیر و هەستی گومان لە ڕاوێژ، زەردەخەنەی ژن پڕشنگێکە لە تیشکی هەتاو، ژنی جوان حۆری و بەهەشت دەهێنێتە بەرچاو، لە نێوان زەردەخەنە و فرمێسکی ژن پیاو جۆلانەیە، ڕێزگرتن لە ژن بۆ ناسینی خاوەن دڵ نیشانەیە، ژن لقە دارێکی تەڕ و نەرمە بە کزەبایەك دەجوولێ، بەڵام لە ڕەگەوە هەڵناکێشرێ بە هیچ ڕەشەبا و گەردەلوولێ، پیاو ماسولکەیە ژن دەمارە، ژن


ئەگنێتا خان لە سەردەمی پێشمەرگایەتی

ئەستووندەگی ماڵ و هەوارە، مەل بە باڵێ نافڕێ، چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێ، ماڵی بێ ژن وەك چەمەنزاری بێ شەونمە،ژن پایە و و بنەڕەتی ژیانە و گوڵە گەنمە، ژن و مێردایەتیی وەکو کاکلی بادامە، تاکو نەیخۆی نازانی تاڵە ؟ شیرینە؟ بەتامە، ژنی چاك و پاك و ڕێك و پێك بۆ پیاو، باشترە لە هەردوو دەست و هەردوو قاچ و هەردوو چاو، تەنهایی لە بەهەشتیش زەوق و نرخ و ئەرزشی نییە، لە هەر جێیەك بێ یاسایی و چەك هەبێ ئارامی و ئاسایشی نییە، ژن پاڵەوانێکە قارەمانترینی پیاو لە توندترین تووڕەیی هێور دەکاتەوە، لە گۆڕەپانی ململانێ و گرەو بێ گومان هەر ژن دەیباتەوە، ژن نەزانیش بێ بەسەر پیاودا زاڵە و ئوستادە، بەقەد زانایان دەزانێ بەو ئاست و ڕادە.

## سەراورد:

یەکەم پێشمەرگەی ژن و گوڵی بێگانە لە گوڵستان، کە بووە پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان، تارای سویدی ئەگنێتا کلینگ بوو، لەو ڕۆژگارە دژوارە، رچەشکێن و گرینگ بوو، لە ساڵی ١٩٨٠، بەعس بە هێز و لەخۆبایی بوو هێشتا، ئەگنێتا لە ڕۆژمێژووی ١٩٤٣/٢/١٦، لە ستۆکهۆڵم چاوە گەشەکانی دادەگیرسێ، باوکی دەولەمەند و بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی پیشەسازی بوو، لە خۆشترینی گەڕەکەکانی

ستۆکهۆڵم دەژیان و لە بنەماڵەیەکی گەورە و بورجوازی بوو، کاری سکرتاریەتی خوێندبوو، دبلۆمی هەبوو لەبواری ئابوری و بازرگانی، مەشقی چەکی کردبوو خۆی ئامادە کردبوو بۆ پێشمەرگایەتیی و پارتیزانی، لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی سویدی بوو، سیاسەتمەدارێکی کورد و کوردستانی مێردی بوو، لەگەڵ جان (هۆمەر شێخ مووس) پێکەوە گرێیان دابوو ژیان و چارەنووس.

## جان:

جان ناوی (هۆمەر محەمەد عەلی شێخ مووس شویشە) بە ڕەگەز لە هۆزی گەڕگەڕییە لە ڕەگ و ریشە، جان لە بنەماڵەیەکی کەسایەتی دەوڵەمەند و کوردپەروەر و تێکۆشەر، لە عاموودەی سوریا رێی ژیانی گرتۆتە بەر، لەتەمەنی ١٦ ساڵییەوە کەوتۆتە ناو سیاسەت، لە خەتی کوردایەتیی لاینەداوە قەت، دەرگەوتووە وەك تێکۆشەرێکی ڕۆشەنبیر و وریا، زیندانی سیاسی بووە لە خاکی سوریا، لە ساڵی ١٩٦٢چۆتە دەرەوەی وڵات، سەرقاڵ بووە بە کوردایەتیی و خوێندن و خەبات، پێشکەوتنی سیاسی و کوردایەتی و



٢٠٠٨-شێنێ- ئەگنێتا خان -جان (هۆمەر شێخمووس)-پوورە کەسکێ-هۆمەر دزەیی-رەهبەر سەید برایم

رەوشنبیری هەبووە بێ وەستان، بۆیە بووە بەردی بناغە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە ئەزموون و زانیاری، شارەزا لە زانستی رامیاری، (جان) هۆمەر شێخ مووس، ماستەری هەبوو لە ناکۆکی چین و رووس، ناسراوبوو وەك سیاسەتمەدار و زمانزان و ڕۆژنامەنووس، بۆ ئەوەی جوان (جان) بناسی لە پێشدا، وەك کەیفی بخوێنە کتێبی (پشکۆیەك لە خۆڵە مێشدا) (ئەگنێتا) جانی مێردی نیشتیمانی بوو، لە ناو عەشق و گیان و ویژدانی بوو، جان و ئەگنێتا ژن و مێرد بوون نەك ژان و دەرد، لە خۆشترین جێیوە هاتە ناو شاخ و دار و بەرد، کەوتنە ناو خانووی قوڕ و چادری پڕمار و دووپشك و مشك و کێچ و ئەسپێی و پڕ ڕەزالەت، لە کۆمەڵگایەکی

یەکسانخواز و لوتکەی شارستانیەت، بۆ ناو شاخ دوور لە ئاوەدانی و بێ دەرامەت، لە شێنێ و قولە هەرمێ و خڕی نێوزەنگ و نۆکان و زەڵێ و توژەڵە ، ناونرا بوو دۆڵی ئەحزاب دەیانگووت ئەوێ جێی مرۆڤ نیە جێی گورگ و ورچ و چەقەڵە، ئەوێ ڕۆژی (ی.ن.ك) قەڵایەکی پۆڵاین و وەرەی کێوی کارووخ بوو، بەڵام سەرکردایەتی شۆرش بێ داهات قەرزاری (ئەحمەد سارووخ )بوو، پارەیان لێ قەرز دەکرد، ژیانی پێشمەرگەیان پێوە بەڕێوە دەبرد، لەو ڕۆژگارە ئەوەی زۆر بوو بەفر و ئاوی سازگار خوێن بوو، لە بناری مامەندە دیمەنی جوانی سروشتی شوێن بوو، ئەوەی هەبوو ورە و باوەڕ و بەڵێن بوو ، تارای سویدی شاخ و ئەشکەوتەکانی کوردستانی کردە ماڵی خۆی، بۆ ئافرەتێکی بێگانە و شلە شارستانی چەند سەخت و قورس بووە بۆی، ئەوێ دەمێ ژیانی پیشمەرگایەتیی لە چاخی بەردین دەچوو، لە ناو خێوەت و خانووی قوڕ و بێ دەرامەت کەم کەس لە تاقی کردنەوەی شاخ دەردەچوو، بەلاقان و بەسواری ولاخ، دەیبڕی دۆڵ بە دۆڵ و شاخ بە شاخ، نەبوونی خواردەمەنی و سوتەمەنی و ئامێری هاتووچۆ، گەرماو و تەوالێت دروست کراو بە نایلۆن و حەسیر و کۆنە پەڕۆ، دروست کردنی خواردن بە دار و چیلکە لە سەر کوچکە بەرد بێ تەباخ، لەسەر چیچکان دانیشتن بە شوشتنی قاپ و قاچاخ، خاوێن کردنەوەی قاپ و مەنجەڵ بە گەڵا گوێز و پەلکە توو و پەلکە هەنجیر، ناندێن دروستکراو بە قوڕ و بەرد و دار و حەسیر، بۆ کچە سویدیەکی دەوڵەمەند و چاو شین و قژ زەرد، چەند سەخت بوو شاخ و دار و بەرد و ژیانی پڕ لە دەرد، ئەگێنتا تارای سویدی، وەك دڵسۆزێکی حزبی و کوردی، لە خەستەخانە و چاپخانە کاری دەکرد، بە جلکی کوردی و پێشمەرگانە چەکی هەڵدەگرت، لەلایەك خەفاریات و ئێشگگری، لە ناو بۆردومان و تۆپ باران و ئاگری.


سەرۆکایییەتی زانکۆی کۆیە-جان (هۆمەر شێخمووس)-
رەهبەر سەید برایم

## لە کورد کاراتر:

نەتەوەی کوردی نەبیست بوو بە هۆی مێردەکەیەوە ناسی، بووە پێشمەرگە و هاتە شاخ کەوتە کاری سیاسەت و دبلۆماسی، لە کۆبوونەوەی ڕێکخستن و خۆپێشاندانەکانی



ڕاوەستاوەکان: پەخشان خان-ڕوناك شێخ جەناب-ئەگنێتا خان-فاتمەخان
دانشتووەکان: جان (هۆمەر شێخمووس)-مەلا بەختیار-ئەرسەلان بایز-شێخ عەلی

کورد بەشداری دەکرد، هەروەك کادرێکی (ی.ن.ك) و دڵسۆزێکی کورد، کاری ڕۆژنامەوانی دەکرد، لە ڕۆژنامەی زمان حاڵی یەکێتی بە زمانی ئینگلیزی **The Park**، لە کوردستان گوڵی شاخ و لە ئەورووپاش درەختی پارك، لەگەڵ جان هاوشان، لە سیاسەت وتێکۆشان، وەك شۆخ و شەنگێکی شۆڕشگێر، لە شار و شاخ ئازا و بوێر، دوو کومەڵگای کەلتوور تەواو جیاواز، سویدی لەوپەری پێشکەوتن خوازی و یەکسان خواز، ئەگنێتا چەوساندنەوە و کێشەی کوردی، ناساندبوو بە کۆمەڵگای سویدی، بەیادگاری ڕۆژگاری پوورە کەسکێ، لە گوڵزاری کوردەواری وەك نموونە و دەسکێ، نەریتی خۆرسکی ئامینەی(کانی زەردی) و ئایشە سواری، هێمای ژنانی کوردبوون بۆ ئازادی ژن و ژن سالاری، ئەو نەریتە پەسەند نەکرا لە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردەواری، لێکدانەوە هەڵدەگرێ لە ڕوانگەی بنەمای فیمینیستی، لە ماف و ئازادی ژن یەکسانی و پێگە و سەنگ و بەهای خۆشەویستی، هاوکێشەی هێز و دەسەڵات لە نێوان هەردوو ڕەگەز، خوێنی شەرەف ناکاتە مەرەکەبی سەر کاغەز، تا چیا بەرز بێ قووڵتر دەبێ دۆل و شیو، گەردوون کۆنە نەریت فرە جیاواز و چەندان دیو، لە کۆمەڵگای سەرسنوور پێیان سەیر بوو هێرۆ خان و ئەگنێتا خان پێش مام جەلال و جان (هۆمەر شێخ مووس)

بکەون، چۆن دەبێ ژن پێش ئەو پیاوە مەزنانە بکەوێ لێیان ببووە مۆتەکەی خەون، سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران نەوشێروان مستەفا، بۆ ڕێز و هاوسۆزی و وەفا، ئەگنێتای بەرز رادەگرت ڕێزی زۆری لێ دەنا، گوڵی سروشتی شاخەکانی کوردستانی بۆ دەهێنا، لەگەڵ قادر خەبات، دەگونجا و لەگەڵی پێك دەهات، ئەو بە سویدی، ئەمیش بە کوردی، لێك تێدەگەیشتن بە وردی، تارای سویدی پێی وابوو لەگەڵ بەکر پیرۆت و قادر خەبات، فێرە کوردی دەبێ بە زووترین کات، لە فڕۆکە و بۆردومانی بەعس نەدەترسا، بەڵام لە مشك و مار و دووپشك زیرەی دەهات و دەحەپەسا، لە هەندێ نەریت و کەلتووری کوردەواری تاسا بوو، لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەپرسابوو، لە ژن بە ژنێ و ڕەدووکەوتن و بن پشك، نەکوشتن لەسەر شەرەف و پێکهاتن



سلێمانی شاری جوان -رەهبەر سەید برایم-ئەرسەلان ساڵەیی-جان (هۆمەر شێخمووس)

و مەسەلەت بە تەپاڵەی وشك، ئەگنێتا هەستی دەکرد، ستەملێکراوە گەلی کورد، بۆیە بە قووڵی بیری لێ کردبۆوە، بۆ مێژووی کورد و کوردستان دا چوبۆوە، کەوتە تێگەیشتن و کۆشش، لە سیاسەت و کوردایەتیی و مێژووی کورد و شۆڕش، دڵی کێڵگە بوو گوڵی جوان و ناسکی تێدا جێ دەبۆوە، بە وردی تێگەیشتنی هەبوو لەم ڕووەوە، ڕای وابوو کورد باوەش بکاتەوە بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، چونکە ژیان ئاسوودە و بەختەوەر دەبێ پێی ناکەوێ زیان، پێی وابوو نابێ مرۆڤ شۆرشگێر و کە گیانی بەخت دەکرد بۆ گەلی نیشتیمان، چۆن دەبێ تێکەڵی گەندەڵی بێ هەڵپە بکا بۆ پارە و سامان، بەدیاردەیەکی ترسناکی دادەنا، گەندەڵی وڵات دادەرمێنێ لە بن ڕا تێکدەدا بینا.

## ناوی هەرما:

چییە تەختی فەرمانڕەوایی و پاشایی؟ ، پارچە دارێکە و قوماشێکە ئاسایی، ئەوەی

بۆ مێژوو دەمێنێتەوە، بۆ دیاردەی ناڕەوایی نەچەمێتەوە، جوانترین ژن ئەو ژنەیە بە پەیڤی ئەڤین و پاکژ بدوێ، ڕوخسار و لێوی وەکو خونچەی بەهار بپشکوێ، دەنگی خۆشەویستی لەکن ژنان، بەهێز و جوانترە لە دەنگی ویژدان،

تارای سویدی جوانتر بوو لە گوڵی باخ، لە کوردستان درا لە ئێخەی شاخ، خۆشترین شادی لە دایك بوونە، ناخۆشترین غەمیش مەرگ و لەناوچوونە، هەور بارانە، خەفەت گریانە، بروسکە و چەخماخە، ئاگری ناخە، حەیف و جێی داخە، ئەگنێتا خان لە ٢٠١٩/١١/٢٠ لە ستۆکهوڵم کۆچی دوایی کرد، بووە هێمای سیمای پێشمەرگەی ژن و بەگەشی کەوتە ناو مێژووی کورد.



جان (هۆمەر شێخمووس)-ڕەهبەر سەید برایم-ڕاهی ڕەهبەر-سەرمەد سەلاح سابیر سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە-٢٠٢١/٦/٢٧



ئەگنێتا خان لە سەردەمی شاخ

## سەرچاوەکان:

١.ژن لەوتەی فەیلەیسوف و ناوداراندا، وەرگێڕانی کەمال عەلی.

٢.وتەکانی ژیان، بەنرخترین وتەی ناودارانی جیهان، وەرگێڕانی موسعەب ئەدهەم.

٣.وتەی بلیمەتەکان، جوانترین وتەی ناودارانی جیهان، وەرگێڕانی فوئاد کەدلۆس.

٤.پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە ٢٠١٠.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**کەیفی حاجەت نییە بکەم باسی**
**ئەو کتێبە بخوونی دەینـــاسی**

لەو کتێبە ئاماژەی پێ دراوە مەبەست پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرینگی لە ژیاننامەی جان (هۆمەر شێخ مووس)ی تێدایە.

رەهبەر سەید برایم



# جەنگی فەقێیانی:
# کەڵەگەت بەقەد ئاوەگرد

## ویقاری گوندی فەقێیان:

فەقێیان گوندێکە لە نزیك کۆیە لە باوەشی باواجی، لە مێژوی شۆڕش و خەبات و خوێندن بەرزە تەخت و تەراجی، سێ جاران سوتێنراوە، بە خوێن و ماڵ و باج و شەهیدی داوە، حەزرەتی حاجی ی کۆیی، بە مەزنایەتی خۆی بە شیعری گوڵە شەوبۆیی، باسی کردووە بە بەرزی و شکۆیی، وشەی شیعرەکانی بۆ ناو مێژوو چرایە:

**لەدینداری فەقێیان وەك چـــیایە**
**مەلا بۆ گەنجی دین حاجی قەلایە**

❊❊❊❊❊❊

**مەلایەکی فەقێیانە ویقـــارت**
**بەیانت ئاوەگردە ئیقتیدارت**

گوندی فەقێیان، کۆن ناوەندی خوێندنی فەقێیان، لە شۆڕش و خزمەت کەوتبووە بن پێیان، کاروانسەرا و پێگەی پێشمەرگایەتی بوو، لە ناندان و خانەدانی و قوربانی نموونەی مەردایەتی بوو، شۆڕش و پێشمەرگە دەبێ زۆر منەتبارێ، بەرامبەر خەڵکی


دەشت و دێ وەفادار بێ، چونکە پێشمەرگە لە شاخ لە ئوتێل نەخەوتووە، لە چێشتخانەش نانی نەخواردووە، لە سەر ورگی ڕەش و رووت و جوتیاران ، لەسەر ئەرکی خەڵکی دەشت و دەر لە گوند و هەواران، شۆڕش بە خێوکراوە، پێشمەرگە بەرزنازی ڕاگیراوە.

بەپانایی دەشت بــەدەم زێ و رووبار
لێی دابەش بوویم هـــــەوار و دەوار
نــان و نمەکی خەڵکی دەشت و دێ
لەزگم ماوە و لـــــە قوڕگم دەردێ
لە شیرین خـــــــەوا بۆم راپەڕیون
لـــــە نیوە شەوا سەگ پێم وەڕیون
خزمەتیان کردووین چی خـوا پێیدابێ
کـــــــەم لێفە هەیە پێم دا نەدرابێ
کەم مزگەوت هەیــە لێی نەخەوت بم
کـــــوا هەوراز پێدا سەرنەکەوت بم
کۆتـــــــاومەتەوە پێ دەشت و نشێو
رك و بزنە رێ و گەوە و لوتکەی کێو

## شاخ و خەباتی سەخت:

دوو فەرماندەی قارەمانی و مەیدانی، دۆشکە و جەنگی فەقێیانی، لە ڕۆژانی سەختی خەبات لە شەڕ و کیمیاباران و ئاگر و گوللە شەهیدنەکران، کەچی بە کارەساتی وەرگەڕان و نەخۆشی گەیشتنە کاروانی نەمران، ئەو سەردەمەی دۆشکە و جەنگی فەقێیانی بوونە پێشمەرگە و چوونە شاخ، پێشمەرگایەتی خۆبەخش و شانازی و دڵسۆزی بوو لە ناخ، ئەوێ دەمێ کوردایەتی ئاسان نەبوو، جادە قیر و خۆش و پان نەبوو، مەردایەتی و جوامێری دەویست، دەبوو بە بیر و باوەڕ و خۆشەویست بای خۆنەویست، شۆڕش درێژخایەن و کاروان دوور و درێژ، پڕ لە نەبوونی و برسییەتی و تەلەزگەی مەرگ و مەترسی و هەوراز و لێژ، پێشمەرگایەتی بە خەڵکی خۆڕاگر و بە بیر و باوەڕ دەکرا، ئەو ئەرکە قورسەی پێشمەرگایەتی بە هەموو کوردێك بەڕێوە نەدەبرا، بەعس بەهێز و لەخۆبایی و دڕندە و جەلاد بوو، بە پشتیوان بوو هەر زمانی چەقۆی دەزانی و بەر باد

بوو، کەس و کاری دەگرتی، موڵك و ماڵی زەوت دەکردی، بە ئاوارەیی و سەرگەردانی هێلانەی لێ تێك دەدای، هەر لەبەر ئەوەی کوردی، پێشمەرگەی خوڕاگری گیان فیدای، ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە زۆربەیان ژیانیان مسۆگەر بوو، ئەوەی کوردایەتی و پێشمەرگاییەتی پێ دەکرا بیر و باوەڕ بوو، چەکە خوار بووەکانیان بەرەو خۆر بردەوە، پاش نسکۆ شۆڕشی نوێیان هەڵگیرساندەوە، بەو دروشمەی (کەم بین یان زۆر، دەگەینە خۆر) یەکەم جارە شۆڕش و جوڵانەوەی کورد بگاتە خۆری سەرکەوتن و ڕژێمی بەغدا نەمێنێ،


مهاباد-١٩٨٨-ڕەهبەر سەید برایم-جەنگی فەقێیانی

حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان پێك بهێنێ، بەسەربەرزی و ڕووسوری، ئازاد بێ بەشێك لە خاك و سنووری، لە سایەی سیاسەت و دیبلۆماسیەت و پشتیوانی نێودەوڵەتی، بەهۆی خەباتی تێکۆشانی شاخ و شار و یەك ڕیزی و برایەتی، وەك نیشانە و بەڵگە:

بە یــــادی شەوی گورگ و پێشمەرگە
بە سەرما و بەفــــر کە دەیگرت بەرگە
لە ژێر سێبەری هـــــەلی کۆپتەر دا
پێڵاوی دڕاند شەقی لـــــــە بەر دا
بست بست گەڕاوە گەرمیان و کوێستان
لە شاخ ژیاوە دوور لە شارســــتان
خۆشاوی ژیانی ڕۆیی لە شـــــاخی
پێشمەرگەی کورد بوو نەك شێت و یاخی
خـــــــەتی ئارەقەی شەیالە و قایش
لــــــوتکەی شەرەفە و مایەی ستایش
ڕۆژانی شـــــاخی شانازی و شەرەف
گـــــڕی ڕابردوو بەکێ دەکرێ خەف؟

********

## گوڵ و چقڵ لە یەك چڵ:



مهاباد-١٩٨٨-جەنگی فەقێیانی-بەیان شەهید شەفیق-بەیان شەهید مامۆستا لەتیف عەسکەری-رەهبەر سەید برایم

بە خەون گەیشتن بە ئەستێرە و ئاسمان، لە ژێر پێیدا نابینی باخ و گوڵستان، هەر سەیری خوارەوەش بکەی پەلکەزێرینە نابینی، ژیان بەنرخە نابێ بیشێوێنی بە ناشرینی، لە هەر شتێکدا نوێ هەڵبژێرە، بەشکو قازانج و خێرە، بەڵام لە برادەریەتیدا هاوڕێی دێرینەکان هەڵبژێرە، بە شوورە و پەرژین خۆت مەپارێزە، هاوڕێی ڕاستە قینە قەڵایەکی بە هێزە، باشترین ئاوێنە، هاوڕێی دێرینە، هاوڕێی باش دۆزینەوەی قورسە و لە دەستدانی قورسترە، بۆ باڵندە هێلانە بۆ مرۆڤیش هاوڕێ پێویسترە، برادەرایەتی بەرپرسیاریەتیەکی شیرین و پیرۆزە، میهرەبانی زنجیرێکی ئاڵتونییە پێکەوە بەستنەوە کۆمەڵگا و خزم و هۆزە، چادر ڕاناوەستێ بەبێ بەن و ئەستوندە، ژیان و مەرگ بە یەك هەڵەوە بەندە، سەیرە مرۆڤ ناتوانێ ڕۆژی لە دایك بوون هەڵبژێرێ، ناشتوانێ لەو ڕۆژە شادی بنوێنێ لە مەرگیش پرسە بگێری، جوانترین دڵ ئەو دڵەیە ئازاری دڵی دیکەی نەدابێ، (بلا باسینە سەحرابێ بلا با دیدەش دەریا بێ).

گوڵ و چقڵ، چرۆ دەکەن لە یەك چڵ، جوانترین گوڵ تیژترین دڕکی هەیە، دوو شت لە سروشت ماك و ناکۆکی هەیە، ئەوەی دڕك بچێنێ نابێ بە پێی خواسی بگەڕێ، گوڵی گەشیش هەر سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ، بستە باڵا لەسەر شاخیش ڕاوەستابێ،

بەژن و باڵای وەك خۆیەتی پێی درێژ نابێ، خۆر و مانگ و ئەستێرە و ڕاستی ناشاردرێتەوە، کلیلی گچکەش دەرگای زۆر گەورەی پێ دەکرێتەوە، ئەوەی بگەڕێ بەدوای مرواریدا، دەبێ قوڵترمەلە بکا و شارەزا بێ لە وردەکاریدا، خۆشەویستی وەك دەریا هەڵکشان و داکشانی هەیە،شڵپ و هور و کەف و گوڵ و بەرفراوانی هەیە، خۆشەویستی نابینایە هاوڕێیەتی چاوەکانی دەکاتەوە، بەرەو خۆری خۆشەویستی و گەشە و پاکی دەباتەوە، گەنج بە هیواوە دەژی تەمەنداریش بە بیرەوەری، گەر نەگبەتی نەبێ بە دەست خۆتە بەختەوەری و کوێرەوەری.

## جەلال و جەنگی:

(فەقێیان) زێدی ڕەسەن و هەواری زۆر لە بنەماڵە و کەسایەتی کۆیەن، لەو وەچاغ و ئاگردانە پڕ گڕ و پشکۆیەن، هەر وەك بەرە بابی مام یەحیای گەورە و ماڵی حەمەدی تەها و ئەحمەد کۆیی و بەشێك لە ئاغایانی غەفووری و جگە لە ڕۆڵەی گومناوی شۆڕش( سابیر فەقێیانی)، ئەوانە (فەقێیان)ین بە هەوار و ڕەگ و ڕەچەڵەك، بڵاوبوونەتەوە لە ڕۆژگاری زەمانەی چەرخ و فەلەك، لە کێڵگە و کێو و ڕەز و ڕەوەزی بەردێوە، پڕ لە ڕیزە دار و گوڵ و کۆنە کۆڵکە مێوە، زەلامێکی کەڵەگەت بڵند بە قەد ئاوەگرد، بە



مستەفا چاوڕەش-جەنگی فەقێیانی-مام جەلال

جەنگی فەقێیانی ناوبانگی دەرکرد، جەنگی حەسەن، ڕۆڵەی ڕەسەن برا گەورەکەی جەنگی فەقێیانی (جەلال)ی ناوە، لە خۆشەویستی مام جەلال و شێخ جەنگی ئەو ناوەیان لێنراوە، بەهەشت لەژێر پێی دایکانە، بەس ئارامی بەهەشت لە ئامێزی باوکانە، ئەو بێ نازی باب گەورە بوو، دایکی ژنێکی دلۆڤان و بە وره بوو، پێی گەیاندن بەخێوی کردن، بەروو سووری و مەردانە لە باوەشی گرتن، چونکە دایك گوڵێکە پەلك و پەڕەکانی نەرمە، باوەشی ئاسودەیی و ئارامی و لانەی سۆز و گەرمە، ماڵ ئەو شوێنەیە

کە دایکی لێیە، دایکی باش پردە و چاوی لە ڕێیە، دایك حەز دەكا كوڕەكەی ببێ بە سەرۆك بە باشی بكەن باسی، پێی خۆشە پلە و پایەی هەبێ بەڵام نەبێتە سیاسی، چۆن گوڵ و درەخت ئاو تیشكی هەتاوی دەوێ، دایكیش دەیەوێ ڕۆڵەكەی دەركەوێ و پێشكەوێ و سەركەوێ.

## پێشهات پێكان:

جەنگی بە منداڵی كاسبكار و بە كار سەرقاڵ، بۆ دابین كردنی بژێوی ژیان و نانی حەڵاڵ، بە هەنگاوی گورج و درێژ، بڕی ڕێگەی هەوراز و لێژ، بووە تاجی، سەر باواجی، فەرماندەی شیاو شاخانی باواجی بوو، لەسەر (شەمۆل) شنە و شاتان ڕەواجی بوو، بەیانی ئاوە گرد بوو، گورج و گۆڵ و بەدەست و بردبوو، بارەگای لە بناری ئاوە گرد و دۆڵی سماقوڵی بوو، دانەسەكنا بەردەوام جوولە جوولی بوو، بە خێرایی شەقاوی، دەچوو سەر بەنەباوی،



مام جەلال - جەنگی فەقێیانی

هەر بە لاقان، بە پێیان، دەگەیشتەوە فەقێیان، خوانی جوان و ڕازاوە بوو، لە بەڕێوەبردن و دارایی براوە بوو، لە بنی بەردیش پەیدای دەكرد نانی نایاب،هەر لە شێلم بە ترش و قاورمە و گۆشت و كەباب، مشوورخۆر و بە تەگبیر، پاشا بوو لەسەر حەسیر، لە ڕۆژانی تۆف و كرێوە و زریان وبەفر و باگر، لەناو تۆپ و بۆمب و كیمیاباران و گوللە و ئاگر، جەنگی جەنگاوەر و جەماوەری و لە جەنگ بوو، لەسەنگەری پێشمەرگایەتی فەرمانده و ژمارە و دەنگ بوو، دەدوا بە زمانێ، هەر دڵ دەیزانێ، وات دەزانی جێ ریەكی، پێوە دەكا لە عەریەكی، كەچی پێشهات و قسەكانی ڕاست دەردەچوو، دەیسەلماند ئەگەر هات و ئەگەر چوو، مەحاڵی دەكردە ڕاستی، دۆش دادەمای لە ئاستی، باخەوانی

باخی خۆی بوو، ئاگردانی ناخی خۆی بوو، بەزانایی عەقڵ، بە دانایی دڵ، وتەی زانا (گانتی) دەگووتەوە، دەیگووت وتەیەکی جوان و بەنرخ و بە سوودە (لە دونیا دا دوو شت جوانن ئاسمانی پڕ ئەستێرە و ویژدانێکی ئاسوودە)

## زێد و ئۆگری:

لۆژیك لە ئەلفەوە دەت بات بۆ (با)، خەیاڵ بۆ هەموو کون و کەلە بەرێکت دەبا، ژن و مێردایەتی نە بەهەشتە نە دۆزەخ بەستراوی پەیوەندی و بەند و کۆتە، دروست کردنی بەهەشت و دۆزەخ لەسەر زەوی و ژیان بە دەستی خودی خۆتە، کۆتر کەمتر لانەی خۆی بەجێ دەهێڵێ و دەشتوانێ بفرێ، نامە بەرو پەیکی شارەزایە پێی دەکرێ، ڕێگای دوور و درێژیش ببرێ، مەفتەن بوو دۆڵە مۆمن و فەقێیان، بۆیە پێی خۆشتر بوو لە هەموو جێیان، دۆڵە مۆمن، دار و بەرد و چۆمن، ویژدانی ئاسوودە بوو لەوێ، دەروونی ئارام لەبەر هەور و بروسکەش بێ دەخەوێ، (مۆمن) واتە مەردومی مەرد و چاك و پاك، ئەوێی کردبووە خەڵوەتگەی خوو و نزرگەی ماك،مۆمدانی مۆم و مولْك و پشکی بوو، بۆ ئاسوودەیی ڕۆح و مۆڵەتدانی مێشکی بوو، ژیان خۆ دزینەوە نییە خۆ دروست کردنە، ئەمانەت و ئۆباڵی گەورەت لە گەردنە، دڵی پڕ ڕاز و سکاڵا بوو، غەم و غوبن تێی ئالا بوو، بێزار و ناڕازی، هیوا نەبێ دڵ ناژی.



٢٠١٤/٤/٢٩-بارەگای مەڵبەندی کۆیە-جەنگی فەقێیانی-ڕەهبەر سەید برایم

## سیاسەت ویژدانی نییە:

(مردن لە کوێی ژیان کوشتمی)دەردی زەمانە و ویژدان کوشتمی، سیاسەت دڵ و چاو و ویژدانی نییە، بێ دایك و باوکە و ئامانی نییە، کێ کێشای جەور و جەفا، کێ کردی کەیف و سەفا، شیری پشت کەندوو، هەناسە سارد و ماندوو، ئەو گلەیی و گەردەشە،

هی ئەوەیە بێ بەشە، خەم خواردن بۆ ڕابردوو، ڕاکردنە بە دوای شتی با بردوو، قژی سپی گوڵی مەرگە، هەر تاڵێکی تیر و زەرگە، بێ هیوایی شیلەی ناخ هەڵدەمژێ، ڕەشبینی روخاندنە دەتکوژێ، ڕاوێژی خۆت بکە بە هەزاران کەس، ڕازی دڵی خۆت بە کەس مەڵێ بەس، پشوودانی دڵ بە هەست و هۆش، باشترە لە خواردنی باش و خۆش، گەرمی



لە چەپەوە: هەژار کانەبی-جەنگی فەقێیانی-رەهبەر سەید برایم-شەهید کەمال حاجی ئاغا-مام جەلال-مستەفا چاوڕەش-محەمەد حاجی قادر-عەبدوڵابۆر-شەهید سەڵاح دیلمانی-عەبدوڵڵا کانی بەردی-چەتۆ ساڵح-بەکر حاجی سەفەر-محەمەد وەتمانی-تەها کانی بەردی

ژیان و ساردی مەرگ لە یەك سەرچاوەن، داراونە دار لە ئاستیدا چەماوەن، گەر ناژی بە شانازی بمرە، ڕێی ڕاستی وسەر بەرزی و شەرەفمەندی بگرە، عەجەلە و ئەجەل بران، فەرزی نا ڕازییە مەرگ و کۆستی گران، نازانی لە کوێوە هاتوی ناشزانی بۆ کوێ دەڕۆی، لە مردن و ژیان ناگەی دەتباتەوە بۆ خۆی، مەرگ گواستنەوەی ڕۆحە لە جیهان بۆ جیهانێکی تر، ڕۆح پێش جەستە هەبووە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانێکی تر.

## ئاگری نەورۆز:

نەورۆز ڕۆژی نوێ و بوژاندنەوە و گەشانەوەی ڕۆح و خەملاندنی دەشت و دەرە بە جوانترین دیمەن، ڕازاوەیە بە بوکی تارا و فەرشی گوڵشەن و چرۆ و چیمەن، کەچی لە سەرەتای بەهار و پشکوتنی گوڵ بووە پرسە و شیوەن، گوڵی ژیانی لە نەورۆز ژاکاو هەلپرووکا، قەدەمی ئازیزانی پێ شکا، ئاخر چۆن پیرۆز دەکرێ جەژنی نەورۆز، کە هاوسەنگەرێکی گیانی و بەهێز و دڵسۆز، لەو ڕۆژەدا وەرگەڕێ، شەهید نەبێ لە شەڕێ، تۆ ڕۆیشتی بەشێك لە ژیان ون بوو، لە ئاهەنگ و سەیران کەی وەختی مردن بوو، بەهار

و نەورۆز، ساڵی کرد ئاڵۆز،


نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جـــەرگەوە
جەنگی فەقێانی بوو چوو بەرەو پیری مەرگەوە



گۆڕی لیوا جەنگی فەقێیانی

سەرچاوەکان:

١.وتەی ناوداران-کارزان نوری عوسمان
٢.گەنجینەی وتەی بەنرخ- سەیران مەحمود
٣.وتە کاریگەرییەکانی ژیان- ئارامی مەلا محەمەد
٤.بۆ کوردستان-هەژار
٥.دیوانی نالی
٦.دیوانی حاجی ی کۆیی
٧.بە بەختی حاجی-رەهبەر سەید برایم
٨.پیرەمێرد- شیعر-نەورۆز
٩.گوڵبژێرێک لە پەند و وتەی بە نرخ- ئینگلیزی –کوردی- بەرهەم عوسمان
١٠.دیوانی گۆران



# مامۆستا محەمەد وەستا بەکر و فەرهادی ڕاگەیاندن:
# دوو نۆبەرەی شەهید لە سکرتاریەت و ڕاگەیاندن

## ئاسۆی ئومێد:

پاش هەرەس (ی.ن.ك) دامەزرا لە کافتریای تولەتولەی دیمەشق، تێکۆشەرانی کورد بەرەو ئاسۆی ئومێد هەنگاویان نا بەوپەڕی باوەڕ و عەشق، لەو سەر و وەختەی یەکێتیان دامەزراند، عەرشی بەعسیان لە بەغدا لەرزاند، وەکو ڕێکخراوێکی فیدراڵی، بەڕابەرایەتی مام جەلالی، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی بوو لە کوردستان، دژ بە خۆ بەدەستەوەدان بوو دەستەوەستان نەوەستان، دەستەی دامەزرێنەران، تروسکەی هیوای بەزێنەران، یەکێتی وەك نیمچە بەرەیەك بەفرە بۆچوونی جیاواز، ئەزموونێکی تازە بوو لە ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە و پێکهاتە و ڕێباز، درێژە پێدەری هیچ لایەنێکی پێشوو نەبوو، تازە و جیاواز بوو بۆ پاداشت و پشوو نەبوو، زوو بایەخیان دا بە ڕاگەیاندن، بە تێگەیاندن و پێگەیاندن، پۆل پۆل، بە شەپۆڵ، خەمی کوردستانیان گرتە کۆڵ، دەستیان کرد بە خۆ سازدان و ڕاهێنان و مەشق، لەناوچەی جەزیرە و دێرك و شام و دیمەشق، سەرەتا دەیانویست وا بکەونە کار و بن بار، وەك گرووپی پروپاگەندەی چەکدار، گوڵبانگ و جاڕی شۆڕشی نوێ بدەن، لە خاکی ڕاگوێزراو وشاخ و بەندەن، بەمەبەستی چۆنایەتی، نەك چەندایەتی، سەنگەرە ڕووخاوەکان ئاوەدان بکەنەوە، لولەی تفەنگە خواربووەکان

بەرەو خۆربەبەنەوە، باوەڕ و مەحاڵ کە کۆنابنەوە بەڵام پێکەوە کۆکرانەوە، شۆڕشی نوێ هەڵگیرسا و لە هەرەسەوە بۆ هەستانەوە، لە یەکەم مەفرەزەی بادینان، بە ناهەق تەفروتونا کران، خۆ بە خۆ، شەڕی ناوخۆ، شەهیدکران بە فەرماندەیی نەقیبی ئەندازیار شەهید ئیبراهیم عەزۆ، فوئادی مەلا موسلیم یەك لەو شەهیدانە بوو، یەکەم شەهیدی کۆیی لە شۆڕشی نوێ قارەمانی ئەو مەیدانە بوو، دوایی هەڵۆکان لە دوندی قەندیل گیرسانەوە، بۆ بەرخۆدان و شۆڕش هەڵسانەوە.

## گەڕەکی بەفری قەندی:

لە شۆڕشی نوێ لە شاخ و سەنگەری پێشمەرگە دەیان نەبەردی و داستان، دەبێتە ڕاستی هەرچەند (**گوڵ لەسەر بەردی ڕەق ناڕوێ**) بەڵام لە خاکی بە پیت دەبێتە گوڵستان، تێگەشتن بە زمان نییە بە هەستە، هێما و وتەیە زمانی جەستە، ڕایەڵەی ڕێکخستن و گیانی شۆڕشگێڕانە بەهێز بوو لە کۆیە، بۆیە خەڵکی چاك و پاك ڕێکخرابوون بەو هۆیە، مامۆستا محەمەد وەستا بەکر، دڵسۆزی کوردبوو بە ماك و فکر، لە خێزانێکی کۆیی و کۆمەنیست و وەستا کار، لێوڕێژ لە ڕەوشت و خۆشەویست و پڕ ئاکار، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە دێتە ژیان ڕوو لە زەمانە دەکا، زەینەب خان- کچە کورد ساڵی ١٩٣٨، کۆیە دەشوبهێنێ بە بەهەشت، باسی گەڕەکی بەفری قەندی ئەو گەڕەکە جوانە دەکا، کۆیە بە خاوەن (**فکری منەوەر**) نیشانە دەکا:

**هەوای خۆشی بەفری قەندی هەستی دڵان شانە دەکا**
**بۆنی گوڵان دێنی و دەبا بولبولان دێوانە دەکـــــــا**
**مەگەر بەهەشتی خـــوا وا بێ لەو نەسیمە سەحەرییەدا**
**ڕۆحی هەنــــــــار ئامادە بێ شەراب لە پەیمانە دەکا**
**گەڵا لەسەر درەختەوە بە لــــــەنجە ولار و سەماوە**
**قومری بە دڵ بچریکێنی و شەرحی ئەو گریانە دەکــا**
**وەکو باغی ئیرەم وایە سروشتی رازاوەی کـــــــۆیە**
**لەوەتی کوردستان هەیە کـــــــۆیە ئەم بەیانە دەکا**
**قەڵەم زادەی کــــــۆیە زۆرن بە بیر و فکر و هۆشەوە**
**کۆیە هەروا بوە و وادەبێ، فەخری ئەم ســــامانە دەکا**

چ شارێ لەم کوردستانە ســــــاحیێب فکری منەوەرە
کۆیەیە فکری ئازادی پەخشان و پەخشانە دەکـــــا
(زەینەب) حەقتە گەر بنازی بڵێی کۆیی و کۆیی زادەم
کۆیە شاری مەعریفەتە و تەئریخ ئەم بەیانە دەکـــــا

## ئێڵنێ*:

مامۆستا محەمەدی وەستا بەکر مامۆستا بوو لە گوندی (ئێنێ)، گوندێکی دڵگیرە لە چۆمان بەهەشتی سەرزەمین دەهێنێ، بە شاخ و باخ و مێرگ و کانی و دیمەن و دەشتی، بە شنەی شێبا و ژینگە پاکی بای وەشتی، (ئێنێ) کەوتۆتە باوەشی کێوی کۆدۆ و گردی مەندیل، (ئاوە پرژە) کە دەپرژێ لە پشت قەندیل، کەفی وەك زیوین، مزرۆکە و شیرین، تەزی و سازگار، نەخشی کردگار، سینگورە و گۆڕەشان و تاتەشین و مێرگی درێژان، پڕ لە نێرگزی شەهلا و گژ و گیا و گوڵی سروشتی هەر لە بەیبوون و بارێزە و بیزاو و کەما و بێژان، قەلاتی قەرەدی و مەخمەر و وار شێخان و گەرووی شێخی و پرۆ شینی، هێندە خۆش، دەبێ (جەننەت نەبێژن)، چونکە ئەوێ بەهەشتە لەسەر زەمینی.



پایزی ١٩٧٩-توژەڵە- ڕاوەستاوەکان: مامۆستا کەمال-شەهید محەمەد
دانیشتووەکان: قادر چوارقوڕنەیی-پێشڕەو سەید برایمی

جەننەتی من خاکی کوردە غەیری ئەو خاکم نیە
دیدە تاریکە بە بێ ئەو نووری رونـــــاکم نییە

حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لەوێ خوێندوویەتی، بۆ جوانی ئەو جێیە دڵڕفێنە فەرموویەتی:

به فکرت دێ زه‌مانێ چووینه بـــــاڵه‌ك
به پێخاوسی نه كه‌وشم بوو نه كـــــاڵه‌ك
له‌به‌ر پێم دڕك و دار و شـــــاخ و باری
وه‌كو (مه‌خمه‌ر) بوو نه‌رمی یـــــا نه‌قاری
كه چووینه (سینگووره) سینه‌م گڕی به‌ست
وه‌كو (قه‌ندیل)ی سه‌رگه‌ردان وه‌كوو مه‌ست

*****

چكاوه (ئاوی پڕژه) و (گـــــۆڵه شینی)
نه‌مـــــــــاوه هه‌ر كۆتر تا شه‌هێتی
گه‌رووی شێخی له لوقمه‌ی كۆچ و باران
موعه‌ڕڕایه میـــــــــسالی ڕۆژه‌داران


*****

مامۆستا (محه‌مه‌د) له گوندی (ئێنێ) كه جوانی جیهانی گرتۆته باوه‌ش، به هۆی سه‌ركرده د.خالید سه‌عید هاته ڕێكخستنی بزووتنه‌وه‌ی سۆشیالیست به نازناوی (هیوا ٧٦)، ساڵی ١٩٧٦ به هیواوه، به نیاز پاكی كوردایه‌تی به بڕواوه، له‌وساوه له كووره و پووره‌ی هه‌نگ، هاتۆته جۆش و پێكهێنانی شانه به نهێنی و بێده‌نگ، به ویستێكی پۆڵاین و پته‌و، له‌و ڕۆژگاره دژواره كه‌م پرته‌و، ئه‌وێ ڕۆژێ ئه‌وه‌ی به گژ به‌عس داده‌چوو، ملی به چه‌قۆ ده‌سوو، ئه‌و به ئومێد و گوڵسوو، ڕووناكی كه له‌ناو دڵان بێ ڕێگا ده‌دۆزێته‌وه، بۆشاییه‌ك له ڕۆح بێ به چاوه‌ڕوانی پڕ ده‌كرێته‌وه، له نێوان ڕۆح و دڵ تروسكایه‌ك ده‌گه‌شێته‌وه.

## ڕێكخستنی نهێنی:

مامۆستا محه‌مه‌د هیوا (٧٦)، كۆله‌وژی ناو ئاگردانی گه‌ش، بووه پۆلووی سه‌ركڵ، له ناخی دڵ، ده‌كوڵا به كوڵ، بڵاوكراوه و ڕێكخستنه‌كانیان له بن كارتۆنی هێلانه كۆتره ده‌شارده‌وه له‌ناو ماڵدا، گه‌ر دژمن لێی بگه‌ڕابا و بیپشكنینبا ئه‌وێی نه‌ده‌هات به خه‌یاڵدا، ئاشكرانه ده‌بوو، بیری بۆی نه‌ده‌چوو، ده‌رگای ڕێكخستنی نهێنی لێی

درابوو قوفڵ، کلیلەکەی حەشاردرابوو لە ناو مێشك و دڵ، بەڵام لە شەقبوونی (ی.ن.ك) جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩، لێکترازان



١٩٧٩-توژەڵە-شەهید م.محەمەد لەگەڵ هاوژینی و هەردوو کوڕی (لادێ و جوتیار)

روویدا لە ناوخۆ، لە ئەنجامی کەرتبوون ڕێکخستنەکان پەرتبوون، بزووتنەوە وکۆمیتەی ئامادەکردن پەڕینەوە بۆ گۆڕەشێر، بە تایبەتی هێزەکانی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر، کەمینەیەك لە بزووتنەوە لەناو یەکێتی مانەوە، بۆ هەوێن و بوژانەوە و هەستانەوە، لە ١٩٧٩/٨/٨، کۆنگرەیان گرێ دا بوون بە حیسك و حیزبێکی سەربەخۆ، مامۆستا محەمەدی وەستا بەکر قوتاربوو نەکەوتە چنگی بەعس، هاتە شاخ و بووە پێشمەرگە بەبێ ترس، وەك هەڵۆیەکی بەرزە فڕ دای لە شەقەی باڵ، فڕییە بنی باڵی مام جەلال، پێشمەرگایەتی لەو سەردەمە جوامێری و مەردایەتی بوو، لە خۆ بووردوویی و گیانبازی و ترۆپکی کوردایەتی بوو، مامۆستا محەمەد وانەی کوردایەتی دەگووتەوە لە ئێنێ و کفرەدۆڵ، مووچەی باشی هەبوو هاتە چیا و چۆڵ و زەنوێر و تاوێر و دۆڵ و زەندۆڵ، کەوتە شاخ و بەندنان، تیشە بەرد و پاوەنان، بەجێهێشت ژیانێکی ئارام و ژنێکی نازدار، لەگەڵ دوو کوڕی پێنەگەیشتوو بە ناوی (**لادێ و جوتیار**)، شۆڕش بێ دەرامەت، پڕ کەرامەت، بێ داهات، ئەو کات، گاڵتە نەبوو پێشمەرگایەتی و خەبات، بە کارەسات و ڕێی هات و نەهات، ڕۆڵەی کورد بەرخ بوون لەبەر دەم گەلە گورگ، لە شاخ و شار و دەشت و دەر و هەڵەت و کەند و زورگ.

## سکرتاریەتی مام جەلال:

بۆ یەکەمین جار لە بناری مامەندە لە سەر سنوور و مەزرا، بە فەرمی سکرتاریەتی مام جەلال لە ١٩٧٩/١١/١ دامەزرا، سکرتاریەت چ سکرتاریەت لە هەواری (توژەڵە و خڕێ نێرزەنگ) بە هاوینان لە بن چادر و بن دار گوێز، زستانان خانووی قوڕ و نزم و ئاوەژێ و تەنگ، بە دارەڕێی خوار و خێچ و بەرد هەڵچنراو، راخەری شڕ و تەنك بە موشەما داپۆشراو، خانووی مام جەلال و هیرۆخان بە هەمان شێوە، لە دۆڵی ئەحزاب شۆڕشی نوێ دەچوو بەڕێوە، جێگا و ڕێگا لە ئەشکەوت و خانووی چاخی بەردین دەچوو، سیمای شارستانییەت و بیناسازی هەر تێدانەبوو، مامۆستا محەمەد وەستا بەکر، لەکن مام جەلال بووە ڕازگر، کاروباریان بە جوانی و ڕێز ڕادەپەڕاند، بە نانە ڕەق بە خۆبەخشی ڕۆژگاری دژواریان تێ دەپەڕاند، مامۆستا محەمەدی وەستا بەکر، لە ڕاز و سکاڵا و دەردە دڵ وەرگر، گەوهەری شاخ و جەوهەری شار بوو، وەك تیشکی هەتاو دیار و مانگی تریفەدار بوو، خاکی بوو وەك خاك، بە زگماك شیر پاك، کار پاك، بە بیر و ژیر و بە تەگبیر و کارا و کاکڵ، گوێگر گوێ دەگرت لە ترپەی دڵ، پڕ بوو لە وتەی نەگووتراو، لە نهێنی مام جەلال و نەبیستراو، گوڵێکی سروشتی بوو لەسەر سنوور، لەناو دڵان بوو لە نزیك و دوور، تا لێی نزیك ببای جوانتر دەبوو، دڵی لە دەریای فراوان دەچوو.


١٩٨٠-توژەڵە-م.محەمەد وەستا بەکر-عومەر دەبابە

## بەهای پێشمەرگە:

ئەوێ دەمێ پێشمەرگایەتی مووچە و پاداشتی نەبوو بەس سەر بەرزی بوو بەقەد دوندی قەندیل، نە کێڵگە و زەوی و ڤێلا و کۆشك و تەلار نە ئۆتۆمبێلی دواین مۆدێل، زۆر لە پێشمەرگەکان، لە شار ژیانیان دابین کرابوو بە پۆشتە و پەرداخ، کە چەکی شەڕەفی هەڵدەگرت لە سەنگەری بەرگری لە شاخ، کەس و کاری دەگیران و تالان دەکران، کارەبایان لێ دەبڕین و بە دەردێ دەبران، تێکۆشەرانی شاخ، بە گوڕتر و

سورتر لە ناخ، لە بیر و باوەڕ رژد و پێداگر، ورە بەرز و بێ منەت و خۆڕاگر، درێژەیان بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدا، بێ خۆ بە دەستەوەدان و سازش و سەودا، ڕوویان لە ئاسۆی گەش بۆ دوورمەودا، لە شۆڕش سێ داڵ، لە وتەکەی مام جەلال، ببووە هێما و بنەما و



زەڵێ۱۹۸۰-ڕاوەستاوەکان: م.محەمەد بەکر-لالۆ رەحمان پێنجوێنی-پێشڕەو سەید برایم
دانیشتووەکان: رەهبەر سەید برایم-دڵشاد مام ڕەزا(کوێخا)-نەناسراو-م.کەمال بڕنەو

ماك، دەست و دەم و داوێن پاك، هەموو کەس وەرنەدەگیرا لە ڕیزەکانی پێشمەرگە، دەبوو لە ڕێکخستن بایان ناسیاو یان دەستەبەری هەبا پاك با بە بەڵگە، شۆڕشی نوێ دەشوبهێندرا بە جۆخینی شەڕەف، پێشمەرگە بەهای هەبوو وەکو لیرەی عوسمانلی و سەدەف، خەبات و کوردایەتی جوانی و پیرۆزی تێدابوو، خەڵکی خەباتگێر خۆبەخش و لەخۆبورد و گیانفیدا بوو، هەموو خۆشی دونیایان چەکێکی موزەڵی و مەخزەنێکی ۷۵ و تاقمێکی پلاسکۆ بوو، قەمسەڵەیەکی ئەمریکی و ڕادیۆیەکی شڕ و تەزبیح و پێڵاوی ئەدیداس و شەوڕۆ بوو، سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگە هێندە بە جیاوازی نەبوون، لە شەڕ و سەنگەر و دابەشکردنی ماڵان چی خوا پێی دابان پێ ڕازی دەبوون، شۆڕش لەسەر ورگی ڕەش و ڕووتی لادێ دەژیا، لە باوەشێکی ئارام و ئەمین لە دامێنی چیا و کەژیا، هەستی ماڵە پێشمەرگە و شەهید ویژدانی مێژوو دەزانێ، چ ئازار و زامێك بوو چ ژیانێك بوو لە خورپە و ژانێ، لە هەر شەڕ و ڕوداوێکی شاخ و سەنگەری شەرەف،

دڵی کەس و کاری پێشمەرگە لێی دەدا وەك دەف، چرکەی تەمەن، لەعلی یەمەن، موشکین سەمەن، خۆش و جوانی گەنجی فرمێسك و خوێن و ڕەنج لە شاخ و شۆڕش ڕۆیی، لە پێناوی کوردایەتی و ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیی.

## یەکەمین شەهیدی سکرتاریەت:

بنکە و بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بە هاوینان فێنك و خۆش هەوای پاکژی کوێستان، بە زستانان سەخت و بەر ڕەنووە بەفر و باگر، جگە لەوەش لەژێر هەڕەشە و بۆردومان و تۆپ و ئاگر، لە ڕۆژمێژووی ١٩٨٠/٧/٩، ڕژێمی بەعس بەهێز و لە خۆبایی بوو هێشتا، فرۆکە مەرگ هێنەرەکانی کردیان بۆردومان لە زەڵێ و تۆژەڵە، خوێن و خۆڵ و شاخ و درەخت و جەستەیان کرد بە تێکەڵە، شەڕ و شۆڕش (ئاش)ە، لە نێوان دوو بەرداشە، بە خوێن دەگەڕێ، دەهاڕێ دار و بەرد و لاشە، مامۆستا محەمەد وەستا بەکر و فەرهادی ڕاگەیاندن شەهیدکران، بە جلوبەرگی خوێناویەوە لە بن دار گوێزیك نێژران، مامۆستا محەمەد وەستا بەکر، بووە گوڵاڵە سوورەی ناوشەختە و بەفر، شەرەفی یەکەمین شەهیدی سکرتاریەتی پێ برا، بووە ژیلەمۆ لە ناو ئاگردانی پڕگڕا، شەهید بوو بە تەمەنی ٢٨ساڵی، ماڵ و منداڵی، کەوتنە مەینەت و تاڵی، دوو کوڕ بوو درەختی بەختی، ژیان بە بەدبەختی و سەختی، (**لادێ و جوتیار**)، بێ باب گرفتار، گەورەبوون بێ سۆز و ناز، کوورەی دەروونیان لە ڕاز و نیاز.


تەرمی شەهید م.محەمەد وەستا بەکر

## یەکەمین شەهیدی ڕاگەیاندن:


یەکەم شەهیدی ڕاگەیاندن (شەهید فەرهاد)بورهان شێخ مستەفا، سەر کاروانچی شەهیدانی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)ە وەك وەفا، شەهید فەرهاد، لە بێخ و بونیاد، لە شێخانی قەرەداغ، لەو ئاگردان و وچاغ، لە بنەماڵەیەکی گەورە و گەوهەر، شێخی مردۆخی و

ئاین پەروەر، ساڵی ١٩٥٤، دای لە زیقە و هەوار، لە گەڕەکی سەرشەقام شاری سلێمانی، (بورهان) بوو ناو و نیشانی، لە خێزانێکی ئاگادار، جۆشدراو و فیداکار، لە بەغدا


شەهید بورهان شێخ مستەفا (فەرهادی راگەیاندن)

دەرچووی زانکۆ ئاداب بوو بەشی عەرەبی، شارەزا بوو لە زمان و بواری هونەر و ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی، لە ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو بە باوەڕ و بەڵگە، ساڵی ١٩٧٩ دەبێتە پێشمەرگە، لە ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) داندرا، کاری ڕۆژنامەوانی پێسپێدرا، کەوتە کار و چالاکی نواندن، دەناسرا بە فەرهادی ڕاگەیاندن، لە ساڵی ١٩٨٠ بە بۆنەی یادی یەکێتی لە یەکی شەش ڕۆڵی شەهیدی بینی نواندنێك کرا پێشکەش، شەهیدبوونی بەراست، مردنی خۆی نەدەخواست، ڕەبەن تەمەن ٢٦ ساڵ، خەون و خەیاڵی کەوتە چاڵ، لاشەی بەبۆمبا و ساچمە، کرابوو پارچە پارچە، جەستە هەلا هەلا هەر تیلمە گۆشتەی لە لایەك کۆکرایەوە، بێ کفن و شوشتن نێژرا ڕۆح و ناوی مایەوە، بەرگری دلێرانە و شەڕی ئاسمان کرا، دوو شەهید و شەش بریندار درا، بریندارەکان: (خاڵە سەید مەجید، میران مەستی، هاوڕێ جەبار، حەمە سەعیدە قەڵەو، پێشڕەوی سەید برایمی، ئازاد حاجی عەبدوڵڵا هەوارمی) گوێزەلان و هەنگەلانی توژەڵە و جەنەڕاڵ بەفر و زەنگی خڕێ نێرزەنگ و شێنێ نەشێواو و بڵندی مامەندە، سەلماندی پێشمەرگە ناڕوخێ و ڕەگ قووڵ و ڕۆح شیرین ورەبەرز و بە خاك و گوڵی سەربەستی پاپەندە، مێژوو ئەزموونە، لە بەرچاو روونە، خەبات و خاك خەمی پیرۆز بوو، ئەرکی خەڵکی مەرد و دڵسۆز بوو، ئەو دوو شەهیدە، مێژوو شاهیدە، بۆتە هێما و پەیام و زام، لە ڕاگەیاندن و سکرتاریەتی مام، نۆبەرەی شەهیدانن، لە دەروون و ویژدانن.

بەر یادن، گیان شادن، خوێنی شەهید بۆ ئاوەدانی درەختی ئازادی و ڕزگارییە، شەهید بروسکەی هەورێکە کە بارانی مروارییە.




لادێ شەهید مامۆستا محەمەد ئەبوبەکر لەسەر گۆڕی باوکی لە گۆڕستانی شەهیدان




زەڵێ-ساڵی ١٩٨٠-هەڤاڵ کوێستانی-شەهید فەرهادی ڕاگەیاندن



ڕەهبەر سەید برایم-جوتیار شەهید محەمەد ئەبوبەکر



حاکم پێشڕەوی سەید برایم لە توژەڵە لە کاتی بریندار بوونیدا، ئەو وێنەیە (مەلا ڕەشادی روستی) بەدەستی خۆی چرکاندوویەتی لە ١٩٨٠/٧/٩ەوە، وێنەکەی پاراستووە!


١٩٨١/٧/١٦

خۆشەویستەکانم لادێ و جوتیار

چاوەکانتان ماچ دەکەم


شادی و خۆشیتان داوایە و منیش باشم .
نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاستان دەکەم ،
هیوادارم بە سەربەرزی و سەروەری گەورە بن
و لەسەر رێبازی باوکی شەهیدو و نەمرتان
وەك دوو نەونەمامی بەردار باغی گولزاری
کوردستانی خوێناوی بەرز بکەنەوە .
باوکیشتان وەك سەدان قارەمانی تری کورد
کوردستان [illegible] گیانی پاکی لە پێناوی
رزگاری و دیموکراسیدا بەخت کرد ، تا دنیایەکی
پێکەوە ببینن تێیدا هەموو کەس بە شادی و
سەربەرزی و سەربەستی بژییەت .

[illegible]

هەر شاد بن

مامی دلسۆزتان
مام جەلال

نامەی مام جەلال بۆ کوڕەکانی شەهید مامۆستا محەمەد ئەبو بەکر


یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

ژمارە / ٧
ڕۆژ / ١/١١/ ١٩٧٩

((بـــــریار))

بۆ / کۆمەڵەکانی (ی.ن.ک) تێکۆشەر
ساڵوێکی شۆڕشگێرانـــــــەی گەرم

بۆ ڕێکخستنی کاروباری شۆڕشە پیرۆزەکەمان بریارمان دا کە (مەکتەبی سکرتاریەت) دابمەزرێنین . کە لە مەولا ... بز ( ... ) و بولانی هەڤال سکرتێری گشتی بەڕێوەی ئەم مەکتەبەوە ئەبێ ، کاروباری ئەم مەکتەبە بەم شێوەی خـــــوارە وە دابەش کراوە . بۆیە داوا لە هەموو تێکۆشەران ئەکەین کە ئەم بریـــــارە بە هێی بکەن بەهەڵـــو ڕێزەوە .

١. هەڤال محمد سلام ... - لێپرسیاری کاروباری ڕێکخـــستنی (ی.ن.ك)
٢. هەڤال علی شێخ محمد صالح - سکرتێری تایبەتی هەڤال (مام جـــــــلال)
٣. هەڤال محمد ابوبکر ... لێپرسیاری پێشمەرگەو خەڵـــــــك
٤. هەڤال شێرو ابراهیم ... لێپرسیاری کاروباری حیزب و ڕێکخـــستن
٥. هەڤال پێشرەو ابراهیم سعید - لێپرسیاری ئەرشیف و کتێبخـــانە و لێپرسیاری دادگەری (حاکم) شۆڕش
٦. هەڤال کمال عبدالکریم محمد - لێپرسیاری کاروباری پرسگە (استعلامات)

ئیتر بۆ پێشەوەو سەرکەوتن
لەژێر ئالای / ی.ن.ك

((مەکتەبی سیاسی))

تێبینی / /
١. دەوام لە کاتژمێر ٥ ر ٨ بەیانیان تا ١٢ ر نیوە ڕۆ
٢. ڕۆژانی هەینی ... داخراوە .

فەرمانی سکرتارییەتی مام جەلال

## سەرچاوەکان:

١-لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕێ ناوزەنگ- نەوشیڕوان مستەفا.

٢-دیوانی زەینەب خان (کچەکورد)-(١٩٠٠-١٩٦٣)- عەبدوڵڵا زەنگەنە.

٣-دیوانی شێخ ئەنوەری بەرزنجی- ئامادەکردن و پێداچوونەوەی شێخ سەربەست بەرزنجی.

## بەرچاوەروونی:

*لەعلی یەمەن: بەردێکی ئاڵی گرانبەهادارە.

*موشکین: عەنبەر- بۆنی میسك.

*سەمەن: گوڵێکی بۆنخۆش.

*گوڵسوو:گزنگ، شەبەقی بەیان.

*گوڵبانگ: بانگ و خوێندنی جوان.

*پۆلوو: پشکۆ.

*کڵ: کۆمەڵێ ئاگر.

*برژە و مەخەمەر و سینگووڕە و پرۆشین و گەرووی شێخی و قەراتی قەرەدی و گۆرەشان و تاتەشین و مێرگی درێژان ناوی شوێنن لە دەوروبەری گوندی (ئێنێ).

*کۆدۆ و گرومەندیل شاخن.

* بیزاو کەماو پێران گیای سروشتی کوێستانین.

* ئێنێ:لە زمانی سریانی دا بەواتای (چاو-چاوەکان)دێت، بە واتای کۆمەڵێ (کانی)ش دێت، بەواتای سەرچاوەی ئاو دێت، بەپێی لێکدانەوەی د.هاوژین سلێوە.

* لە پاش جیابوونەتەوە بزووتنەوەی سۆشسالیستی کوردستان و کۆمیتەی ئامادەکردن (پ.د.ك) بوونە حزب بە بەشێکی کەم لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان وەك عومەر دەبابە (کاکی کاکان) و عەزیز بەگی ڕانییە و چەند کادیرێکی کەم لە بزووتنەوە مانەوە لە ناو ریزەکانی (ی.ن.ك)، دوای بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بووە باڵێك و بە سەرکردایەتی مامۆستا (عەلی حەوێز) لەگەڵ سەرکردایەتیەکی نوێ لە ١٩٨١/٩/١١ تێکەڵ بوونەوە لەگەڵ خەتی گشتی بوونە (یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان).

# لە ڕوانگەی ڕاوی ڕستەدا





## سەرۆك مام جەلال

-برا گیان کاك رەهبەری ئازیز

زۆرم دڵ کرایەوە بە ڕستە خۆش و ڕەخنە بەجێ یەکەتان، خۆشەویستی خۆم کاکە رەهبەر

-ئێوەمانان(کە تۆ وەك خۆم دەتناسم)پیاوی تێکۆشەری، پێشمەرگەی گومناونەبوون» چونکە هەمیشە مەسئول بوونە.

هەر بژی ئەی کاك رەهبەر

بۆ برای دڵسۆزتان (مام جەلال)



## د.فوئاد مەعسووم

کاك رەهبەری سەید برایم لە نووسینەکەیدا زۆر شتی بیر هێنامەوە سوپاسی دەکەم، بەڕاستی نووسینەکەی دەربارەی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانی کوردستانە، بەڵام کەرەستەیەکی بەپێزی پێشکەش کردووە، وەك پێشەکی بۆ بابەتەکە، یاخود بڵێین گەڕانەوە بـــۆ بنج وبنەوانی ڕاگەیـــاندنی شـۆڕشی کـــورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە چەرخی بیستەمدا.

بێ گومان ئەم نووسینە و هێندێ نووسنی تر نەبایە زۆر لەو مێژووە پڕ سەروەرییە بزر دەبوو، وردەکارییەکی زۆری کردووە، بە ئینصاف و بێلایەنانە-واتە بەشێوەیەکی بابەتیانە-ئەم بەرهەمەی هێناوەتە دی، ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لە بەشێکی چالاکیی ڕووناکبیریی خەباتی میللەتەکەیان ئاگاداربن، وابزانن هەروەك خۆی لە خۆیدا خزمەتێکە لە بواری ڕووناکبیری و مێژوو، نووسەر پێشکەشی کردووە.



## عەبدوڵلای حەسەنزادە

”

من ستایشی کاك رەهبەر دەکەم لە ئاست دلسۆزی و پەرۆشی بۆ کۆیە من لە روانگەی ئەوە وە حەزم ئەکرد بە ئەسڵ خەڵکی کۆیە بام فەقەد ئێستاش هەر خۆم بە کۆی دەزانم چونکە لێی ئەژیم، بەلام من بە پێویستم زانی لە نۆرەی قسەی کردنی خۆم سوپاس و رێز بنوێنم بۆ (( کاك رەهبەر )) چونکە مرۆڤ دلسۆزی و پەرۆشی نیشتیمانەکەی لە دلسۆزی و پەرۆشی شار و شوێنی لە دایك بوونەکەی سەرچاوە ئەگرێ لێرە بۆما وەدیار ئەکەوێت ئەو زاتە چەندە دلسۆزی کۆیە و ناوی کۆیە وراتی کۆیەیە زۆر زیاتر وابەستە و دلسۆزی نیشتیمانەکەیەتی کە کوردستانە.

یەکەمجار کە یەمن لەگەڵ قەڵەمی کاك ڕەهبەری سەید برایم ئاشنا بووم لە ڕێوڕەسمێکدا بوو کە بۆ پەردەلادان لەسەر پەیکەری تێکۆشەری کۆچکردوو عومەر مستەفا ناسراو بە «عومەر دەبابە» پێکهاتبوو. یەکێك لەوانە کە لەوێدا قسەیان لەسەر کاك عومەر مستەفا کرد، ئەم کاك ڕەهبەرە بوو. پەخشانێکی ئەدەبیی ئەوەندە جوان و پڕزانیاریی لەسەر کەسایەتیی کاك عومەر خوێندەوە کە ڕووم کردە هاوڕێی پەنا دەستم و گوتم حەیف نیە پیاو کە مرد یەکێکی وا قسەی لەسەر نەکا؟

“



## قوباد تاڵەبانی

”داوام لێ مەکەن شیعرتان بۆ بخوێنمەوە بە تایبەتی لە حزووری کاک ڕەهبەری سەید برایم.

زۆر خۆشحاڵ بووم کاک ڕەهبەر ئاماژەی بە دەورە گرینگەکەی هاوسەری کاک هۆمەر شێخ مووس (ئەگنێتا خان)کرد هاوشان لەگەڵی لەو حەموو ساڵانەی لە خەبات و لەبەرگری کردن لەمافی کورد و کوردستان هاوشان پێکەوەبوون.“



## د.ئەرسەلان بایز

”گەنجێکی کۆیی تەمەن ٢٠ ساڵەی پەروەردەی بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری گۆشکراو بە سروودی ئەی ڕەقیبی دڵدار، بەهۆشیاری و کرانەوەی شیعرەکانی مەلای گەورە خۆشەویستی نیشتمان باڵە فرەی پێکرد و لەسەر قوتەی مامەندە و دوندی قەندیل ئۆقرەی گرت ئیتر پەنا ئاوێر و ئەشکەوتەکان بوو بەمەنزڵگای. لەوێ بەلەبەرکردنی جلێکی خاکی و کلاشینکۆفێك لەشان خەونی چەند ڕۆژ وشەوی هاتەدی بەهیوا و مرازی خۆی شاد بوو.“



## شێرکۆ بێکەس

"لەهەموویان باشتر (ڕەهبەری سەید برایم)ە، بەڕاستی ڕەهبەر گەنجینەیە."



## فەرید ئەسەسەرد

"ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێنەوە چێژێکی زۆری لێ وەردەگرن، بەڵام کەس نازانێ کۆکەرەوەی کەرەستە سەرزارەکییەکان چەند ماندوو بووە و چەند ئەرکی کێشاوە. بۆیە کاک ڕەهبەر لەم کارەیەدا شایستەی ئەوەیە دەستخۆشی لێ بکرێ،"



## ئاریز عەبدوڵڵا

دڵخۆشم بەوەی کە دەبینم تا دێ قەڵەمەکەی ڕەهبەر سەید برایم بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ژیان و کۆڵنەدان بە پڕشتر و پاکنووستر دەبێت.

لەو سەردەمە واتە سەردەمی شاخ کاک ڕەهبەر یەک لەو فەرماندانە بوو، کە لە مەیدانی گیانبازیدا هەرگیز قەڵەم و چەکەکەی لە دەست نەترازان، ئەوە بۆ ئەو کات و پێشمەرگە و فەرماندە خوێندەوارەکان کارێکی ئاسایی بووە، بەڵام هونەری کاک ڕەهبەر لەوەدایە کە لە دوای خەباتی چەکداری برەوی بە قەڵەمەکەیدا و لە مەیدانی ئەدەب و ڕوناکبیریدا هەروەک سەردەمی شاخ سەرتیپێکی هۆشیار و دیاری مەیدانی نوسین و بڵاوکراوەی بەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکانییەتی. لە دوای ڕاپەرین مەرەکەبی قەڵەمی چەندین نووسەر چك وچەکی چەندین فەرماندە چروکیان کرد، بەڵام ڕەهبەر چەکەکەی بە ئەمانەتەوە رادەستکردەوە، کەچی برەوی بە قەڵەمەکەیدا و بەتەواوی خستیەگەڕ.

خێوەتی خارا بەرهەمێکی مێژویی ستایشییە، بەڵام بە زمانێکی هێندە پاراو، بە کوردییەکی هێندە ڕەسەن و بە وشەی هێندە جوان ڕازاوەتەوە، مرۆ لە خوێندنەوەی نەك هەر وەرس نابێ، بگرە لە وشەی نوێ و ڕستەی شعری چڕ و پەخشانی پڕ لە هەست و سۆز شتی نوێش فێر دەبێ.

هەست بە دڵسۆزی، خەمخۆری توانای هۆنینەوە، پاشخانی ڕۆشنبیریی، دنیابینی و شارەزایی کاک ڕەهبەر دەکەیت. دەستەواژەی کوردەوری ئەوها بەکار دەهێنێ، کە ئەو و کەسانی وەك ئەو نەبن لە داهاتودا لە فەرهەنگی کوردیشدا نادۆزرێتەوە. بۆیە من پێم وایە خێوەتی خارا بەرهەمێکی بەپێز و ناوازەیە بابەتە مێژوویی و پەخشان نامەکانی ئاوریشمی ئاو زێڕن، واتە ڕایەڵە ئاوریشمەیەکەی بە ئاوی زێڕ کردۆتە خێوەتی خارا.




## د.کەمال غەمبار

”ھەموو قەڵەم بەدەستێك نووسەر نییە، خۆ ئەگەر نووسەریش بێ، دەبێ بزانێ چ دەنووسێ و بۆ دەنووسێ و بە چ شێوازێك دەنووسێ؟ کاك ڕەھبەر یەکێکە لەو قەڵەم بە بڕشت وبەھێزانەی کە دەزانی چی دەنووسێ؟ بە چ مەبەستێك و بۆ کێ دەنووسێ و چ جۆرە ناونیشانێك بۆ نووسینەکەی ھەڵدەبژێرێ و ئاخۆ لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەگونجی یان نا!“



## زیرەك کەمال

”ئاخر چۆن دەکرێ مرۆڤ ڕەھبەری سەید برایم بناسێ و دەستبەرداری بێ، بە تایبەتی بۆ پیاوێکی ئاوا کە پڕە لە مرواری شیعر ومەرجانی ڕێز و نێرگزی جوانی و گوڵاڵە سوورەی خۆشەویستی، کاك ڕەھبەر بەڕاستی نموونەی ویقار و وسەنگینی و ڕێزە، ئەو سەرکردە وکەسایەتییەکی دیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، بەڵام بە ڕۆحیەتیەکی پڕ لە ڕێز و بەرپرسیارییەتی مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکان دەکات، کۆییەکی خۆییە، بەڵام خۆیی بونێك کوردستان لە ئەوجی لوتکەیدا دەدرەوشێتەوە.“



## عەبدولڕەزاق بیمار


”ئەم چەپکە پەخشانە شیعرە گوڵڕەنگە مامۆستا ڕەهبەر لە بۆنە گەلێ جیاوازدا وەکو ڕێزلێنان، یادی خامە ڕەنگینان، هونەرمەندان، شۆڕشگێران، لە کۆڕ و سیمیناری تایبەتی و پڕ شکۆ و بایەخدار پێشکەشی کردوون . ئەگەر چی لە دنیای ئەدەبدا وا باوە شیعر و وتاری تایبەت بە بۆنە (مناسبات) گیانی شیعریەت لەدەست دەدەن، بەڵام نووسەری ئەم پەلکە زێڕینانە بەهۆی ڕستەی پڕ لە هەست و سۆز و بەکارهێنانی سەرواو قافیەکاری و بەهرەی نووسیاری و ڕاستگۆیی لە بیر و باوەڕ و هەستیاری، توانیویەتی بەرگێکی ڕەنگین وەبەر ئەو بۆنە و یادانەدا بکات و لە شیعرییەت دایان بهێنێت.“



## عەبدولکەریم شێخانی

یەکێك لە سیفەتە هەرە بەرزەکانی کاك ڕەهبەر ئەوەیە، کە بە هەموو هێز و توانایەکەوە دژی براکوژییە، هەرچەندە هەندێك کەس هەن ئاگری برا کوژی خۆش دەکەن.. تەنانەت لە کاتی شەڕی ناوخۆدا ئەو نەیدەویست بەشداری ئەو شەڕەبکات لەشاری کۆیە، دۆست وناسیاو وکەس و کاربوون وهەر بۆچوونەکەی ئەویش ڕاست دەرچوو.

لەبەر ئەوەی سەید برایم شاعیر بوو، هەر زووشەوە ڕێگای خەباتی کوردایەتی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتبوو.



## مومتاز حەیدەری

کاك ڕەهبەری سەید برایم لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری نیشتمان پەروەر، لە قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە لە باوەشی جوڵانەوەی نیشتمانی شۆڕشگێڕانەی ژینگەی کۆیە پەروەردەبووە، ئێستاش خاوەن قەڵەمێکی گەورەی کوردایەتییە.



## جەوهەر کرمانج

”

یەکێك لە خەسڵەت و ئاكارەكانی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان كە یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان و ڕابەرایەتی دەكرد هاوسەنگەری چەك وقەڵەم بوو. چەك وقەڵەم جمك بوون.

ڕەهبەری سەید برایم یەكێكە لەو پێشمەرگە دلێرانەی كە جگە لەوەی لە هەرەتی گەنجیدا بۆتە پێشمەرگەو لە زۆربەی داستانەكاندا وەك پێشمەرگەیەكی سادە وەك فەرماندە بەشداریی كردووە. خۆیشی لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەری شاری كۆیەیە و چەندین جار برینداربووە لە سۆنگەی پێشمەرگایەتییدا بۆتە مایەی گیرانی دایك و باوكی.

ڕەهبەر سەید برایم ئەگەر دەستپێشخەری نەبێ بەدڵنیاییەوە چاولێكەری نییە، بەڵكو دیاردەیەكی نوێیە، لە مێژووی خەباتی نەتەوەكەماندا وەك چۆن ئەفسەر و فەرماندەكانی شۆڕەوی كۆن و ئەڵمانیا لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا یاداشت و بیرەوەرییەكانی ڕۆژانەی خۆیان نووسیوەتەوە و ئێستا بوونەتە بەشێكی گرنگ لە مێژوودا و سامانی مێژوویی نەتەوەو وڵاتانی خۆیانیان پێ دەوڵەماند كردووە و نووسینەكانیان بوونەتە سەرچاوەیەكی جیهانی.

“



## م.عەبدولخالق عەلائەددین

کاك ڕەهبەر توانیویەتی ئەو کەسانەی کە فەرامۆشکراون ناویان زیندوو بکاتەوە چ شاعیر بێ یان نووسەر.



## فەرید زامدار

لە ڕۆژانی سەختی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتییدا (ئەو) گەنجێکی باریکەلەی بالا بەرز و ئازا و نەبەرد و قارەمان بوو، رابەر و ڕێبەر و ڕەهبەری پێشمەرگەکانی کۆیە و هەیبەسولتان بوو.

ئەو ئێستا پلەی عەسکەری (فەریق)ە و سەرۆکی دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە، هەموو (ئەوەکان) براو و هاوڕێی دێرینم (ڕەهبەری سەید برایم)ن، کە عەسکەر و نووسەرە.

پیشمەرگە و فەرماندەی دێرین من ناوم ناوە ئەفسەر و نووسەر و مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاك برا و هاوڕێی دێرینم شیرین کەلام و خاوەن قسەی نەستەق و هەمیشە ڕوو خۆش و دەم بە پیکەنین خوا بۆمانی بهێڵێ و تەمەن دریژبێت



## د.سامان جەلال

”

لەگەڵ ڕەهبەری سەید برایمدا دانیشتن لەگەڵ پیاوی شۆڕشگێرو مرۆڤی ڕۆشنبیرو بەرەوشت و بەتوانا، هەستێکی گەورە و هێزو و وزەیەکی تـرت پێدەبەخشێت. هەست دەکەیت وڵات هێشتا غەرقی گەندەڵی و نادادپەروەری نەبووە، هەست دەکەیت، نیشتمان هێشتا لەلێواری نغرۆبوون دوورە. هەست دەکەیت شۆڕش و پێشمەرگایەتی تەنها بۆگیرفان و قورغکاری نیە و هەست دەکەیت قەلەم و خەبات، نەشێوێندرایە و هێشتا هەناسە و قەبارە و پیرۆزی خۆیان وون نەکردووە. وەك «دەڵێن نرخی زێر لای زێڕنگەرە»! ڕەهبەری سەید برایم ناوە ناوە هاوڕێکانی بەشێوازی جۆراو جۆر بەسەردەکاتەوە، واتا فامی هێزو گەورەیی و جوانی مانای هاوڕێیەتی دەکات و دەیانخوێنێتەوە، نەوەك وەك هەندێك، لەبەر خەمی خۆیی، دونیای بیرچووبێتەوە! ڕەهبەری سەید برایمی کۆیەی پایتەختی پڕ لەهونەر و جوانی و پڕ لەهونەرمەند و شۆرەسوار و شۆڕشگێردا، دەیان میوانداری و دیدار و چالاکی هونەری تیادا سازدەکرێت. لەو دیدارانەدا، زۆرینەی جارەکان، پیاوێکی خاکی و مێژوو جوان و سادە، هاوشێوەی ڕەهبەری سەید برایم ڕێز لە تواناکانی خەڵك و قەلەم بەدەستەکان دەگرێت، هەنگاوە جوانەکانی ڕەهبەری سەید برایم بۆ هونەر، بۆ نیشتیمان و مرۆڤ دۆستی، ژینگەی دروست دەرەخسێنێ. ئەگەر هەموو دونیا پیاوە جوانەکانیان بیرچووبێتەوە، ئەوا ئەو هەرگیز نایەوێت، هونەر و هونەر دۆستەکان فەرامۆش بکات. ئەمە هاندان وخوێندنەوەیە، ئاراستەیەکی تری شۆڕشگێرییە، لەئاسمانی ڕەهبەری سەید برایم دەگوزەرێت و بەروونی دەدرەوشێتەوە.

“



## حەمید ڕەشاش

”

به خۆم سەرم سوڕمایە لە کاك رەهبەر لە زانینی و نوسەری باش و شاعیری باش و کۆیی باش، ئینسانێکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و خۆشەویستی مام جەلال بووە

“



## قادر بەشدار

”

ڕەهبەری ڕۆژانی سەخت و خامەیەك لە ڕامیاری و هەناسەیەك لە شنەی شاخ وچاوێکی بێدار لە خەمی خاك و چرایەکی گەشی دونیای ڕۆژنامەنووسی و دۆسیەیەکی پاك و بەورێك لە ڕووی دوژمن ئەوەی تەنیا ڕۆژی لە شۆڕشی نوێ پێشمەرگە بوبێ و دێرێك لە یاداشتەکانی خوێندبێتەوە، گەواهی ئەم ڕاستیانە ئەدا.

من وەکو خۆم باوەڕ ناکەم قەڵەمەکەم خلیسکی بردبێ و تووشی ووڕێنە بوبێ بەڵام ڕەنگە غەدرم لێ کردبێ و هەندێ سیفەتی جوانی تریم بێر چووبێ

“



## فازیل شەوڕۆ

گەر داوام لێبکەن بە دێڕێك، پێناسەی قەڵەمی(ڕەهبەر سەید برایم)ی بکەم. دەڵێم:

- بە دێڕێك نا، بە یەك تاکە وشە: ڕەهبەر سەید برایم، (حەفت ترینگە)یە.

جا گەر بڵێن، دەی (حەفت ترینگە)شمان بە دێڕێك بۆ پێناسە بکە، دەڵێم:

- کتێبخانەیەك، خوانەکەی، (حەفت ترینگە)ی لەسەر نەبێ، تامی نەختێ بێ خوێیە.



## پێشڕەو ئەحمەد مام یەحیا

کاك ڕەهبەر نموونەی ڕاستەقینەی پێشمەرگەیە، چونکە هەر سێ سیفەتە سەرەکیەکەی پێشمەرگەی ڕاستەقینەی لە هەگبەیە، دەست ودەم و داوێن پاك، لە دڵ و دەروونی ڕۆچووە خۆشەویستی خاك، کاتێ لە شار ڕووی کردە شاخ لە هەرەتی لاوێتی، هیچ کێشەیەکی تایبەتی نەبوو، هەڵیبژارد کوردایەتی، بێ پشت وپەنا و بێ عەشیرەت و کەسایەتی، قۆناغ بەقۆناغ پلەبەپلە سەرکەوت بۆ سەرکردایەتی.

چەندین جار لەشەڕدا برینداربووە نەك خۆی بەڵکو چەکەکەی، دوای چاکبوونەوەی لە جاران گەرم وگورتر جێبەجێی کردووە ئەرکەکەی، هەم ڕۆشنبیر هەم شاعیر هەم شارەزا لەمێژوو، خاوەنی چەندین شیعری بەپێز و پەخشانە شیعرە لە ئێستا و لە ڕابردوو.



## م.جەواد حەمەد بەگ

”کاك رەهبەر سەید برایم تێکۆشەر و ڕوناکبیری گەلەکەمانە، پیاوێکی زۆر بەڕێزە، لە ئەدەب زۆر بەهێزە.“



## سەلاح شێخ شەڕەف تاڵەبانی

”کاك رەهبەری سەید برایم یەکێکە لە نووسەر و ڕوناکبیرە هەر قسە خۆش و خۆش مەشرەبەکان و بەدوای قسەی خۆش دا دەگەڕێ.“



## مەسعود پەرێشان

”کاك رەهبەر ئەوەی دەینوسێ نوسینیشی بە زمانی شیعرە، بۆیە ئەوەی دەشنوسێ دەڵێم هۆنیویەتەوە، وەکو ئەوەی شیعر بنووسی، قەڵەمە جوان و باڵا بەرزەکەی کۆیە، کاك رەهبەری سەید برایم پێشمەرگەو ڕۆژنامەنووس و ئەدەب پەروەرە.“



## د.هەژار عوسمان مەعروف

به هاوکاری (ڕەهبەری سەید برایم) و (لالۆ)(عەبدول رەحمانی پێنجوێنی) و (مام ڕەسول)ی قەڵادزەیی بنکەکەیان بە ڕێک وپێکی و بێ کێشە و ناکۆکی دەبرد بەڕێوە، بەراستی ئەو چەند مانگەی بە سەربردنی ژیانم لەگەڵ ئەو سێ بەرێزە و (پ.م) کانی تردا کاتێکی خۆشبوو. دکتۆر خدر پیاوێکی زۆر بەرێز و سادە و خاکی و قسە خۆش و دەم بە خەندە بو، ڕەهبەر کوڕێکی بەرێز و ڕۆشەنبیر و هەست ناسک و ڕو لە شیعر و ڕۆشەنبیری بو، دواتر کە بو بە سەرتیپ بەلامەوە سەیر بوو، ئەم شیعر دۆستە چۆن بووە بە فەرماندەیەکی سەربازی، ڕەهبەر زۆر لە جەلال تاڵەبانیەوە نزیک بوو و سەرسام بوو پێی)



## سەروەت کۆیی

تا ئێستا گوێم لێنەبووە ونەمبیستووە هیچ کەسێك ئاوا بەجوانی بە زمانێکی سادە و ئەدەبی پڕ مێژوویی و چیرۆك ئامێز و دارشتنێکی پەخشانە شیعری وپڕ ئەندێشە ئاوا وتار پێشکەش بکات.



## سەلاحی حەمەسەعید

”نووسینت لە کوردی زۆر بەهێزە دەبێ شارەزایەکی باشت لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا هەبێ ئەو مامۆستایانەی کە مێژووی ئەدەبی کوردی پێ دەگوتن لە کولییەی ئاداب هەندێکیان، ئیمکانیەتی تۆیان نەبوو خوا هەر بەرز و پایەدارت بکا ئیتر خۆشیت.“



## کەمال ئیسماعیل

”دەست و پەنجەت هەرخۆش بیت و هزر و هەستت فراوان بۆ ئەو شیعرە ناسك و كۆیانەت، شیعرەكان هێندەناسك و سادە و خۆشن وابزانم هیچ پێویستیان بە مۆسیقا نییە چونکە خۆیان دەبنە سیمفۆنیایەکی هەست بزوێن لەناو دڵان تەمەن درێژ و هەر بەردەوام بێت.“



## م.محەمەد دارياس

”نووسەر لە نووسینی بابەتەکانی زۆر زیرەك و لێهاتووانە وشە و دەستەواژە و ڕستەی جوان و بەپێزی داڕشتووە، گەلێ جار بە (سجع)کۆتایی ڕستەکانی ڕازاندۆتەوە و دەڵێی بزماری لە دیوار کوتاوە کە هیچ خواروو چەوتییەکی تێدا نییە، ئەمەش بە نووسەرێکی خامە ڕەنگین و بەپێز نەبێت بەهەموو قەڵەم بەدەستێك ناکرێت.“



## مەحمود زامدار

”ساڵانێك بوو، هەموو سەرەمانگان لە چاوەڕوانی دەرکەوتنی گۆڤاری ڕەنگینی (خاك)دا بووم، هەر کە دەگەیشت یەکاندەر دوو لەگەڵ بابەتە جوانەکەی کاك (ڕەهبەر)یەکمدەگرتەوە و بەچێژێکی قووڵ دەمخوێندەوە، چونکە جارێکی دیکە زۆر بەکورتی سەرجەمی دیوانە شیعری ئەو شاعیرانەی بیردەخستمەوە، ناشی شارمەوە-وەك ڕۆژنامەوانێك- حەزم دەکرد من ئەو کارە شیرینەم بکردایە، بۆیێ هەر هەموو ژمارەکانیم لەبەر ئەو بابەتە و بابەتی دیکەشی لەشوێنی شیاوی هەناوی کتێبخانەکەم دەپاراست، نەشمدەزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بە کتێبێکی خنجیلانەی سەربەخۆ و لەبەرچاو..کەبوو!!“



## محەمەد مەردان

بەراستی سایە و سێبەرێکی ئەوەندە دڵگیر و فێنک و جوانە، کەلێی دانیشتیت حەزناکەیت هەستیت..دەستتدەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەتبات بۆ: نا و باخ و رەز و کانیا و و جیهانە رەنگاڵەییەکەی ئەدەب و هونەر و لەگۆرەپانی شۆرە سوارانددا پێگەی زیاتری سیاسەتمەداران و چەردەیەک لەشەهیدان و مێژووی دێرینی کۆیە و رەگوریشەی بنەماڵەکان و پێکەوەژیانی ئولە جیاوازەکان و گۆرستان و گەرەکەکان و چیا و دۆڵ و گرد و شی و قوتابخانە و بینا سازی و پیشە میللییەکان و زۆر شتی تری (کۆیە) مان پێدەناسێنێت..

بۆیە خوێندنەوەی زۆر گرنگ و پێویستە..

دەستخۆشی لەکاک (رەهبەر) دەکەم، خۆزگە هەر یەکەمان لەجێگەی خۆمانەوە نی و ئەوەندەی کاک رەهبەر خەمخۆر بوینایە بۆ نووسینەوەی زێدی باوباپیرانمان ئێستا خاوەنی گەورەترین گەنجینە دەبووین!!



## بورهان چوارداخی

ناخ و ناوەکەت کەوا تۆ هەتە
جێی شانازیە چون حەقیقەتە
لە شەوی تاری ژیندا ڕەهبەری
ژیان خۆی مردنە بەبێ سەروەری



## یوسف محەمەد

رەهبەر سەید برایم لەنێو پێشمەرگایەتی کاك رەهبەر سەید برایم پیاوێکی سادەوساکارو قسەخۆش و سەنگینە ڕێزی هەموانی لایەو ڕێزی ڕۆشنبیران و نوسەران و هونەرمەندان بەتایبەت دەگرێ کاك رەهبەرو و بنەماڵەکەی زۆردەمێکە لەنێو عەشق و ئەوینی نیشتمان و تێکۆشان و کوردایەتیدا تینوی ئازادی و سەربەستین، هەربەهۆی ئەو ئەوینەوە هەڵوەدای شاخ و نشێو گوندو نێو چیاکانی کوردستان بوون، لەوپێناوەشدا ئاوارەیی و دەربەدەری و قوربانی و خەبات و تێکۆشانی زۆریان بۆخۆیا کۆکردۆتەوە،کاك رەهبەرجگە لە خانەوادەکەی کە ئازارو قوربانی زۆریان داوەو دەڤەری کۆیە شایەتیان بۆدەدەن.. کاك رەهبەر خۆشی چەندین جار لەئامێزی مەرگ گەڕاوەتەوەو دوای ئەنفال و قڕکردنی گەلەکەمان ئەو وەك پاتیزان و پێشمەرگەیەك هەمیشە لە ئامێزی نیشتمان دوورنەکەوتۆتەوەو تێکۆشانی خۆی و پێشمەرگەکانی لەچەمی ڕەزان و دەشتی کۆیەو سورقاوشان بەڵگەی دڵسۆزی ئەم کەسایەتییەن..لەپاڵ خەبات و ماندوبونیشدا هەمیشە قەڵەمەکەی لەبڕکیدا بووەو ڕوداو کارەسات و بیرەوەری و قسەی خۆش و نوکتەکانی نێو خەڵك و پێشمەرگەی تۆمارکردوەو لەو نێوەندەدا چەندین بەرهەمی جوانی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردوە و لەوبوارەدا جێ دەست و ماندووبوونی دیارە، کاك رەهبەر زیاترلە١٨ بەرهەمی نایابی خستۆتە نێوکتێبخانەی کوردییەوەو شیانی ڕێزو ستایشە لەپاڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و ماندوبوون و سەرقاڵی ژیاندا ...ئەوکارو بەرهەمانەی خستۆتە بەردیدەی خوێنەران کە شایانی ڕێزێکی زۆرە..



## چەتۆ ساڵح سەعید

لێرە زۆر جێی خۆیەتی دەریایەك سوپاس و ئاسمانێك ڕێزمان بنێرین بۆ برای ماندوومان كاك ڕەهبەر سەید برایم كە لە نزیكەوە ئاگای لە خەمەكانی ئێمە و دایكانی شەهیدان و كەسوكارە سەربەرزەكانیانە ئەو گڕدارەی كاكە ڕەهبەری سەید برایم دانانی ئاوازێكە بۆ غەم و حەسرەت و گریانی دایكی شەهیدان، ژەنینی مۆسیقایەكە كە پێموایە بلیمەترین مۆسیقاژەن نەتوانێ بیژەنێ. دیارە تەنها كاكە ڕەهبەرە توانیویەتی لەغەم و ئاهو ناڵە و نەهامەتیەكانی خێزانی شەهیدان و وردبێتەوە و شیكردنەوەیان بۆ بكات. دانانی ئاوازی مۆسیقای فرمێسكی دایكی شەهیدێك بلیمەتی خۆی دەوێ. كە كاكە ڕەهبەر توانیویەتی خۆی لەو بوارە بدات. جارێكی دی جێی خۆیەتی دەستە ماندونەناسەكانی كاكە ڕەهبەر بگوشین و لێرەوە لەگەرمیانەوە دەستی ماندونەبوونی بۆ بەرزكەینەوە.

كاكە ڕەهبەری سەید برایم بەم شاكارەی هێندەی تر ئاستی لێپرسراوێتی خۆی نیشان دا و جارێكی تریش دڵی خۆش كردینەوە كە هێشتا كەسانێك هەن و ماون لەپێناو مەسەلە ڕەواكەماندا خۆیان هیلاك بكەن ئەو مەسەلەیەی كە دەریایەك خوێن و شەهیدمان داوە لەپێناویدا كاكە ڕەهبەری سەید برایم بەم دڵسۆزی نواندنە لە مێژوودا لوتكەی بۆ خۆی دیاری كرد.



## عومەری کەریم ئاغا

„ کاك رەهبەری پێشمەرگە و ئەدیب و هونەر دۆست و مرۆڤ دۆست ئەوەیە کە کەسێکی لە خۆبوردوو چوست و چالاك و بە ئەمەك بۆ کۆیەی حاجی قادر و مەسعود محەمەدی زانا و م.عەبدوالکەریم شێخانی و چەندانی تر و خانەوادە ڕەسەنەکان و کەسایەتییەکانی لێ نەبوردووە ئەمەکداری و دڵسۆزی خۆی تیا فەراهەم کردووە، ئەوەش بە هەموو کەس ناکرێ کارێکی وای کردووە بۆ ئەو بووتە پێناسەو سمبولی شارەکە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە خاوەنی سفرەو خوانی خۆیەتی ماڵی ئاوەدانە مرۆڤ بتوانێ پابەندبێ بە خەمخۆری هەمووان.

خاوەنی ئاستێکی بەرزو باڵایە لە ووشە و ڕستە و پەیڤ و ئاخاوتنا بە جۆرێك دارِشتووە وەك ڕیتمێکی مۆزیکی وایە بە ئاوازێکی سەرنجڕاکێشەوە بۆتە جۆرێك لە ڕێزمانی کوردی، هەر دەست ئەدەیتە بەرهەمەکانی هەوڵ ئەدەیت دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی بکەوێ ناتوانی وازی لێبینی.

پیا هەڵدان نەبێت بەڵکو دەرخستنی کەسایەتییەکی پڕ ئەزموونی کردبێ کە خۆی لە کاك رابەردا ئەبینێتەوە ناوەکەشی پڕ بە پێستی خۆبێت. کاك رابەر ڕۆژنامەوانێکی بە سەلیقەو دڵفراوان و خاوەن هەڵوێستە. “



## م.عەبدولوەهاب شێخانی

"قسەکانت هەر بەبرشت و خامەت هەر ڕەنگین بێت خوارزا ڕەهبەر ئەم نووسینە سەروا دارەت هەر لە برەو بێت شێوە نوسینی بە دەستەواژە و ڕستە ئیدێۆمەکانت یاخوا سەد هەندە دەوڵەمەنتر بێت بەتام و خۆش و پڕ چێژە بۆ یادی مام حەمیدی پاك و بێگەرد و نووسەر و پێشمەرگە و زەحمەت کێشە کە سەد هەندەی شایانە بە پێنوسی خوارزیەکی شێخانییانە ئەویش کاك ڕەهبەری شاعیر و نوسەر زانا و دانایە."



## حەمە سەعید حەمە کەریم جاف

"پیاوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، پێشمەرگەی گیان لەسەردەست و شەهیدی زیندوو کاك ڕەهبەری هاوڕێ و ئازیز و خۆشەویستمان، پیاوێکی بەوەفا و هاوڕێ پەروەر، دڵسۆزی ئاو و خاکی نیشتمان، ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هەتا باسی چاکە و لێهاتوویی بکەیت هێشتا کەمە، خوای گەورە تەمەن بەردەوامی بکات بۆ زیاتری ئەو خزمەتانەی بە گەل و وڵاتی کردووە ."



## عیماد غەفووری

کاك ڕەهبەر هەمیشە بۆ کۆچی ناوەختی شۆڕەسوار و کەسایەتی ماقوڵ و نیشتمان پەروەر وەك تاڤگە وشەی ئاڵتونیەکانی لەبەرزایەوە دەڕژێنێتە نێو قوڵایی ویژدان و دەرونی هەموو مرۆڤێك لەسەر دیواری دڵی هەمووان پەنجەمۆری حەقیقەتی ژیانی ڕابردویان بەجێ دەهێڵێت وەستایەکی هێندە شارەزا و کارامەیە تابلۆی هەڵوێستە جوان و مرۆڤایەتیەکانیان بەڕازاوەترین شێوە هەڵدەکۆڵێت و نەقش و نیگاری وشەکانی سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت.



## برزو هەناری

من دەڵێم برا! گەوهەرێکی میهرەبانم هەبووە. چونکە کەخۆم ناسیووە لە پێشمەرگایەتی لای کاکە ڕەهبەر فێرە ژیان و ناو شاخ بووم ئێستاش خۆم بەبرا بچووکی دەزانم.



## ئازاد پێنجوێنی

### تێڕامانێک لە زایەڵەی ئاواز و شێبای سازگاری (دیلانە)کەی (ڕەهبەر سەید برایم)

ڕەهبەر سەید برایم..کەسایەتیەکی جیاواز لەهەموو کایەکانی ژیاندا سوار چاکێکی سەردەمەکەی کە بۆتە هەڵگری پەیامی نیشتمان و ڕۆشنبیری و پێنوسێکی جاویدانی ژیانی بە ڕەنگەکانی ژیان ڕەنگ کراوە. هەمیشە شورایان بۆتە سەرقافڵەی موحیبەت و تێڕامان پێنوسەکەی هەتوانی زامی دڵی حەسرەت و چێژوانی ئەویندارانە، ئاخر جارێك لەجاران هەر کە بابەتێکی یاخود شیعرێکی کاکە ڕەهبەر دەخوێنینەوە. ئیدی کێڵگەی دڵمان تینویەتی دەشکێ وهەست بەتەڕ بوونێکی تەواو دەکەین لەناخماندا ئەو بەخەیاڵی فراوانی هەموو وەرزەکانمان بۆ دەکاتە بەهاری شادی و تەواوی سروشت لە هزرنماندا ڕازاوەتر دەکات. کاتێکیش ئێمە ڕاپێچی پەیقەجوانەکانی دەکات. بەئارامی بەهەمووان دەڵێت: بخوێنن و هونەر بنوێنن..ئاخر ئاوات و هیوای ڕزگاری گەلە بۆ ڕزگاری ناهۆشیاری  کە نوسەر لەڕەنگدانەوەی دیلان و مۆزیکدا..لەوەسفی وێنە مێژوویەکان تێ دەفکرێ و بەدیقەتەوە وەزعی حاڵی باکگراوندی ئەو وێنانە دەکات.کە هەم بۆ خودی نوسەر و هەم لەدیدی ئێمەشەوە بەرۆح وێنا دەکرێت..ئاخر جوانی ئەم کتێبە لەوەدایە ڕۆدەچێتە هەر لاپەڕەیەکی ئەوا بۆنی ژیان و مێژوو شیعر و پەیقی ناوازە وێنا دەکەیت.کە ڕۆ دەچێتە ڕەهەندەکانی باکگراوندی لاپەڕەکانیەوە نوسەر پێمان دەڵێت: ژیان ئارامە و گیا هەر سەوز و گوڵ هەر ڕەنگاڵەیی و خەیاڵی جودایی دەوریان داوە.پیاوانی ناودارو

بە ئەمەك و نیشتمانپەروەر ئای چەندە شیرینەكە لەگۆشەیەكی ژوورەكەتدا بەبێ دەنگی و شەوێكی ئەنگوستەچاوی ئـــــارام خۆت سەرقاڵ بكەیت. بەخوێندنەوەی دیلان و مۆزیك و لەوێڕا پیاسەیەكی ئەفسوناوی بەنێو كۆڵانە مێژووییەكانی وڵاتی كۆیەدا بكەیت،بۆئەوەی ئاگات لەترپەی لێدانی مەلای گەورەی كۆیەوخەیاڵی ناوازەی ڕەهبەری سەید برایم بێت.ئاخر لە لالەی شەوقی ڕوخساری مەلای گەورەدایە.ئارامی و بەردەوامیان بەخشیوتە (ڕەهبەر). نوسەر لەهەناوی ئەو زاتەوە تێ دەفكرێ و ئاراستەی هەنگاوی هونەریانە هەڵدەبژێرێت.جگە لەوەی گەنجینەیەكە بۆ چوونەژوورەوەی دەروازە مێژووییەكان.. هەروەاش شاعیرێكی خامە بە پێزە.ئاخر هەنگاوی هەورازو سەخت و زناری چیاو شەونخونی شەوانی وەك خزمەتكارێكی نیشتمانەكەی هۆكار بوون بۆ جوڵاندنی هزری دەگمەنی و لەیاد نەكردنی دەردی هەژاری و فەرامۆش كردنی نێو جەوانی هەنگاوەكانی ژیانی..هەر بۆیە ئەم خامە جوانەی تیادا لەدایك بوو..

تێڕامانێك لە زایەڵەی ئاواز و شێبای سازگاری (دیلانە)ەكەی (ڕەهبەر سەید برایم)

(ڕەهبەر سەید برایم)دا هەستی پێ دەكەم كە هەمیشە هەر ئەو شنەبا ئارامەی كە چۆن خۆی دەدا لە تابلۆكە، ئاواش لە كتێبەكانی (ڕەهبەر) دا وجودی هەیە. كە بینینی لاپەڕەكانی لە لەرینەوەی وشەكان و جوڵە و هەناسەی كەسانی ناو وێنەكە هەست پێ دەكرێ. ئاخر لە كوێستان و هەواران..بەدەم ئاوازی ژیان و لە دەشت ولێرەواران لە سیمای زیلان و دار و عەرعەر و هەناوی بەیانی باشی دار شۆڕەبی یەكان.. لەنێو دڵی ((دڵكۆیە)ژینگەی خۆش وفێنك و پاك..لە ئاوازی نەمریی (دیلانە)و نێو زناری كێوەكانیدا ڕەندو بەفری نساران..بۆن خۆشەو شنەو شێبا..لەلالەی ئیشراق دەروونەوەیە..مرۆڤ دەكەنە زاهید..گوڵاوی مێرگ و زاری كانی و ئاوی سازگار و بەفراوی تەمەنای دڵی ئەویندارن و هاژەوپرژەی ڕووباری هەموو ئەمانە سەرچاوەی ئیلهامی هزی ڕەهبەرە و خاوێنی خامەكەیەتی.

بە زایەڵەو ئاوازەوە. دەنگی مەل و گیانداران دەبێتە (دیلانە)ی خۆش نودی وبەسەر باڵای نوسەردا دەخوێنن و دەبێتە ئیلهامێك تا ئەوەی لەتەك ئەو شنەبا ئارامیەدا كتێبی (دیلانە)و(مۆزیك)لە دایك ببێت.
ئەو ناوی رەهبەرە..كوڕی سەید برایمە لەنەوەی سەیدەكانی هەولێرە.. بنەماڵەیەك پڕ لەویقاری ژیان دۆستی وخەونی مێژوویی نەمریانە، بەرەو هەنگاوی داهێنان وماندووو بوونەكانیان. ئەوان مێژوو دروست دەكەن، مێژووو دەیان نوسێتەوە، ئەوان نەمرن.

ئەگەر چاوەكان لێك نران ئەوان تەنها و تەنها بە وێنە لێمان ون دەبن. رەهبەر سەید برایم..كەسایەتیەكی جیاواز لە هەموو كایەكانی ژیاندا سوار چاكێكی سەردەمەكەی كە بۆتە هەڵگری پەیامی نیشتمان و ڕۆشنبیری و پێنوسێكی جاویدانی.. ژیانی بە ڕەنگەكانی ژیان ڕەنگ كراوە. هەمیشە شورایان بۆتە سەرقافڵەی موحیبەت و تێڕامان. پێنوسەكەی هەتوانی زامی دڵی حەسرەت و چێژوانی ئەویندارانە، ئاخر جارێك لە جاران هەر كە بابەتێكی یاخود شیعرێكی كاكە رەهبەر دەخوێنینەوە، ئیدی كێڵگەی دڵمان تینویەتی دەشكێ و هەست بەتەڕ بوونێكی تەواو دەكەن لە ناخماندا..ئەو بەخەیاڵی فراوانی هەموو وەرزەكانمان بۆ دەكاتە بەهاری شادی و تەواوی سروشت لە هزماندا ڕازاوەتر دەكات. كاتێكیش ئێمە ڕاوپێچی پەیڤەجوانەكانی دەكات بە ئارامی بەهەمووان دەڵێت: بخوێنن و هونەر بنوێنن.ئاهر ئاوات و هیواری ڕزگاری گەلە بۆ ڕزگاری ناهۆشیاری كە نوسەر لە ڕەنگدانەوەی دیلان و مۆزیكدا... لەوەسفی وێنە مێژوییەكان تێ دەفكرێ و بە دیقەتەوە وەزعی حاڵی باكگراوندی ئەو وێنانە دەكات. كە هەم بۆ خودی نوسەر و هەم لە دیدی ئێمەشەوە بەرۆح وێنا دەكرێت.

نووسەر پێمان دەڵێت: ژیان ئارامە و گیا هەر سەوزو..گوڵ هەر ڕەنگاڵەیی و خەیاڵی جودایی دەوریان داوە. پیاوانی ناودار و بە ئەمەك و نیشتمانپەروەر. ئای چەندە شیرینەكە لە گۆشەیەكی ژوورەكەتدا بەبێ دەنگی وشەێكی ئەنگستەچاوی ئارام. خۆت سەرقاڵ بكەیت. بەخوێندنەوەی دیلان و مۆزیك

ولەوێڕا پیاسەیەکی ئەفسوناوی بەنێو کۆڵانە مێژووییەکانی وڵاتی کۆیەدا بکەیت، بۆ ئەوەی ئاگات لە ترپەی لێدانی مەلای گەورەی کۆیە و خەیاڵی ناوازەی رەهبەری سەید برایم بێت. ئاخر لەلای شەوقی ڕوخساری مەلای گەورەدایە ئارامی و بەبەردەوامیان بەخشیوتە (رەهبەر).

خودایە بۆ من چەندە ناوازە بوو کە ئەو وشە و دیمەنە بێ وێنانە ئەو وێنەیەکیان خولْقاند بوو بۆ هزر و بیرکردنەوەی من.



## شێخ سەربەست بەرزنجی

رەهبەر سەید برایم، لە دایکبووی کۆیە کەسێکی دیاری بواری ئەدەب و هونەرە، هەستی نیشتمانی و نەتەوایەتی گەلێ بەهێزە لەحەفتاکانەوە چوەتە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بێ پچڕان لە شۆڕشی نوێ ڕۆڵی سەرکردایەتی دیوە فەرماندەیەکی ئازای لەشکری شۆڕشگێری کوردستانە هەموو هەوراز و نشێوەکانی بڕیوە چەندین نووسینی بەپێزی لە بواری ئەدەبدا هەیە سەرپەرشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری(کەکۆن)دەکا کە گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسییە لە کۆیە دەردەچێ.



## ئاوات کۆکەیی

”
ڕەهبەری سەید برایم ئەم ناونیشانەی سەرەوە کە هەر لەیەکەم ڕوانین و وردبوونەوەدا هەڵوەستە بە خوێنەر دەکات.

ئەمەش هەڵبژاردنێکی زیرەکانەیە بۆ ناوی کتێب و بابەت و هەر نووسراوێك، چونکە ناونیشان گرنگە بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر، بەتایبەتیش کە ناونیشانەکە ڕەوا بێت و لەگەڵ ناوەڕۆکیدا یەکبگرنەوە.
“



## وشیار ئەحمەد ئەسوەد

”
ئەگەر لە دەرەوەی موجامەلە لێمی وەربگرن، بۆچوونی من وایە، کە وەك ژمارە زۆر کەمن لەوانەی لە بنچینەدا کەسانی سەربازین، هاوکات خاوەنی قەڵەمی بە بڕشتن، بۆیە کاتێك خەریکی خوێندنەوەیقەڵەمێکی ڕۆشنبیر دەبیت و دواتر بۆت دەردەکەوێ کەسایەتییەکە پسپۆڕی بواری سەربازییە، زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ بە بەراورد بەکەسانی ئەهلی قەڵەمی ئاسایی، بۆیە دەهێنێ شانازی بە کاك ڕەهبەرەوە بکەین وەك کۆییەك و هاوکات ڕۆشنبیرێکی کورد. دواتریش پێم وایە ئەهلی چەکی شۆڕشگێڕی، کە هاوکات ئەهلی قەڵەمی ڕۆشنبیری بێت، ڕاستگۆترینیانە.
کاك ڕەهبەر هەرچی وردە زانیاریی جۆراوجۆی مێژوویی، زانستی، ئەدەبی، و..و..و هەیە.
“



## ئارام ساڵح

رەهبەر سەید برایم وەك دەزانین بەرجەستەکردنی ناونیشان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە پەیوەندییەکی بابەتەکەوە هەیە، هەر لەم روانگەیەوە، بە سەرنجدان لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر دەبینین گرنگییەکی زۆری بە هەڵبژاردن و بەرجەستەکردنی ناونیشان داوە و بەشی هەرە زۆری ناونیشانی بەرهەمەکانی سەرنجراکێش و جوان و جیاوازن و ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانین، دیارە ئەمەش هونەرێکە لە دەستی هەموو نووسەرێك نایەت!!



## سینەم جەلادەت بەدرخان

دەمەوێت دەستخۆشی لە شاعیر و نووسەری شاری کۆیە (شێخ رەهبەر سەید برایم) بکەم بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە لەسەر خانەدان و زانای گەورەی کورد مەلا ڕەئووفە فەندی خادم سوجادە. من لە ڕێگای دیرۆکی ماڵباتی خۆمان ماڵباتی بەدرخانییەکان و بەتایبەتی باپیرەم میر ئەمین عالی بەدرخان و باوکم میر جەلادەت بەدرخان و د. کامەران بەدرخان و مامەکانی دیم و دایکم ڕەوشەن بەدرخان، زانیاریم لەسەر بنەماڵەی خادم سوجادە پەیدا کردووە.

زۆر دڵخۆشم کە بەڕێز کاك شێخ رەهبەر سەید برایم بە نووسینی ئەم کتێبە پەنجەرەیەکی ڕووناکی لەسەر مێژووی زانایەکی گەورەی کورد مەلا ڕەئووفە فەندی کردۆتەوە



## ئەمەل سەعدی خادم سوجادە

وتەیەکی پێویست

من لێرەدا دەمەوێ زۆر بە کورتی سەرە قەڵەمێك بنووسم سەرەتا بۆ ستایشی برای بەرێزمان کاك ڕەهبەری سەید برایمی لە شاری باب و باپیرانم کۆیەی خۆشەویست. زۆر دڵخۆشم کە بەڕێز کاك ڕەهبەر ئەم بەرهەمەی لەسەر باپیرەم و بنەماڵەکەمان نوسیووە بە تایبەتی مەلا ڕەئووفی خادم سوجادە .سوپاسی دەکەین کە بەردێکی بناغەی دانا وەك دەروازیەك بۆ پرۆژەیەکی گەورە بۆ ئەندامانی بنەماڵەی خادم سوجادە کە ڕۆشنبیران بەداوداچوونی بۆ بکەن ، چی دیکە کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەی وەکو گەوهەر لە ژێر دەریا دا نەمێننەوە.



## ڕێبین جەمال غەفووری

ڕێز و حورمەتم بۆ کاك ڕەهبەری سەید برایم، یەکێکە لە خۆشەویستەکانی من لەگەڵ ئەوەی کە خۆی لە خانەوادەیەکی دیاری ئەدەبیات و بواری نوسین و شیعرا، کاك ڕەهبەری سەید برایم کەسایەتییەکی جوانی کۆیەیە و هاوکاری زۆرینەی هونەرمەندانی کۆیە بووە.



## د.هاوژین سڵێوە

”شێوازی نووسینەکانی ئاوێتەی سەجعن، پەخشانی سەرواداری کردۆتە ڕووگەی خۆی و هەست و سۆزی خۆی لەوێوە دەردەبڕێ. پەخشانەکانی بە وتەی گەورەزانایان و بەشیعری جوان دەڕازێنێتەوە. وەك ملوانکەی مرواری دەیانهۆنێتەوە. وتارەکانی مامناوەندی و درێژن، بەڵام لە جوانی سەرڕێژن. بۆیە بە تاسووقەوە گوێی لێدەگرن، هەم چێژ هەم بەهرەی لێوەردەگرن. وەك چۆن باخێکی پڕگوڵ و سەوزایی و تەڕ و پاراو پڕ دەبێ لە پەپوولەو هەنگ، بەو پێ و دانەش بینەر لەکاتی بیستنی پەخشانە وتارەکانی زەین و سەرنجیان پەپوولە ئاسا ئاوێتەی شیلەی وتە شیرینەکانی دەبن. چەك و قەڵەمی پێکەوە هەڵگرتووە، لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بووە.“



## چاپووك سەید عومەر

ئەو پیاوەی هەردەم بەخەبەرە!

لەسەردەمی پێشمەرگایەتیەوە تا ئێستا، هەردەم دواهەمین کەس بوو دەخەوت و یەکەم کەس بوو لەخەو هەڵدەستا هەردەم بەئاگابوو، ئەوکات پێشمەرگە بووین، کاك ڕەهبەر چەندین جار دەیگووت، خۆزگە جارێ سێ حەفتە دەرفەتم دەبوو بەس بۆ خوێندنەوە، چەندین جار دوای کوژانەوەی فانۆسەکە دەمدیت، لەبەر ڕووناکی لایتەکە دەیخوێندەوە، سروشتێکی زۆر سەیری هەبوو لەگەڵ خوێندنەوە، کە کتابێکی بەدەستەوەدەگرت تا تەواو نەیخوێندباوە وازی نەدەهێنا، هەڵی نەدەگرت بۆ ڕۆژێکی تر . کەهاتینە شار دەمزانی جوان دەنوسێ بەڵام هەرگیز نەمدەزانی نووسینەکانی خێراترە لە خوێندنەوەکانی، بەڕاستی کاك ڕەهبەر بۆ خوێندنەوە و نووسین خوڵقابوو نەك بۆ چەك، بەڵام وەك فەرماندەیەك چەندە ئازا و ڕەشیدبوو، دەرکەوت ئەوەندەش لەخوێندنەوە ڕەشیدە، ئەو دروشمەی سەرەتای شۆڕشی نوێ دەگووتراوە، ئەو شۆڕشە شۆڕشی قەڵەم و چەکە بەیەکەوە، کاك ڕەهبەریش سەلماندی.



**پۆلا عەبدوڵڵا**

”

بۆ برای زۆر بەڕێز و خۆشەویستم شاعیر و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و سەرکردە و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارکاك ڕەهبەری سید برایم بە ناوی خۆم و بنەماڵەی (محەمەد تۆفیق ووردی) سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین لە پای ئەو دڵسۆزی و خۆشەویستییەی کە بەڕێزت بەرامبەر شاعیر و هونەرمەند و نووسەر و ناودارانی کۆیە هەتە کە تا ئێستا هیچ کەسێك لەم شارە بەم جۆرەی بەڕێزت خزمەت و خەمخۆری ئەم چینە لە شاعیر و نووسەر و هونەرمەندان نەبووە بە تایبەت ئەو کتێب و نووسراوانەی کە بەڕێزت لە سەر مامم (محەمەد تۆفیق ووردی) بڵاوت کردونەتەوە کە ماندوبوون و خەمخۆرییەکی زۆری بەڕێزی پێوە دیارەوە زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم پێشەکییە جوانەی کە لە کۆڕەکەی ٢٠٢٠/٩/٢٩ سێشەممە لە کتێبخانەی کۆیە پێشکەش کرد دەربارەی ئەو دوو بەرهەمە بە نرخەی بەڕێزت (دەستنووسەکانی ووردی و حەفت ترینگە) هیوای برشتی زیاتر و سەرکەوتن و تەمەن درێژی و تەندروستییەکی باشت لە خوای گەورە بۆ دەخوازین هەردەم خەرمانت پڕ بەرەکەت بێت کاك ڕەهبەری بەڕێز

“

تێبینی/ سەرجەم ئەو وتە و نوسینانەی لە روانگەی راوی رستەدا کە ئاماژەیان پێدراوە و نوسراون، بە بەڵگە و دیکۆمێنت لە ئەرشیف هەن و پارێزراون، ئەمانە بەشێکن لە مشتێك هەمووی نەگرتۆتەوە، هەندێکیش ماون.

**ستافی کۆییاتی و کوردایەتی**

## دیماهی:

لە زەمانی شاخ و شۆڕش، لە ژیانی پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەڕین، ئەوێ ڕۆژێ فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە بووم، سنوورەکە دەشتی کۆیە و بەشێکی گوندەکانی دۆڵی خەلەکانی بناری هەیبەسوڵتانی دەگرتەوە، سەردەمانێك بارەگامان لە گوندی (کانی کوردە)بوو لە (کەڵەکەگچکەلە) خەستەخانەی شەهید د.خالید هەر لەوێ بوو (شەهید د. کاوە - پشتیوانی مام هەمزە سەرپەرشتیان دەکرد) لە (سەرکەندەڵان) ئەو وەختی کانی کوردە ٨٥ ماڵ بوو دوو گەڕەکی هەبوو گەڕەکی (سەربەستوو) وگەڕەکی (خەرمان سووتای) کانی کوردە کەوتۆتە باوەشی زنجیرەی چیای (هەیبەسوڵتان) لە ئاست (هێلانەقەل و سەرپلان و ڕازی قۆڵتی مۆردان وقۆڵتی گەلاڵێیان و قۆڵتی گەورو و سەری داریماندووان) گوندی (کانی کوردە) ژینگەیەکی پاك و خەڵکێکی چاك و ئاوێکی سازگار و هاوینان شەوبایەکی فێنکی هەبوو، پڕبوو لە کانی هەروەك: (کانی مێردان-کانی شینکە-کانی چك چکە-کانی فەقێ یان-کانی قۆتەڵی-کانی شێخەلی-کانی سوورکە-کانی بەردینە-کانی قوڕینە-کانی کوێخا-کانی کونە سیخوڕە-کانی گەڕاو-ئاوی سەروچاوە-قۆڵتە ئاو(مەلەیان تێدادەکرد)-کانی دانیاڵ(دەبێت دانیاڵ جوو بوبێت چونکە داری زێرینگەری لێیە دەبێت لە کانی دانیال ئاوی بردبێ).

خەڵکەکە بە گشتی باش و بەخزمەت بوون، خەڵکی خراپی لێ نەبوو، پەیوەندیمان زۆر باش و خۆش و بەخۆشەویستی و ڕێز بوو، لە زۆر لاوە هاوکاری دەکراین، بۆیە دەفتەرێکمان دانابوو هەرکەس یارمەتی بدابایەن، ناومان دەنووسی و لەگەڵ ئەو شتەی بۆ هێناوین بە دیاری.

یەکەم کەس کە یارمەتی داین (فەقێ شەریف حەمەد مەلازادەی پێبازۆك بوو ناسراو بە (مام فەقێی پێبازۆکی) دوو کوڕی هەبوو، (ئەنوەر و ئەزمیر) هەردووکی ئەنفالکران،

جارێکیان بە ڕێگای مامۆستا شۆڕشی وەستا بەکر بەنا برای شەهید مامۆستا

محەمەدی وەستا بەکر تەلەفزیۆنێکی ڕەنگا و ڕەنگی بە دیاری بۆ هێنایین بۆ بارەگا کە هی (پۆلس یەڵدا پەترۆس) بوو، ناسراو بە (ئەبو تەغرید)، خێرەومەند و زەنگینێکی هەرمۆتەیی بوو، سوپاسمان کرد ویستمان ناوی بنووسین لە دەفتەری پیاوەتی، گووتبووی لە راهی خوای نەکەن دوای ئاشکرا دەبم و بەعس لە سێدارەم دەدا، ئەوسا لە بەغدا دەژیا.

دۆستایەتی و ناسیاوەتیمان لەگەڵ (مەلا عەبدولڕەحمانی کانی کوردە)ی لەوپەڕی ڕێز و نازدابوو، جارێك دیارییەکم پێشکێشکرد، ئەویش خەنجەرێکی نایابی دەسك مینای فرۆکەی دامێ، هێندەم پێ خۆش و بەنرخ وجوانبوو، زەمان ڕۆیی و ڕابورد، ئەو خەنجەرەم دەپاراست و دەشاردەوە، لەگەڵ خۆم بردمە هۆڵندا لە ساڵی ١٩٩٦ لەبن جانتای باریم دانابوو.

بێکێشە و ئاریشە لە (فرگەی سخیپۆڵ)دەرچووم، ماڵم کەوتە ئەنیشخەدێی سەر سنووری ئەڵمانیا و هۆڵندا، کەیفی هەموو دنیام بەو خەنجەرە دەهات، وەك چەندان کەلوپەلی کەلتوور و کەلەپووری کوردەواری بە دیواری ماڵەکەم هەڵمواسی بوو، پاشان کە گەڕامەوە کوردستان خەنجەرم لەگەڵ خۆم هێنایەوە، ناردمە کەرکوك مشتوماڵیان کردەوە، پاش ئەو ڕۆژگارە دژوار و دوورودرێژە خەنجەر هەر نەفەوتا، دوایی چومەوە دیدەنی(مەلا عەبدولڕەحمانی کانی کوردە) لە کۆیە خەنجەرەکەم پێ بوو پێم گووت: (دیارییە بەنرخەکەتم ماوە و هەر پاراستومە)بە چاوە کزەکانی زۆر تێ ڕاماو خەنجەری دەهێنا و دەبرد پێی سەیربوو، بۆیە ئەو خەنجەرەم پێ بایەخداربوو چونکە مەلا عەبدولڕەحمان بۆ خۆی دروستی کردبوو، چەخماخساز بوو لە دەوروبەرودورەوە دەهاتن بۆ چاکردنەوەی چەك و خەنجەر وەك کارگەیەکی گچکۆکە وابوو بە شاگردی (وەستا رەجەب)ی میرایەتی سۆران دەچوو، خۆی کەسێکی خوێندەوار و بەکارو دەستڕەنگین و زیرەك و بەخزمەت و بەزانیاری و لەسەرخۆ بوو، لە (دروێنە)، پشتی ڕاست نەکردەوە، ناوبانگی باشی هەبوو مەلا عەبدولڕەحمانی کانی کوردەیی ٤٥ ئەنفالی هەبوو، پاش ڕاپەڕین ژیانی خێزانی پێکهێنایەوە، ئەو خەنجەرە پڕ یادگاری و جوانییە، بووە سەرچاوەی گۆشەی (مشتوماهی)لە کالآنی ئەو خەنجەرەوە سەری هەڵداوە، چەندان فەرهەنگ گەڕام (مشتوماهی)یم نەدۆزییەوە بەڵام:

لە هەنبانە بۆرینەی (هەژار)وا هاتووە:

(مشت-مست- پڕا و پڕ)

مشتوو: دەسکی خەنجەر.

مشتە: ئامرازی پینەچی- کوتکی هەلاجی.

ماهی: ئێسکە ماسیەکی زەردەواشە دەکرێتە دەسکە خەنجەر.

لە فەرهەنگی کوردستانی گیو موکریانی وا لێك دراوەتەوە:

ماهی: شاخێکە لووس و مەیلە و خوار بێ بە دەسکە خەنجەریش دەڵێن کەسپی بێ، ئێسکێکە دەکرێتە دەسکی خەنجەر.

ماهی : دەشت - محاڵێکی گەورەیە لە خاکی ئەردەلاندایە، چەندین هۆزی تێدایە.

ماهی زەرد: قولایی قەد شاخەکانە.

مشت: پڕ بە دەست- مشتاخ.

لە فەرهەنگی شێخ محەمەدی خاڵ هاتووە:

ماهی: ماسی- ئیسقانی ماسی - شاخی کوور وسەخت.

مشتوو: دەسکێ خەنجەر و کێرد و چەقۆ.

مشت: مست -شتی پڕ.

ماهی زەرد: قەد شاخی بەردەلانی لووس و سەخت.

لە فەرهەنگی زانستگای کوردستان بەسەرپەرشتی(ماجد مەردۆخ رۆحانی) وا باسکراوە:

ماهی: مایی- ماسی- ئێسکە ماسیەکی زەردەواشە.

دەکرێتەوە دەسکی خەنجەر - شفرەی فیل و بەرازە.

مشت: لێوان لێو- مست.

مشتوو: دەسکی خەنجەر و کێرد.

مشتوو: دەسك، جێگای مست و دەست پێوەگرتن.

لە شاعیر و نوسەر مامۆستا ئازاد دڵزارم پرسیوە چونکە (مشتوماهی) بەکارهێنابوو لە نووسینەکیدا، بەو شێوەیە وەرامی داومەتەوە:

برا ئەوەی من بیزانم.

مشتوو: واتا دەسك بەتایبەتی دەسکە خەنجەر.

ماهی : واتا ماسی.

بەومانایەبێ دەسکەکەی لەئێسکی ماسییە.

بەمدواییانە لە جامی تەیارەش دروست دەکرا بەتایبەتی هەندێ تەیارە لەکوردستان خرانە خوارەوە.

ئەوەش بزانە باشترین خەنجەر و شمشێر لە شاری کۆیێ دروستدەکران، تا ئەوسالانەی دواییش کۆیێ لەوسەنعەتانە لەپێشەوەی هەموو کوردستان بوو، ئەوخەنجەرەی بەرپشتی مستەفا بارزانی دەسکاری کۆیێ بوو.

مشت و ماڵیش دەگوترا ئەگەر خەنجەرێك تیغەکەی بەرِغی گرتبا مشتوماڵ دەکراوە و جەوهەرەکەی دەردەکەوتەوە.

## پوختە:

(مشتوماهی)بە دەسکە خەنجەری سپی و جامی فرۆکە لێك دراوەتەوە، بەمانای خەنجەری دەسك ئێسکە ماسیش دێت، لە کۆیە پیشەی خەنجەرچی زۆر بوو، بەلام ئێستا نەماوە، بەلام وەك نازناو ماون! جارێك برادەرێك پێیگووتم مشتوماهی، باوکی راهی.

لە ڕاستییدا لە چەمکی چەپکی (مشتوماهی) بێ لایەن نیم، لایەندار وپەیوەندارم و لە ریزەکانی (ی.ن.ك) کاری جۆرا و جۆرم پێ سپێردراوە، لە بازنەی حزبایەتی خەنجەرم لە کالان دەرهێناوە، مشتوماڵی هاوسەنگەرانم کردووە بە جوانی ناوم بردوون، هیوادارم کەسم بریندار نەکردبێ کەپێمداهەڵگووتوون، بە مەبەستی خۆشەویستی و تێکەلاوی بووە نەك بە جۆرێ مەرامێك، لەگەڵ ئەوەش باوەش دەگرمەوە بۆ هەر رەخنە و گلەیی و پێشنیاز و وەلامێك.

بۆیە دەبێت سوپاسی د. هاوژین سلێوە بکەم بە پێشەکیە جوانەکەی و پێداچوونەوە و هەڵەبرِی، ناکرێ رۆڵی سەرمەد سەلاح سابیر و باوان محەمەد سدیق و ستافی کۆیياتی وکوردایەتی. فەرامۆش بکەین.زۆر ماندوو بووین بەو بەرهەمە مایەی سوپاس و پێزانین فەرامۆش بکەین، سوپاس و ستایش بۆیان.

**رەهبەر سەید برایم**

٢٠٢٢/٩/١٥


**سلێمانی**




ماموٚستا پۆڵس یەڵدا پترۆس (ئەبو تەغرید)



١٩٨٥ -کانی کوردە-ڕەهبەر سەید برایم





هاوینی ١٩٨٤- کانی کوردە- دڵسۆز بەکر-پشتیوان مام هەمزە تابلۆیەکە بە نهێنی خەتخۆش (سەرتیب تایەر جەراح) لە شاری کۆیە دروستی کردبوو.



فەقێ شەریف (مام فەقێ پێبازۆکی)

# ژیاننامەی نووسەر



چنارۆك-٢٠٢١

# (رەهبەر سەید برایم)

•لە ساڵی ١٩٥٧لە شاری کۆیە لە دایکبووە.
•بەشی ڕۆژنامەنووسی لە شاری سلێمانی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواوکردووە و دیبلۆمی لە ڕۆژنامەنوسیدا وەرگرتووە.
•بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لە ڕاگەیاندندا وەرگرتووە.
•لە (١٩٧٩/٧/٣) وە، بۆتە پێشمەرگە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چوار جار بریندار کراوە.
•ساڵی (١٩٧٩) بووە بە ئەندام ناوچە، ساڵی (١٩٨١) کراوە بە لێپرسراوی ناوچەی کۆیەی (ی.ن.ك)، لەگەڵ دامەزراندنی (یەکێتی شۆڕشگێڕاندا) دا بووە بە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە (ی.ش.ك).
•ساڵی (١٩٨٣) بووە بە جێگری تیپی (٨٣) کۆیە ،ساڵی (١٩٨٤) بووە بەسەرتیپی (٩٣) ی کۆیە، ساڵی (١٩٨٧) بە سەرتیپی گوازراوەتەوە بۆ تیپی(٢٥)ی خاڵخاڵان.
•ساڵی(١٩٨٩) کراوە بە ئەندامی فەرماندەی گشتی (هـ.پ.ك)تاراپەڕین.
•ساڵی (١٩٩١)، لە راپەڕین لێپرسراوی میحوەری کۆیە بووە ، دواتر بووە بە ئامر بەتالیۆنی کۆیە، ئینجا فەرماندەی (٧) ی کۆیە.
•ساڵی (١٩٩٢) بووە بە قائیمقامی شەقلاوە، دواتر بووە بە سەرۆك ئەرکانی قیادەی مەنتیقەی هەولێر لە سوپای یەکگرتووی کوردستان، ئینجا بووە بە فەرماندەی قیادەی مەنتیقەی کۆیە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەی (١٥)ی قەرەچوغ لە هەولێر.
•ساڵی (١٩٩٦) بە مەبەستی چارەسەری برینی پێشمەرگایەتی بۆ نەشتەرگەری چووەتە وڵاتی هۆڵەندا، ساڵی (١٩٩٨) گەڕاوەتەوە کوردستان.
•ساڵی (١٩٩٩) بووە بە جێگر مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، دواتر بووە بە کارگێڕی فەرماندەی گشتی و سەرپەرشتیاری فەوجەکانی سکرتارییەتی هەڤاڵ (مام جەلال).
•لە ساڵی (٢٠٠١) بڕوانامەی کۆلێژی قەڵاچوالانی لە خولی یەك بە پلەی نایاب بە دەستهێناوە، سەرەتا بە (ملازم) و سەرەنجام بووەتە (لیوا).
•لە مانگی (١٠ساڵی ٢٠٠٥) وە، کراوە بە سەرۆکی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان.
•خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (ڕۆژنامەوان) و گۆڤاری (کەکۆن).
•سەرپەرشتیاری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.

•ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، ناسنامەی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی جیهانی هەیە.

•خەڵاتی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەوانی کوردستانی نوێ و بەدرخان و ڕێزنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، هەروەها خەڵاتی (عێراقیە وە العالم)ی دەزگای هەواڵی وەرگرتووە.

•مەدالیای پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاوەکانی لە لایەن جەنابی (مام جەلال)-ەوە پێ بەخشراوە، مەدالیای ڕێزلێنانی پێشمەرگەکانی (١٩٧٩) لە لایەن جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ك) وەرگرتووە.

•مەدالیای ڕێزلێنانی پێشمەرگە دێرینەکانی لە لایەن لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی وەرگرتووە ڕێزلێنانی درامای (گەردەلوول)ی وەرگرتووە.

•لە ٢٠١١/٨/٢٥ بە فەرمانی جەنابی مام جەلال بووە بە لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە بۆ ماوەی ٧ ساڵ.

•لە ٢٠١٨/٧/٢٣ بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی راکەیاندن (ی.ن.ك).

•لە ٢٠١٩/١٢/٢٥ لە کۆنگرەی ٤ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەکەم دەنگی هێنا لەسەر بازنەی کۆیە، بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی (ی.ن.ك)

•لە ٢٠٢٠/٦/٢١ لە دووەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەنگی یەکەمی هێنا.

•ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

•خاوەنی ٢١ کتێبە.

• لە دەستەی دامەزرێنەری دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی-یە، (PJTF)، مؤسسة الرئيس جلال الطالباني (منظمة غير حكومية).

**•بەرهەمە چاپکراوەکانی رەهبەر سەید برایم**

١- گرِدار - ٢٠٠٦

٢- پەیڤین لەگەڵ رِۆح - ٢٠٠٧

٣- سایەی هەیبەسوڵتان - ٢٠٠٨

٤- مەشخەڵان - ٢٠٠٩

٥- رِۆژنامەوانی لە کوورەدا - ٢٠٠٩

٦- بەبەختی حاجی - ٢٠١٠

٧-رِزگاری-(دەنگی یەکێتی شۆرِشگێرانی کوردستان) - ٢٠١١

٨-شنەی شاخ - ٢٠١٣

٩- شیشۆق - ٢٠١٤

١٠- پرِشنگەکانی کەکۆن - ٢٠١٤

١١-پرچی ئایشە و فاتمان - ٢٠١٧

١٢- رِزگاری(دەنگی یەکێتی شۆرِشگێرِانی کوردستان) بە بەرگێکی گەورەتر و جوانتر - ٢٠١٧

١٣- دیلانە و مۆزیك - ٢٠١٨

١٤-مەڵبەندنامە - ٢٠١٩

١٥- سێوەکەی دڵ - ٢٠١٩

١٦- خەندەی خەبات - ٢٠١٩

١٧- حەفتترینگە - ٢٠٢٠

١٨- دەستنووسەکانی ووردی - ٢٠٢٠

١٩- خێوەتی خارا - ٢٠٢١

٢٠- شا دارستانی ئاڤا و بڵند - ٢٠٢١

٢١- میدیانامە - ٢٠٢٢

٢٢-مشتوماهی - ٢٠٢٢